هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٠

سالّی/٢٠٠٢ ـ بەرگی سێ

---

چاپی یەکەم ٢٠٠٢

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٣/٢٥ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٣/٢٦ ل١٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٣/٢٧ ل٢٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ـ چوارشەممە ٢٠٠٢/٤/٣ ل٦٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ـ پێنج شەممە ٢٠٠٢/٤/٤ ل٨٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٤/٩ ل ١٢١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٤/١٠ ل١٥٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ـ یەک شەممە ٢٠٠٢/٤/١٤ ل١٨٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ـ دوو شەممە ٢٠٠٢/٤/١٥ ل٢٢٠

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٤/١٦ ل٢٧٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٢ ل٣٢٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ـ چوارشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٤ ل٣٤٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٩ ل٤١٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سیازدە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٥/٦ ل٤٥٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٥/٧ ل٥٢٠

لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــیـــدری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

رئاسة مجلس الوزراء

قرار

اسناداً الى أحكام الفقرة(١)من المادة(٥٦)من القانون رقم (١)لسنة١٩٩٢المعدل و بناء على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢اصدار القانون الاتي:

قانون رقم ( )لسنة ٢٠٠٢

قانون التعديل الاول لقانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان العراق المرقم (١٨)لسنة ١٩٩٩

المادة الاولي:

تعدل الفقرة اولا من المادة الثانية من القانون و تقرأ كالاتي:

اولا: يؤسس في مقر النقابة صندوق لتقاعد المحامين تحدد موارده ونفقاته و تدار من قبل هيئة بموجب احكام هذا القانون و تلحق بوزارة المالية والاقتصاد.

المادة الثانية:

تلغى المادة(٣)من القانون و تحل محلها ما يأتي:

١- تتألف هيئة الصندوق من ثلاثة اعضاء أصليين و ثلاثة اعضاء احتياط يمثلون كلا من وزارة العدل و وزارة المالية و الاقتصاد و نقابة المحامين.

٢- يرأس الهيئة ممثل من وزارة العدل و يمثل الصندوق امام المحاكم و الدوائر الاخرى.

٣- ترشح وزارة العدل العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين حكام الدرجة الاولي.و تختار وزارة المالية والاقتصاد العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين موظفيها الذين لاتقل درجتهم عن درجة مدير و ترشح نقابة المحامين العضو الاصلي و العضو الاحتياط من بين المحامين المستشارين.

٤- يعين وزير المالية و الاقتصاد اعضاء الهيئة المذكورة في الفقرة (٣)من هذه المادة لمدة سنتين قابلة للتجديد.

المادة الثالثة:

ا. يعدل الفقرة (٣)من المادة (٥)من القانون و تقرأ كالأتي:

٣- ١٠٪ من الاتعاب التي تدفع للمحامي عند توكيله في الدعاوي التي تنسبها له لجنة توزيع

الدعاوي بموجب قانون المحاماة.

ب. تضاف فقرة(٤)الى المادة الخامسة من القانون و تقرأ كالاتي:

٤- الهبات والوصايا للصندوق.

المادة الرابعة:

تعدل الفقرة (١)من ثانيا من المادة السادسة من القانون و تقرأ كالاتي:

ثانيا:

١- تستوفى بدلات الاشتراك عن كل سنة على الوجه الاتي:

أ - (١٥٠)مائة و خمسون دينارا اذا لم تمض على تسجيل المحامي ثلاث سنوات.

ب -(٢٠٠)مائتي دينار اذا لم تمض على تسجيل المحامي ثلاث سنوات الى خمس سنوات.

ج - (٢٥٠)مائتين و خمسون دينار اذا مضى على تسجيله اكثر من خمس سنوات الى عشر سنوات.

د - (٣٠٠)ثلا ثمائة دينارا اذا ما زاد على تسجيله اكثر من عشر سنوات الى خمس عشرة سنة.

ه - (٣٥٠)ثلاثمائة و خمسون دينارا اذا مضى على تسجيله اكثر من خمس عشرة سنة الى عشرين سنة.

و - (٤٠٠)اربعمائة دينار اذا مضى على تسجيله اكثر من عشرون سنة فما فوق.

المادة الخامسة:

تعدل المادة (١٢)من القانون و يضاف مايلي الى آخرها(والمنتمين الى النقابة عام ١٩٩٣)

المادة السادسة:

تعديل المبلغ الوارد في المادة(١٥)من القانون وجعل المبلغ (٧)سبعة دنانير بدلا من خمسة دنانير.

المادة السابعة:

يعدل المبلغ الوارد في المادة (١٦)من القانون و يصبح (٢٠٠)الفى دنيار بدلا من (١٥٠٠)ألف و خمسائة دينار.

المادة الثامنة:

تعدل المادة (٢١)من القانون و يحل محلها مايلي:

استثناءاً من احكام المواد السابقة تمنح الهيئة:

١- عوائل المحامين الذين اشهدوا من جراء الحركة التحررية الكردية راتبا تقاعدياً لايقل عن (٥٠٠)خمسمائة دينارا شهريا.

٢- عوائل المحامين المتوفين بعد تاريخ٢٣/١٠/١٩٩١(سحب السلطة للدوائر المركزية )و لغاية صدور قانون صندوق تقاعد المحامين رقم(١٨)لسنة١٩٩٩راتباً تقاعديا لايقل عن

(٢٥٠)مائتين و خمسين دينارا شهريا.

المادة التاسعة:

يلغى المادة (٢٤)من القانون.

المادة العاشرة:

لوزارة المالية و الاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الحادية عشرة:

على الوزارات المختصة تنفيذ هذا القانون.

المادة الثانية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كردستان.

الاسباب الموجبة للتعديل الاول لقانون صندوق تقاعد المحامين
لاقليم كوردستان العراق رقم (١٨)لسنة ١٩٩٩

حيث ان نصوص قانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان العراق رقم(١٨)لسنة ١٩٩٩ و الذي اعتبر نافذاً اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة(برلمان)بالعدد (٥٧)في ٢١/١٢/١٩٩٩قد جاء خالياً من بعض النصوص التي ظهرت خلال فترة تطبيقه و تنفيذه مما استوجب اعادة النظر فيها لاسيما عدم بقاء مبرر لبقاء بعض النصوص التي كانت تخص فترة انتقالية لصندوق تقاعد المحامين و بغية رفع المستوى المعاشي و الاجتماعي و الصحي و تحقيق الضمانات التقاعدية للمحامين حال حياتهم و لعوائلهم بعد وفاتهم و تكريماً للمحامين الذين ضحوا بدمائهم و استشهدوا في سبيل الحركة التحررية الكوردية ولزيادة تعزيز صندوق تقاعد المحامين و تفعيل دوره و الحاقه بوزارة المالية والاقتصاد للاقليم لتتولى هي مهمة تمويلها ولأجل ان تكون لوزارة العدل دور في تنظيم هيئة الصندوق باناطة مهمة رئاسة الهيئة الى حكام من الصنف الاول و ترشحهم وزارة العدل فقد اقتضى تشريع هذا القانون.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس.ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی دارایی و ئابوری ولیژنەی یاسایی دەکەین.تکایە خاڵی چوارەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری بەستنەوەی کتێبخانە گشتییەکانی سەر بە خۆجێیەتی لە پارێزگاکانی هەرێم بە وەزارەتی رۆشنبیری، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــيـــدری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار/

تاريخ القرار / /٢٠٠٢

قرار

استناداً الى أحكام الفقرة (١)من المادة(٥٦)من القانون رقم(١)لسنة١٩٩٢ المعدل و بناء على ما عرضه وزير الثقافة و وافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلستة المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٢ما يلي:

اولا/ فك ارتباط المكتبات العامة التابعة للأدارات المحلية في الأقليم و جميع موظفيها من وزارة الداخلية و الحاقها بوزارة الثقافة.

ثانيا/ تؤول ممتلكات المكتبات المذكورة و أموالها و موجوداتها الى وزارة الثقافة.

ثالثاً/لايعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القرار.

رابعاً/على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

خامساً/ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د .روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

زۆر سوپاس. ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و ناوخۆ و رۆشنبیری ودارایی دەکەین. تکایە دوا خاڵ، خاڵی پێنچەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری هەموار کردنی مادە(٣٧)لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە(٢٤)لە ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصح حـــــیــــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

رئاسة مجلس الوزراء

قرار

استناداً الى احكام الفقرة(١)من المادة(٥٦)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢ و بناء على ما عرضه وزير المالية و الاقتصاد و وافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢مايلي:

١ ـ اذا انقطع الموظف عن دائرته بدون عذر مشروع لمدة ثلاثين يوما خلال السنة التقويمية يعتبر مستقيلاً سواء كان الانقطاع بصورة مستمرة او متقطعة.

٢ـ لايعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القرار.

٣ ـ على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

٤ ـ ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس.ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دەکەین.

بەڕێزان لێرەدا کوتایی بە کۆبونەوەی ئەمرۆ مان هات ودانیشتنی سبەینێمان سەعات (١٠)ئەبێت ئەویش بۆ باس کردنی وتارە مێژووییەکەی جەنابی سەرۆک کاک مەسعود بارزانی. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی قسەیان هەیە لەم بارەیەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو وتارە و باس کردنی تکایە پێش جەلسەکە خۆیان ناو نووس بکەن لای بەڕێز سکرتێری ئەنجومەن و زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدلله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

خاوەنی (٣٨٢) شەهیدی مامۆستان لە مامۆستا حەسیبی لە بیر نەچۆوە تا مامۆستا فەرەنسۆ هەریری و، ئومێدەوارین پرۆسەی پەروەردە چاکتر و باشتر لە کوردستاندا جێ بەجێ بکرێت و، هەروەها نەهێشتنی نەخوێندەواری بەجۆرێک بێت ئێمە شان بە شانی ولاتانی پێشکەوتوو دەوری خۆمان ببینین و مامۆستایانی کوردستانیش وەک پێشمەرگەیەکی ماندوو نەناس لەو مەیدانە دەوری خۆیان ببینن و، سوپاس و پێ زانینمان بۆ دەزگای شەرعیەت لە کوردستان، هەر بژین بە شادی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمەش بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، پیرۆزبایی لە هەموو مامۆستایانی کوردستانی عێراق دەکەین بە دەرچوونی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی عێراق لە هەمان کاتیشدا سوپاسمان ئاراستەی هەموو ئەو لیژنانە دەکەین کە کاریان لە پێگەیاندنی ئەم یاسایە کردووەو هەموو ئەندامە بەڕێزەکان کە کاریان تێ کردووە و چ بە پێشنیار، چ راستەوخۆ بۆ چاک کردن و گەشە کردنی ئەم یاسایە، هیواداریـن یاسایەکە ببێتە مایەی پارێزگاری لە مافەکانی مامۆستایانی کوردستان و چاک کردنی باری گوزەرانیان، هەروەها هیوادارین کە یاساکە ببێتە مایەی پێشکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێر کردن لە کوردستاندا، جارێکی تر سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین.

ئێستا بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێک پشوو دەدەین، پاش ئەوە دێینەوە بۆ برگەی دووەمی کاروباری ئەمڕۆمان.

پاش پشوودان..........

ئێستاش دەچینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان ئەویش:

٢ ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان).

بۆ ئەم مەبەستە تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی و ئەندامێکی لیژنەی دارایی دەکەم کە بفەرموون بۆ سەر سەکۆیەکە.

بەڕێز کاک محەمەد سەعید یەعقوبی و بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموون، لیژنەی یاسایی تکایە رای خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المجلس الوطني لكوردستان العراق

كوردستان ـ اربيل

لجنة الشؤون القانونية
العدد: ٨
التاريخ: ٢٠٠٢/٤/٦

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم
م/رأي اللجنة

كتابكم المرقم ك/ ١٥ والمؤرخ (٢٠٠٢/٣/٢٨)
إجتمعت اللجنة القانونية في المجلس الوطني للنظر في مشروع التعديل الاول لقانون هيئة صندوق تقاعد المحامين في اقليم كوردستان العراق المرقم (١٨) لسنة ١٩٩٩. وبعد قيام اللجنة بدراسة ومناقشة المشروع المذكور من كافة الجوانب ايدت اللجنة بالاجماع مشروع التعديل للمبررات الواردة في اسبابه الموجبة وذلك بعد الاخذ بنظر الاعتبار الملاحظات والمقترحات المدرجة ادناه راجين التفضل بالاطلاع وعرض المشروع على المجلس الوطني للمناقشة وابداء الرأي.

مع فائق التقدير

الملاحظات والمقترحات:
١ ـ بالنسبة للمادة الثانية من المشروع: « تقترح اللجنة جعل المدة الواردة في الفقرة الرابعة من المادة الثالثة من القانون سنة واحدة بدلاً من سنتين »
٢ ـ بالنسبة للمادة الثالثة من المشروع: « تقترح اللجنة جعل النسبة الواردة في الفقرة (٣) في المادة الخامسة من القانون ١٥٪ بدلا من ١٠٪ من الاتعاب التي تدفع للمحامي عند توكيله في الدعاوي التي تنسبها له لجنة توزيع الدعاوي.
٣ ـ بالنسبة للمادة الرابعة في المشروع: « إضافة الى التعديل الوارد في المشروع بشأن الفقرة (١) في البند ثانياً في المادة السادسة من القانون تقترح اللجنة مايلي:
١ ـ تعديل البند ثالثاً من نفس المادة في القانون وإعادة صياغتها وعلى الوجه الاتي:
{ يدفع المحامي بدلات إشتراكات الصندوق دفعة واحدة خلال شهر كانون الثاني من كل سنة وفي حالة التخلف عن موعد الاستحقاق تضاف نسبة (٥٠٪) من بدل الاشتراك السنوي}.
٢ ـ تعديل البند سادسا من نفس المادة من القانون وإعادة صياغتها وعلى الوجه الاتي:
«على الدوائر الرسمية والاشخاص المعنوية أن تستقطع النسب المقررة قانونا من بدل أتعاب المحامي وتحويلها الى الصندوق مباشرة».
٤ ـ بالنسبة للمادة الخامسة من المشروع: «تقترح اللجنة إلغاء المادة الخامسة من المشروع والخاصة بتعديل المادة الثانية عشرة من القانون.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**
زۆر سوپاس، رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەوەیە:

المجلس الوطني لكوردستان العراق

كوردستان - اربيل

لجنة الشؤون المالية والاقتصاد

العدد: ج/٥

التاريخ: ٢٠٠٢/٤/١٠

الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ تعديل قانون صندوق تقاعد المحامين

تحية وإحتراماً

كتابكم المرقم ك/١٥ في ٢٠٠٢/٣/٢٨ والمرفق به التعديل الاول لقانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان العراق المرقم (١٨) لسنة ١٩٩٩ والمرسل من قبل رئاسة مجلس الوزراء بالكتاب المرقم ٢٥٤ في ٢٠٠٢/٣/١٩.

إجتمعت لجنتنا يوم الاربعاء ٢٠٠٢/٤/٣ و ٢٠٠٢/٤/٩ لدراسة ومناقشة المشروع المذكور أعلاه. وبعد الدراسة والمناقشة ندون ادناه توصياتنا بالاغلبية:

١ - الديباجة غير موجودة ومن الضروري كتابة الديباجة بصورة صحيحة وتصحيح السطر الثاني وتقرأ كالاتي: « ماعرضه وزير شؤون مجلس الوزراء ووافق عليه مجلس الوزراء».

٢ - المادة الاولى: ليس من الصواب الحاقها بوزارة المالية والاقتصاد لكون الصندوق خاص بالمحامين ويمارسون مهنة حرة.

٣ - المادة الثانية: في الفقرة (٣) إحلال كلمة (الحكام) بدلاً من (حكام الدرجة الاولى) وفي السطر الثالث إحلال كلمة (مجلس) قبل (نقابة المحامين) وتقرأ «ويرشح مجلس نقابة المحامين». وفي االفقرة (٤) من هذه المادة تقرأ كالاتي «تعين وزارة المالية والاقتصاد اعضاء الهيئة المذكورة في الفقرة (٣) من هذه المادة لمدة سنتين قابلة للتجديد».

٤ - المادة الثالثة: فقرة (ب) نرى من الضروري حذف هذه الفقرة حيث اصل المادة متكونة من خمس فقرات فكيف تضاف فقرة (٤) علما بأن أصل الفقرة موجودة في القانون وتسلسلها فقرة(٤).

٥ - المادة الرابعة: تعدل المبالغ في الفقرات وتكون كالاتي:

أ - ٢٥٠ دينار.

ب - ٣٠٠ دينار.

ج - ٣٥٠ دينار.

د ـ ٤٠٠ دينار.
ه ـ ٤٥٠ دينار.
و ـ ٥٠٠ دينار.
٦ ـ المادة الخامسة: تحذف هذه المادة من المشروع ولا حاجة لتعديلها.
٧ ـ المادة السادسة: لا نوافق على تعديل المادة (١٥) من القانون الاصلي حيث مبلغ (٥) دنانير شهريا لاحتساب المدة كافية.
٨ ـ المادة السابعة: حذف هذه المادة من المشروع حيث لا نوافق على تعديل المادة (١٦) من القانون الاصلي.
٩ ـ المادة الثامنة: الفقرة (١) تعديل المبلغ الى (٩٠٠) دينار شهرياً ويقرأ كالاتي (عوائل المحامين الذين استشهدوا من جراء الحركة التحررية الكوردية راتباً تقاعدياً لايقل عن (٩٠٠) ديناراً شهرياً.
١٠ ـ الاسباب الموجبة: حذف عبارة « والحاقه بوزارة المالية والاقتصاد للإقليم لتتولى هي مهمة تمويلها ».

هذا ولكم الأمر مع التقدير

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، فەرموو كاك بورهان.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
من هەروەكو ئەندامێكم لە لیژنەی دارایی و، هەروەها ئیش دەكەم لە نەقابەی پارێزەران سەرۆكی دەستەی سندووقی خانەنشینی پارێزەرانم، زۆر ئاگادارم لە وەزعی كە ئێستا سندووق تێیدایە و، ئەو مەوردەی هەیەتی، بەڕاستی سوپاسی وەزارەتی دارایی دەكەین كە مینحەیەكمان دەداتێ و، ئێستا منحەكە گەڕاوەتەوە بۆ نیو، لەبەر ئەوە ئێستا ئەم پرۆژەیەی تەقدیم كراوە و گەیشتۆتە پەرلەمان، لەبەر ئەوەی هەندێ كەموكوری لە ناو مادده یاساییەكە هەیە (یاسای سندووقی خانەنشین) دەمانەوێ تەعدیل بكرێت و ئەو كەموكوڕیانەی تێدایە چاك بكرێت، بەڕاستی ئێستا سندووقی خانەنشین پاش ئەو یاسایەی كە كرا لە ساڵی ١٩٩٩ بە سوپاسەوە خانەنشینی پارێزەران ئێستا زیاد بووە لەگەڵ ئەو خانەنشینەی كە ئەوسا وەردەگیرا، ئێستا تەقریبەن(١٧) خێزانمان هەیە، بەپێی یاسای كۆن خانەنشینی هەر یەك لە پارێزەران ناگاتە (١٢٠) دینار، ئێمە وەكو لە موئتەمەر كە دەنگی لەسەر درا، بۆ ئەوەی وەزعی خۆمان چاك بكەین و زائیدەن ئەو یارمەتیەی كە لە حكومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی بۆمان دێت رسوومانمان زیاد كردووە،

رسووماتی ئەو پارێزەرانەی کە ئیشتیراک دەکەن لە سندووقی خانەنشین و نەقابەی پارێزەران رسووماتمان زیاد کردووە، ئەو یاسایەی کە ئێستا دەرچووە، ئەو تەقاعودیەی کە ئێستا بە پارێزەران دەدرێت، بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین نەگەڕێینەوە یارمەتیان بدەین، بەڕاستی ئەو رسووماتەی کە ئێستا بەڕێزتان و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەیبینن، کە ئێمە رسووماتمان موزاعەف کردووە، ئەو رسووماتەی کۆن کە ئێستا وەریدەگرین زۆر زۆر کەمە، ئەگەر بەڕێزتان بفەرموون پاش من ئەو رسووماتەی کە بە یاسای کۆن وەریدەگرن هەر زۆر کەمە لەگەڵ ئەوە ئێمە ئێستا زیادیشمان کردووە، بەڕای من لە لیژنەی دارایی، تەبعەن موخالیفی بەڕێزان ئەندامان و سەرۆکی لیژنەی داراییە، چونکە ئەوان زۆر بۆچوونیان گونجاو نەبوو لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی من کە لە لیژنەکەماندا وتم، بۆیە من داوای لێبوردنم کرد و، تەحەفوزم کرد لەسەر بڕیاری راپۆرتی لیژنەکەمان، ئەو بۆچوونانەی کە ئێستا کاک جەمیل خوێندیەوە، ئەوە هەندێ رایە لە برادەران و، رای منی تێدا نیە، چونکە من لە وەزعەکە دەزانم سندووقی خانەنشین مەوردێکی زۆر زۆر کەمی هەیە، پارێزەران شایەنی ئەوەن کە تەقاعودیەکی گونجاو وەربگرن، خێزانی وامان هەیە ئێستا تەقاعودیەکانیان کە دێن وەربگرن، بەڕاستی تەقریبەن پێنج شەش مانگ تەئخیری دەکەن، بۆ ئەوەی کە شتێک هەبێت بیبەن بۆ ماڵەوە، بەڕاستی هەر تەقاعودی (٩٠) دینارە یان (٨٠) دینارە یان (١٠٠) دینارە لەوە زیاتر نییە، لەبەر ئەوە هیوادارم وەکو ئەو راپۆرتە بێت کە لە لیژنەی یاساییەوە هاتووە، پشتگیری دەکەم و برادەرانیش پشتگیری بکەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راپۆرتی لیژنەی دارایی هی لیژنەکەیە، مومکینە جەنابت تەحەفوزت کرد بێت، بەس بە زۆری تەئیدییان کردووە، لەبەر ئەوە راپۆرتی لیژنەکە خۆیەتی، چاکیشە رای خۆت دەربڕی، تەبیعی بە گفتوگۆ کردنی یاساکە مادده بە مادده، ئەو وەختە دەتوانی رای خۆت جارێکی تر تەرح بکەیت دەربارەی هەر ماددەیەک، هەروەکو بۆ ئەندامانی بەڕێزی تریش هەیە رای خۆیان تەرح بکەن، بەس بەنیسبەت ئەو مەوزوعەوە ئیلحاقی سندووقەکە بە وەزارەتی دارایی، ئەوانەی موافەقەتی وەزارەتی لەسەرە، لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین بیکەین بە یاسا و بە بڕیار، ئەگەر وەزارەتەکەش موافیق نەبێت لەسەر ئەوە، تەسەور دەکەم ئەوە ئیشکالە بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئەو مەوزوعە کراوە، ئێمە ئەوە دوو ساڵە پێوە خەریکین بە حەقیقەت، ئەوە یەک لە داواکارییەکانی پارێزەرانە لە کۆنگرە، وەکو راسپاردەیەکی کۆنگرە و هەیئەی سندووق تەخویل کرا کە ئەم پرۆژەیە ئامادە بکات و، چەندین لیژنەمان تەشکیل کردووە لەناو

پارێزەران تاوەکو ئێستا تا بەو ئەنجامە گەیشتینە، هەیئەی سندووق مومەسیلی وەزیری دارایی تێدایە کە مدیری عام دەیکات، پاشان چووەتە تەدوین قانونی لەوێش موافەقەت کراوە، هاتۆتە ئەنجومەنی وەزیران وتەبەنی کردووە و بووەتە پرۆژەیەک، بۆیە داواکاری پارێزەرەکان ئەوەیە کە ئیلحاق بکرێت بە هەیئەی سندووق، چونکە لە حەقیقەتدا پەیوەندیەکی زۆر پتەو هەیە لەنێوان هەیئەی سندووق و نێوان وەزارەتی دارایی، بۆ نموونە:

یەکەمینیان: نوێنەری وەزارەتی دارایی ئەندامە لە هەیئەی سندووق بە سیفەتی مدیری عام.

دووەم: مینحەی هەیئەی سندووق هەرچەندە منحەیەکی موتەوازیعە وەزارەتی دارایی دەیدات.

سێیەم: بڕیارەکانی هەیئەی سندووق ئەگەر هاتو ئیعتیرازی لەسەر بکرێت لە وەزارەتی دارایی ئیعتیرازی لەسەر دەکرێت لە هەیئەی تەدقیقی قەزایای خانەنشین.

چوارەم: تەعلیماتی تایبەت بە ئوجوری پارێزەران لە لایەن وەزارەتی داراییەوە دەردەچێت، هەموو هەیئاتی سندووق هی حکومەتی مەرکەزی مەربوت بوون بە وەزارەتی دارایی، لەگەڵ ئەوەش هەیئەی سندووقی خانەنشینی پارێزەرانی ئێمەی ئێستا هەتاکو ١٩٩٩ مەربوت بوو، چونکە قانونی بەغدا نافیز بوو، بەڵام رەنگە بە هەڵەیەک ئەم برگەیە هەڵگیرا، دوایێ ئەنجومەنی وەزیران تەمویلەکەی هەڵگرتووە، تەنها ئیدارەکەی داوەتە دەست وەزارەتی دارایی، هیواداریین ئەم برگەیەمان بۆ تەسبیت بکەن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەلایەن وەزیری داراییەوە.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان مامەندۆ/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای ئێمەوە ئەوەی کە گرنگە تەمویلەکەی لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووریەوە نەبێت، چونکە پارێزەرەکان فەرمانبەر نین، ئێمە بۆ هیچ نەقابەیەک و سەندیکایەک تەمویلەکەی لە لایەن وەزارەتی دارایی نەکراوە، بۆیە لابردنی تەمویلەکە و هەڵگرتنی رەنگە کێشەکەمان چارەسەر ببێت، چونکە ئێمە وەزعی دارایی ئێمە تەحەمولی ئەوە ناکات کە تەمویلی سندووقی نەقابەی پارێزەران بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا موناقشەی ئەو ماددەیە ناکەین، تکایە با ماددە ماددە دەست پێ بکەین، فەرموو ماددەی یەکەم بخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحیم

باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
إستناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء، شرع المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢ القانون الاتي:
قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٢
قانون التعديل الاول لقانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان العراق المرقم (١٨) لسنة ١٩٩٩
المادة الاولى:
تعدل الفقرة اولا من المادة الثانية من القانون وتقرأ كالاتي:
اولاً: يؤسس في مقر النقابة صندوق لتقاعد المحامين تحدد موارده ونفقاته وتدار من قبل الهيئة بموجب احكام هذا القانون وتلحق بوزارة المالية والاقتصاد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
دیباجەکە وازیح نەبوو( بناء علی ما عرضە مجلس الوزراء) وا هاتووە، چۆنتان نوسیووە دیباجەکە (بناء علی ماعرضە مجلس الوزراء) خۆی دەبێت (مجلس الوزراء) عەرزی بکات، قانونەن (مجلس الوزراء) دەبێت بینێرێت بۆ پەرلەمان، لیژنەی یاسایی تێبینیان لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لیژنەی دارایی تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
کە باسی تەدوینی قانونی کرا لەم دانیشتنە، تەدوینی قانونی موافیق نەبووە لەسەر ئەم گۆڕانکاریە و تەعدیلاتانە، بەڕێز بورهان جاف خۆی تەمسیلی نەقابەی کردووە لەوێ تەدوینی قانوونی موافەقەیان نەکردووە، هەروەکو بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری فەرمووی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
یەک دەقیقە کاک جەمیل بەو ئیتیجاهە قسە بکە کە گفتوگۆیەکانی لەسەر بێت، ئێمە دەڵێین

ماددەکان، رات لەسەر ماددەی یەک، ماددەی یەک کە هاتووە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە بۆ پەرلەمان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، ئینجا لەناو ئەنجومەنی وەزیران کێ موافیقە و کێ موافیق نیە، پەیوەندی بە ئێرەوە نیە، تێبینیت لەسەر ماددەی یەک چیە فەرموو بلێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێبووردن دەکەم، لێرەدا هاتووە (وتلحق بوزارة المالیة والاقتصاد)، رای لیژنەی دارایی و ئابووری ئەوەیە ئەڤ تەعدیلە نێتە کرن و ئیلحاق نێتە کرن ب وەزارەتا دارایی و ئابووری، چونکە ئێک وەزارەتا دارایی و ئابووری هەیە، قانون و نیزامی خۆی هەی و، شتی زۆر گرنگ ژی ئەوە تەمویلە، ئەگەر ناحیە فەنی بێت ناحیە تەمویل، ئەسبابی موجیبە هاتیە گوتی (لتتولی وزارة المالیة والاقتصاد تمویل الصندوق) ژی بەر هەندێ ئەمن گەل ڤێرێ نینم (وتلحق بوزارة المالیة والاقتصاد) شی ناحیە تمویلێ، ئەگەر ئەسبابی موجیبە بێتە حەزف کرن (لتتولی هي مهمة تمویل) ژ مەبەستا مە مەسەلە داراییە و کو نەبێتن تەشکیلاتی ویزارەتێ یێ دروست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزمدا بۆ کاک جەمیل مەوزوع لێرە لە ماددە یەک هاتووە دەڵێ (وتلحق بوزارة المالیة والاقتصاد) قەسدی ئەوە نیە یەعنی راستەخۆ تەمویلی بکات، ئێمە خۆمان ئیشتیراکاتی پارێزەرمان هەیە و دوای ئەوە دەعم دەکرێت لە لایەن پارێزەرەکان و ئیشتیراکاتی لەم تەعدیلە تازە کە ئێستا دەکرێت، یەعنی ئیشتیراکات زیاد بووە، قەسدمان لێرە لە ماددە یەک ئەوەیە لە کاتێک ئەگەر عەجزێکی تووش بوو ئینشاء الله تووشیشی نابێت، ئەگەر عەجزێکی تووش بوو ئەوە وەزارەتی دارایی دەعمی بکات، ئەگەر ئیجازەم بدەی هەروەکو چۆن هاتووە لە قانونی نەقابەی پارێزەرانی مەرکەز رەقم (٦٨) لە ساڵی ١٩٦٩ دەرچووە ماددەی سێ برگە یەک هەمان شت دەڵێ، دەڵێ (وتلحق بوزارة المالیة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بورهان تێبینیەک لە ئەسبابی موجیبە ئیشارەتێکی وازیح بە تەمویلدا هەیە، فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رازین و هەروەها وابزانم لیژنەی یاساییش رازیە بۆ ئەوەی ئەوە نەمێنێت لە ئەسبابی موجیبە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕای ئێمە ئەگەر ئیشارەتێکی وازیحیش هەبێت ئەو ئیلحاقەی بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، مومکینە وازیح بێت و ئەو ئیشکالە حەل بکرێت، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەتێک هەیە حەز دەکەم ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی بەڕێز بزانن، هەیئەی سندووق لە رۆژی دروست بوونیەوە هەتاکو ئێستا مووچەی خانە نیشینەکانی بەشێوەیەکی رێکوپێک داوە لەسەر ئەساسی تەمویلی زاتی بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە وەزارەتی دارایی ئەوە جەنابی وەزیری دارایی دانیشتووە، ئەو پارەیەی کە بۆ ئێمە دابین کراوە وەکو هیئەی سندووق (١٠٠٠٠) دینار بووە، ئێستا بوویتە (٥٠٠٠) دینار، ئێمە تەنیا مووچەی خانەنیشینیمان ئێستا مەبلغێکی وا زۆر نیە دەتوانین دەفعی بکەین لە سنووری (١٠٠٠٠) دینارێکە دەفعمان کردووە، رەنگە هەتا ساڵێکی تر دەفعی بکەین ئیمکان هەیە بتوانین بەردەوام بین، پاش ئەوەی کە رسووماتەکە زیاد بکەین، ئێمە تەوازنێکمان داناوە لەنێوان رسومات و نێوان ئەو کەسانەی کە خانەنیشینی دەکەین و، بەرنامەیەکی تایبەتیمان هەیە کە تووشی عەجز نەبین لە دوا رۆژ، بۆیە بە حەقیقەت هیچ ئەرکێکی داراییمان لەسەر وەزارەتی دارایی نیە، هەرچەندە بەڕێز وەزیری دارایی مادی و مەعنەوی پشتگیری هەموو نەقابەکانی کردووە و، بەتایبەتی نەقابەی پارێزەران، بۆیە بە حەقیقەت ئەگەر ئەوە بێت ئێمە لەسەر ئەساسی تەنسیق و هاوکاری و تەعاونیش دەکەین بە حەقیقەت، نەک لەسەر ئەساسی وەڵلا من ئەوەم ئیلحاق کردووە بە وەزارەتی دارایی وەڵلا دوایێ داوای تەمویلی بۆ بکەم، نەک لەسەر ئەو ئەساسە، بەڵکو لەسەر ئەساسی تەنسیق و هاوکاریە، بۆیە بە حەقیقەت دانانی ئەو برگەیە زۆر زۆر گرنگە لە لای ئێمە، چونکە مەعقوولیش نیە هیئەی سندووقی خانەنشینی نەقابەی پارێزەران وا بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی سەر بە هیچ ئیدارەیەک بێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە لەسەر ماددەی یەک تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، لێرە ئیشارەت بە یەک شت دەدەین، مەبدەئی مەوزوعەکە گرنگە، ئەگەر مەوزوع تەمویل بێت، ئەوە سبەینێ هەموو نەقابات دەگرێتەوە، چونکە تەنیا حەسر نابێت بە نەقابەی پارێزەران و پارێزەر، ئەو وەختە هەموو

نەقابات دەگرێتەوە، دەبێت بە ئیلتیزامێکی گەورە بەسەر حکومەتی هەرێم، ئایا حکومەتی هەرێم دەتوانێت بەو ئیلتیزامە هەستێت یان هەڵنەستێت، ئەوە پرسیارەکەیە، ئینجا ئەوە مادام بە یاسا دەردەچێت، دەبێت وازیح بێت، حکومەت ئیلتیزامی هەیە بەرامبەر بە نەقابە، بەس ئیلتیزامەکەی بە تەئکید لە سنووری ئیمکانیاتی خۆیاندایە و، ئەو ئیلتیزامە تاکو ئێستا بەو شێوەیە بووە، رۆژێ زیادە رۆژێ کەم دەبێتەوە بەپێی وەزعی دارایی بڵێین وەزارەتی دارایی، تا ئێستا وا ئیشەکە کراوە، ئینجا ئێمە لە ئێستاوە بێین شتێکیان لەسەر تەحدید بکەین، سبەینێ هەر ئەرکێکی گەورەتر دەخەینە سەر شانیان دەبێت خۆیان بڕیاری ئەوە بدەن، یەعنی لەو ناحیەیە دەبێت خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن، چونکە گرنگی جێ بەجێ کردنی بە بەردەوامی ببینن، جا ئەگەر نەیانتوانی تەقدیری ئەوە بکەن من تەسەور دەکەم یاسایەک بەو ئیتیجاهە دەربکەین زەرەری زیاتر دەبێت لە قازانجی، بەس ئەگەر بە شێوەیەکی وا بێت بتوانن جێ بەجێی بکەن و بە بەردەوامی جێ بەجێی بکەن ئەو کاتە قازانجە بۆ هەموو لایەک و شتێکی خراپ نیە، ئەو ناوانەی نووسراون بەڕێزان:

١ ـ کاکەڕەش محمد نقشبندی
٢ ـ ملا محمد طاهر زین العابدین
٣ ـ حمید سلیم میران
٤ ـ ابراهیم سعید محمد

کەسی تر هەیە دەویەوێت قسە بکات، بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەو ماددەیە زۆر بە رێکوپێکی هاتووە، مەوزوعیش ئێمە وەک لیژنەی یاسا ئێستا باسمان کرد کە مەسەلە مەسەلەی تەمویلە لەو دیباجەیەی کە لە سەرەتای ئەسبابی موجیبە هاتووە، مەسەلەی تەمویل لەوێ نەمێنێت، هەر بڵێین (وتدار من قبل هیئة) بە ئیعتیباری ئیلحاقە و، ئەو مەسەلەیە کە دەڵێن ئیلحاقی وەزارەتی دارایی مەسەلە مەسەلەیەکی تەکنیکییە تەنیا، چونکە هەموو بڕیارەکانی سندووق خازعی تەدقیقە لە وەزارەتی دارایی، وەزارەتی دارایی تاکە جیهەتە بزانی بڕیاری سندووق لە جێگای خۆیەتی ئەو پارێزەرە وەکو پێویست خانەنیشنەکە رێکوپێکە بڕیارەکەیان راستە لە رووی یاساییەوە موتابیقە یان نا، لەبەر ئەوەی ئەگەر رەبت نەبێت بە دائیرەکەی یان ئیلحاق نەبێت بە دائیرەکەی، چۆن بێتن تەدقیقی ئەو سجلاتانە بکات، تەدقیقی ئەو بڕیارانە بکات، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە مەسەلەی ئیلحاق و، ئیلحاقیش تەمویل ناگرێتەوە، یەعنی زۆر دائیرە هەیە بە دائیرەی تر رەبت دەبێت لە زمنی میزانە، ئەسڵەن لە یاسا نەهاتۆتە خوارێ لەسەر ئەساسی میزانییەی وی تەحەمولی هیچ ئەرکێکی ئەوە بکات، ئیلحاق ناکات مانای ئەوەیە ئیلحاقی دارایی مادام بڕیاری ئەوە درا کە وشەی تەمویل لە ئەسبابی

موجیبە لابچێ و ئێمەش رازین، ئێستا وەک لیژنەی یاسا ئەو وشەیە لاببرێت لە ئەسبابی موجیبە، تەنیا ئیلحاقی بێت و ئیدارە بێت لە وەزارەتی دارایی و، هیچ مەسەلەی تەمویلی تێدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەعدیلەکە لێرەدا دەڵێ (وتدار من قبل هیئة) تەبعەن لەپێشدا هیئەتی سندووق پێناسە کراوە لەسەروەدا، من لەگەڵ ئەوەم لە تەعدیلەکە سندووقی هیئە ئیزافە بکرێت، جا ئیلحاقیش دەکرێت یان ناکرێت ئەوە بۆ موختەسین بەجێ دێلین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک حەمید میران فەرموو

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە سندووقی خانەنیشینی پارێزەرانە، یەعنی هی ئەو کەسانەیە کە لەلای حکومەت ئیش ناکەن و، خۆیان کار دەکەن و، سندووقی تریشمان لەوەو پێشتر زۆر بووە کە دانراوە هەر هەمووی نەدراوە بە ئیدارە کردنی بۆ وەزارەتی دارایی ، ئێمەش وای بە چاک دەزانین کە شتی تایبەت نەکرێت، چونکە لە کۆتاییدا ئەوانی تریش دەگەڕێنەوە دەڵێن ئێمەش ئیلحاق بکەن بە وەزارەتی دارایی و، ئەمە لەبەر ئەوەی خۆیان ئیش دەکەن بۆ خۆیان و خۆشیان پارە دادەنێن بۆ ئەوەی سندووق بیانداتەوە، بەڕای من هەر تابعی خۆیان بێت چاکترە، یەعنی ئەندامی وەزارەتی دارایی هەبێت بۆ بەشدار بوون، بەڵام نەک ئیلحاق بێت بە وەزارەتی دارایی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو پرسیارە ویستم ئاراستەی جەنابی وەزیر بکەم وەزیری دارایی، بەس پێش ئەوەی قسە بکەم بۆ جەنابت، ئەو موداخەلانەی من تەقریبەن لەسەر هەمان بۆچوون بوون، تەبعەن هەدەفا سەرەکیا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمێ کوردستانێ و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبەکانی موئتەلیف گەل هەدەفا ئەوان هەموویا وەکو ئیسعادە هاوولاتی کوردستانی تکەن و ژیانەکا باشتر

بۆ وان دابین کەن، ئەگەر ئەم تەماشا بکەین پێش ئێستا دوو سەندیکا، سەندیکای هونەرمەندی کوردستانێ و سەندیکای صەحەفی کوردستانێ دوو پرۆژ یەت قانونا سندووقا تەقاعودێ ئاراستەی پەرلەمانێ کوردستانێ کرد بوو، بەس ئەمە ماوەیەکە نازانم بۆ حکومەتی زڤرییە یان چییە، هەر وەسا بە زانینە من کو سەندیکای ئەندازیارێت کوردستانێ دەبێ ماوەیەک خۆ ئامادە بکەن، کو پرۆژەی یاسا سندووقا موتەقاعیدی موهندیسین ئەو ژی تەقدیمی پەرلەمان دکەم، بێژە ئەگەر هاتوو ڤێرە تسبیت بوو کو مولحق ببیتن ئەڤ سندووقە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری تەبعەن شەریحی دەفنە هەمی وەکی یێکن، هاوولاتی هەمیا بێتە نەزرەکی عەدلانە بەرێ خۆ بدەینێ هەمان سەندیکایە، ئەو حەقەی هەی کو ئەو ژی مولحق بن ب وەزارەتی دارایی و ئابووری، چونکە دیسان پارەش ژوان دێتە وەرگرتن بۆ سندووقێ، تەبعەن ئیلحاقی وێ ویزارەتێ زەمانەکە بۆ ژیانەکا باشتر بۆ هەموویان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر جەنابتان ئیجازە بدەن وەڵامی ئەو بۆچوونانەی کاک ئیبراهیم و کاک حەمید بدەمەوە، لەگەڵ ڕێزمدا، ئەو سەندیکانای تر ئەوانەی تر وەزارەتی خۆیان هەیە، بەس فەرمانبەرن، یەعنی پارێزەر ئیشێکی سەربەخۆ دەکات پەیوەندی بە هیچ وەزارەتێکەوە نییە، تاکو بە وەزارەتی دادەوەش نیە، هەم ئیشەکەی سەربەخۆیە و فەرمانبەر نیە، دوای ئەوە ئەو مینحەیەی لە وەزارەتی داراییەوە پێی دەدرێ شتێکی وا نیە بتوانێت بە تەواوی ئیشەکان ببات بەڕێوە، ئەوە دەعمێکە دەعمێکی بۆ دەکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە ئەگەر ئیلحاقی بکەین بە وەزارەتی دارایی و ئابووریەوە، یەعنی بۆ ئەوە نییە یەکسەر تەمویل بکرێت و ئەو ئیشتیراکانەی پارێزەر دەیدات هەمووی بۆ خۆیان سەرف بکەن، ئێمە بە بەردەوامی، نوێنەری وەزارەتی دارایی لە سندووق مەوجودە بە بەردەوامی ئاگای لە حیساب و مەساریف و ئیشوکاری دەستە هەیە، لەبەر ئەوە ئیشەکە سەربەخۆیە دەبێت زۆر بۆ ئەو مەوزوعە بچین کەوا ئیلحاقەکە بۆ ئەوە نیە، بەس تەمویلەکە بێت و تەواو، بەس ئیلحاقەکە بۆ ئەوەیە لە کاتێکدا ئەگەر عەجزێک دروست بوو، وەزارەتی دارایی بتوانێت یارمەتی ئەو عەجزە بدات، ئەو بۆچوونەی مامۆستا مەلا تاهیر ئەوە ئیزافەی سندووقە، ئەوە بەڕاستی لە ماددە یەکدا هاتووە (هیئە الصندوق)، ئەگەر ئیزافە بکرێت سندووقەکە باشتر و چاکترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستی وەکو ئاگادارم مومکینە هەموو برادەران ئاگادار بن، ئێک لە قووەتی ئەو ئیتیحادات و نەقابات لە کوردستان هەیە و کە قەوانینی ئەوان لە پەرلەمان هەر مەبدەئەکی ئەساسی تێدایە کە دەڵێ (ولها استقلال إداري ومالي) ڕاستە، وەکو مەبدەئەکی دیموکراتی، ئێمە کە هێزە و قووەتا بۆ ئەو ئیتیحادات و مونەزەمە کە حکومەت چ دەوری تێدا نەبێت ئان چ تەدەخول و یان ئیشراف بە هەر شتێکی بێت. دوو ڕاستی موازەنە بکەین لەنێوان بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تایبەتی، چونکە ئێمە گوتن نەقابە، نەقابەیەکی میهنیە و سەربەخۆیە و شەخسییە، وابزانم ڕایەک هاتە پێش کە خازیعە بۆ ڕەقابەی دارایی وابزانم هەموو ئیتیحادات و نەقابات خازیعن بۆ ڕەقابەی دارایی، وەکو من بزانم شتێکی ئوسوولیە ئەویش مەبدەئێکی عامە، وابزانم حکومەتی ژی هیچ حکومەتی مەی هەرێم تەقسیری نەکردووە بەشانی خۆ مەنح و هەیبە دابن بە ئەو ئیتیحادات و نەقابات ئو قەدر ئیمکان لەسەر وەزعی دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدري:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١ ـ لەوانەیە کاک ئیبراهیم وا تێ بگا، ئێستا بیست نەقابە هیئەی سندووقیان هەیە، ئەوەی لە پەرلەمان پەسند کرا هەتا ئێستا دوو سندووقە، یەک هی ڕۆژنامەنووسانە، یەکیش هی پارێزەران، هی هونەرمەندانیش نەکراوە، ئەوانی تر هەمووی فەرمانبەرن لە دائیرەی حکومی، یەعنی بەو شێوە فراوانە نییە کە کاک ئیبراهیم و برادەرانی تر تەسەروف دەکەن.

٢ ـ پارێزەر بەدرێژایی تەمەنی خزمەت دەکات هەر پارە دەدات، ڕسومات دەدات، کەینێ مرد یان پیر بوو هیچی پێوە نەما ئەوجا داوای خانەنیشین دەکات، یەعنی ئەو پارێزەرانە شەریحەکن لەو میللەتە کە برادەران نوێنەرانی ئەو شەریحەشن، هەر من نوێنەری ئەو شەریحەیە نیم بە حەقیقەت، یەعنی ئێمە کە دەڵێین ئیدارە بێت، فعلەن ئیدارە بێت زەماناتێکی دوا ڕۆژیە بۆ ئەو پارێزەرانە، مەوزوع ئەوە نیە ئێستا ئێمە دەچین یاخەی وەزارەتی دارایی دەگرین وەڵلا تەمویل بکات. وەزارەتی دارایی تا ئێستا مینحەی نەداینێ خۆمان کر کردووە، دەماندانێ سەرچاوان، نامانداتێ سەرچاوان، بەگوێرەی وەزع و زوروفی دارایی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سندووقە یەکەم مەقرەکەی لە نەقابەیە، ئەوەی ئیدارەی سندووقەکەش دەکات ئەوانیش هەر لە نەقابەنە، نازانم ئەو رەبتە بۆ لەگەڵ وەزارەتی داراییە بەڕاستی یەعنی من ئەسباب موجیبەی لێ نابینم، یەعنی بەخۆی سندووقەکە لە نەقابەیە ئەو خەڵکەی کە ئیشیش دەکەن سەر بە حکومەت نین، لە هەموو دنیا کە تۆ موئسەسات دادەمەزرێنی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی دەچی رەبتیان لەگەڵ موئسەساتی حکومەت کەمتر بکەیەوە خۆت تابعی وی نەکەیت، ئایا هەر نەقابەک لە دوا رۆژ مەفروز نییە ئیدارەی بۆ خۆی بکات و سیقەی بەخۆی بێت و بۆچی بارگرانی بخاتە سەر وەزارەتی دارایی وەکو ئەوەی سیقەمان بەخۆمان نەبێت ئەو نەقابانە دروست دەکەین، ناتوانین ئیدارەی سندووقێک بکەین یان شتێکی تر بکەین، بەڕاستی من بە ئیجابی نابینم بۆ دوور خایەن بۆ دوا رۆژ وا باشە ئێمە بیر بکەینەوە سیاسەتی پەرلەمان چییە؟ ئایا بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی دەچێ یان هەر خۆمان وەکو حکومەتی مەرکەزی بەغدا خۆمان رەبتی وەزارات و حکومەت دەکەین، پرسیارەکە لێرەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د. ئیدریس باسی ئەوەی کرد کە لە نەقابەیە، قەیدی ناکات لەوانەیە لە بینایەی نەقابە بێت، یەعنی دەتوانین لە جێگایەکی تر بێت ئەم ئیستیقلالێکی دارایی و ئیداری خۆی هەیە، یەعنی جیاوازە لەگەڵ نەقابەی پارێزەران، دوای ئەوە ئێستا لەم تەعدیلەش هاتووە، هەر ئێستا سەرۆکی ئەو دەستە ئەندامێکە لە نەقابەی پارێزەران، ئێستا لەم تەعدیلە هاتووە دەگۆڕێت، دەبێت بە حاکم ئەویش سەر بە وەزارەتی داد دەبێت، لەبەر ئەوە ئیستیقلالیەتی هەیە لەگەڵ نەقابەی پارێزەران لە رووی دارایی و ئیداری و، ئەو خزمەتی ئەو ختزانانە دەکات کە خانەنشین بوونە. وەکو چۆن هاتووە لە قاعیدە دەڵێ (المحامي قضاء واقف) قەزای واقیفە وەکو چۆن حاکم دانیشتووە ئەویش یارمەتی دەدات و بۆ ئەوەی بگاتە عەدالەت لە بڕیارەکانیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەعلیقەکەم لەسەر قسەکانی برای بەڕێزم کاک د. ئیدریسە، د. ئیدریس وا دەزانی ئێمە سەد ساڵە لە نەقابە و مونەزەمەینە، ئێمە تازە خۆمان تەئسیس کردووە هەمووی هێشتا نەکەوتینە سەر پێیان بە حەقیقەت، پێویستمان بە دەعم و هاوکاریە، کەی تەمەنی نەقاباتی ئێمە گەیشتۆتە (٢٥) یان (٣٠) ساڵ ئەو وەختی حیساباتی د. ئیدریس دێتە گۆڕێ و خزمەتی خۆیان بکەن بە ئیشتیراکاتی خۆیان خۆیان بەڕێوە ببەن، ئێستا نەقابە هەیە، بەڕێز وەزیری دارایی دانیشتووە، یەک مانگ مینحەی نەداتێ لەسەر پشت دەکەوی، وەزعەکە بەو شێوەیە، نەک بەو شێوەیەی د. ئیدریس دەڵێ، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو سێ جار دووبارە بۆوە لە برادەران کە وا دیارە بەس پارێزەران ئەون، ئەوانەی لە دەرەوەی حکومەت ئیش دەکەن و، سندووقی خانەنشین بۆیانە، تەبیعی وەکو ئەندازیاران بۆ ئەو ئەندازیارانەیە کە لە دەرەوەی حکومەت ئیش دەکەن، بۆ ئەو ئەندازیارانە نین کە لە ناو حکومەتدا ئیش دەکەن، لە موئەسەساتی حکومی ئەوانە تەقاعودی حکومەت وەردەگرن، بۆ ئەوانەیە وەکو پارێزەران ئەوانەش هەندێکیان لە دەرچوونیانەوە لە کۆلێژ دەچنە قیتاعی تایبەتی لەوێ ئیش دەکەن و ئیستقتاعاتیان لێ وەردەگیرێ و بۆ ئەوەیە کەوا وەکو پارێزەران، هەروەها دەرمانسازی و ئەوانی تریش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز حەلیمە بارزانی فەرموو.

**بەڕێز حلیمە حسین محمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن کە وتیان وەزارەتی دارایی و ئابووری واتا سندووقی تەقاعود ئیلحاق کراوە بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە، ئیلحاق لە پێناسەکەوە هاتووە لە سەرەتای یاساوە دەڵێ :

١ ـ الاقلیم: اقلیم کوردستان.

٢ ـ الوزارة: وزارة المالیة والاقتصاد.

٣ ـ الصندوق: صندوق تقاعد المحامین.

ئەوە تازە نییە، مولحەقە بەوی، پێناسەکە وایە لە یاسا، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لەسەر ئەم مەوزوعە زۆر رای جیاواز هەیە، جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری رای خۆی دەربڕی کە ئەو لەگەڵ ئەو نەصەدا نیە کەوا لێرەدا هاتووە، هەروەها لیژنەی داراییش هەمان رای هەیە لەناو پارێزەرەکانیشدا رای جیاواز هەیە، ئێستا پەیدا بوو، دەربارەی سندووق هەندێکیان دەڵێن تەمویلەکە نەکرێت، چونکە ئەم پرۆژەی کە هاتووە ئێستا لیژنەی یاسایی دیراسەی کردووە، ئەوان نووسیانە دەڵێن تەمویل بکرێت، لە ئەسباب موجیبەکە تەمویلەکەی تێدایە، کەواتە ئێستا رای جیا جیا پەیدا بوو، ئەگەر لە مادده دووش هاتووە دەڵێت: (یراس الهیئة ممثل من وزارة العدل ویمثل الصندوق امام المحاکم والدوائر الاخری) یەعنی بۆچی نوێنەری وەزارەتی دارایی تێدایە، بەڵام رەئیسی هیئەکە نوێنەری وەزارەتی دادە، من پێم وایە ئەمە تەئجیل بکرێت، بۆ ئەوەی باشتر دیراسەت بکرێت، دیارە ناگەینە ئەنجامێکی وا، ئەگەر تەئجیل بکرێت باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵی پرۆژە ئێمە داوای تەمویلیمان کردووە، نە دیوان موافەقەتی کردووە نە ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی کردووە، بەڵام لەسەر ئیلحاقەکە موافەقەتیان کردووە و، ئێمە هەموومان رامان یەکە لەگەڵ ئیلحاقەکە، بەنیسبەت تەمویلەکە کە دەڵێن لە ئەسباب موجیبە هەڵبگیرێت، با هەڵبگیرێت رەنگە لە ئەنجومەنی وەزیران لە بیریان کرد بێت، با ئێستا هەڵبگیرێت، یەعنی مەسەلەکە ئەوە نیە، جەنابی وەزیری دارایی لەسەر ئیلحاقەکەی موعارەزەی نیشان نەداوە وەکو برای بەڕێزم کاک د. ناصح ئیشارەتی پێدا، ئەو لەسەر ئەوەی موافیق بووە و ئەندامیشە لە ئەنجومەنی وەزیران بە حەقیقەت لەوێ، مەعقوولیش نییە لێرە رای جیاواز بدات، لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیر موافیقە ئێمە موافیقین تەمویلەکەش هەڵبگیرێت، داوا دەکەم لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەو ماددەیە بداتە دەنگدان، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئایا بەو سیغەیە رازیی کە نووسراوەتەوە.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان مامەندۆ/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە کە باسمان کرد کە تەمویلەکە عایدی وەزارەتی دارایی نەبێت، ئێمە وا حیسابمان کرد کە لەناحیەی هونەرییەوە مولحەق دەبێت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئێستا لە گفتوگۆی برادەران وا تێگەیشتم کە هەدەف لەو ئیلحاقە ئەوەیە ئەگەر عەجزێک پەیدا بوو وەزارەتی دارایی و ئابووری دەعمی ئەو عەجزە بکات، یەعنی ئێمە لەگەڵ تەئمینی عەجزەکەش رازی نینە، ئەگەر هەدەف لەو ئیلحاقە دەعمی عەجزیش بێت، کەواتە ئێمە دژی ئەو پێشنیارەین، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئێوە نیو موافیقن، پێشنیارەکەی بەڕێز سەرۆکی کوتلەی زەرد دەخەمە دەنگدانەوە، ئەو مەوزوعە دوا بخرێت تا ئیتیفاق بکرێت لەسەری، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی دەکەن ئەم مەوزوعە دوابخرێت دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا مەوزوعەکە تەئجیل بکرێت، سوپاس. بەڕێزان بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

| | |
|---|---|
| **فرست أحمد عبدالله** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |

٤- إضافة فقرة جديدة الى المادة السادسة وكالآتي:
«يحق لصاحب الامتياز تغيير رئيس تحرير المطبوع الدوري عند الضرورة وعليه إعلام الوزارة بذلك»

**المادة الثانية:**

تعدل المادة التاسعة لتكون بفقرتين حيث يبقى المتن الحالي على ماهو عليه ليكون الفقرة الأولى من المادة.

وتضاف فقرة جديدة اليها وتكون كالآتي:
«يخول وزير الثقافة في الاقليم صلاحية توجيه إنذار الى رئيس التحرير أو صاحب الامتياز أو كليهما في حالة مخالفتهما لأحكام هذا القانون وعلى رئيس التحرير نشر الإنذار في مكان بارز وفي أول عدد يصدر بعد تسلمه للإنذار»

**المادة الثالثة:**

تعدل الفقرة الأولى من المادة الثالثة وتقرأ كالآتي:
«تقام الدعاوي العامة الناشئة عن مخالفة أحكام هذا القانون من قبل الادعاء العام بعد إعلامه من قبل الوزارة. أما الدعاوى الناشئة عنها فتقام من قبل المتضرر»
تعدل الفقرة الثانية من المادة الثالثة وتقرأ كالآتي:
«لاتسمع الدعاوي الواردة في الفقرة الأولى من هذه المادة من قبل المحاكم بعد مرور ستة أشهر على تاريخ النشر في المطبوع الدوري أو البدء بالتوزيع في المطبوع غير الدوري»

**المادة الرابعة:**

تضاف فقرة أخيرة الى المادة (١٢) من هذا القانون وتكون برقم (٣) وتقرأ كالآتي:
«إذا احظر نشاط الحزب السياسي أو أغلق مقره بقرار قضائي فتسري أحكام هذا القرار على جميع المطبوعات التي تصدرها دوريةً كانت أم غير دورية وتلغى إجازة صدورها».

**د.روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک شێروان حەیدەری، پرۆژەی ئەم هەموارکردنە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەین بۆ دیراسەت کردن و دەربڕینی رایان دەربارەی. بەنیسبەت خاڵی دووەمەوە تکا لە بەڕێز کاکەرەش ئەکەم بفەرمویت بێتە ئێرە هەروەها بەڕێز کاک جەمیل عبدی سندی، خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان. بەڕێز

کاک شێروان فەرمووو دیباجە و ماددەی یەکەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شێراوان ناصح حیدری:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ماعرضه المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق ، قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ /  /٢٠٠٢ إصدار القانون الاتي :

**قانون رقم(  )لسنة٢٠٠٢**

**قانون التعديل الأول لقانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان ـ العراق المرقم(١٨)لسنة ١٩٩٩**

**المادة الأولى:**

**تعدل الفقرة اولاً من المادة الثانية من القانون وتقرأ كالاتي:**

**اولاً: يؤسس في مقر النقابة صندوق لتقاعد المحامين تحدد موارد و نفقاته و تدار من قبل هيئة بموجب أحكام هذا القانون و تلحق بوزارة المالية و الاقتصاد.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە ؟

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نییە لەسەر ماددەی یەک.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە ؟

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەبینم ئەم ماددەیە پێویست بە تەعدیل ناکات هەروەها بۆچی ئیلحاق بکرێ بە وەزارەتی دارایی و ئابوری بەبێ هۆ، تاکو بەرپرسیارەتی نەکەوێتە سەر وەزارەتی دارایی و ئابوری هەروەها چونکە ئەوە نەقابەکی میهەنییە نە مونتەسبی وەزارەتی دارایی و ئابورین، وەزارەتی دارایی و ئابوری هەیکەلی خۆی هەیە ویاسای خۆی هەیە و نیزامی خۆی هەیە، لە بڕگەی یەکەم دەبێژێتن (**یؤسس في مقر النقابة صندوق لتقاعد المحامين**) ئەڤ مەقەری نەقابەیە مانای خیلافە دوو

برادەر گەر سەبوری گوتی عیلاقەتمان پێوە نییە ئەڤە دەتوانن لە مەقەری نەقابە دەربچن ئەمە لە مەقەری نەقابەیەو مادده و قانونی ئەسڵی وائەڵێتن تەعدیلەکەش هەر وائەڵێت، تەئسیسەکەی لە مەقەری نەقابەیە، سندوق تقاعدی موحامین دروست دەکرێتن، برگەی دووەم خۆی دەڵێتن (صندوق التقاعد ذات شخصية معنوية) مانای بەرپرسایەتی دارایی لەسەر خۆیەتی کەسایەتیەکی مەعنەوییە ئەگەر کەسایەتیەکی مەعنەوی نەبا ئەوە شتێکی تر بوو بەڵام کەسایەتیەکی مەعنەوییە، لە دانیشتنیی پێشوشدا برا بەڕێزێک فەرمووی پەیوەندیمان پێوە نییە لە برگەی سێیەم دەڵێت (يعتبر كل محامي عضو في النقابة مشتركاً في الصندوق) ئەم سندوقە پابەندە تەنها هی برا پارێزەرەکانە هیچ کەسێکی تر سود لەم سندوقە وەرناگری هیچ کەسێکی تر نابێتە ئەندام لە سندوقی تەقاعود غیری پارێزەر نەبێ وئەوەی ئەندام نەبێت لە نەقابەی پارێزەران، ئەو کاتە تا ئێستاش سەرۆکی دەستەی نەقابە هەر ئەندامێک ئەنجومەنی نەقابەی پارێزەرانە لەبەر ئەو هۆیانەی پێشوی ئەوەی من باسم کرد لەبەر ئەوە پێویست ناکات بەهیچ شێوەیەک هیچ بەرپرسایەتیەکی دارایی بکەوێتە سەر وەزارەتی دارایی و ئابوری یان ئیلحاق بکاتن لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابوری هەر پێویست بە تەعدیلی ئەم ماددەیە ناکات هەر وەکو پێشووی بمێنێتن وەکو ئەو ئەسبابەی من گوتم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونوس بکرێن، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو قسانەی کە کاک جەمیل فەرمووی بەراستی من دەمەوێ وەڵامی بدەمەوە کە دائیرەی تەقاعود هی پارێزەران واتە نەقابە نییە رێکخراویش نییە، کە دەڵێی سندوقی تەقاعود مانای دائیرەی تەقاعودی پارێزەران هەموو دەوائری تەقاعود لە عێراق ئی هەر جێگایەک بێت سەر بە وەزارەتی داراییە پێمان خۆش بێ وپێمان ناخۆش بیت و، ئەوە قانونی عێراقی لەبەر دەستمانە هی سندوقی تەقاعود دەڵێ (وتلحق بوزارة المالية) وسنوری هەڵسوکەوتی وەزارەتی دارایی لەگەڵ سندوق تەنهاو تەنها مینحەکەیە لە مینحە تەجاوز ناکات و، رۆژێک لە رۆژان ئێمە نەچوینە وەزارەتی دارایی لستی موچەمان بردبێت هی پارێزەرانی موتەقاعید بڵێین بۆمان سەرفکەن هەمووی لە سندوق سەرف کراوە هەتا ئەمرۆ ئەوە یەک، دوو لەوەتەی دروست بوونی نەقابەی عێراق لە سییەکانەوە دروست کراوە هەتا ئەمرۆ دەستەی سندوقی تەقاعودی پارێزەران لکاو بووە بە وەزارەتی دارایی هەتا ئەمرۆش و ئیمکانیەتی نەقابەی پارێزەران زۆر بووە رەنگە زۆر جار منحیشی دایتە وەزارەتەکانی تر لە نێوانیان وەزارەتی دارایش، سێ پەیوەندیەکی

زۆرمان هەیە لەگەڵ وەزارەتی دارایی وەکو ئیشارەتم پێ دا نوێنەری وەزارەتی دارایی کە بەڕێوبەری گشتییە ئەندامە لە دەستەی سندوق، منحەی سندوقی تەقاعود لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەدرێت تەوابعی دارایی هی سندوقی تەقاعودی پارێزەران وەزارەتی دارایی بۆمان چاپ دەکات تەعلیماتی کرێی پارێزەران وەزارەتی دارایی دەری دەهێنێ خەڵکەکە جێبەجێی دەکات پارێزەریش هەر وەکو هاوڵاتییەک پێویستی بە زەماناتێک هەیە بۆ دوارۆژ، بڕیاری دەستەی سندوق قابیلی ئیعترازە لە وەزارەتی دارایی لە دەستەی لێ کۆڵینەوەی موتەقاعدین پاش ئەوەی ئیعترازەکە سەری نەگرت ئینجا دەچێتەوە مەحکەمەی تەمییز، بۆیە بەراستی لەبەر ئەو بابەتانە ئێمە داوامان کردووە کە ئیلحاق بکرێ بە وەزارەتی دارایی و ئێمە تەئیدی پرۆژەی حکومەتمان کرد، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیزافەت هەیە جەنابت؟ فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیاد لەوەی کە بەڕێز کاک شێروان فەرمووی لێژنەی دارایی رونی کردەوە کەوا کەسایەتی مەعنەوی هەیە بۆیە پێویست نییە ئیلحاق بکرێت بە وەزارەتی دارایی باشە ئەگەر کەسایەتی مەعنەوی هەیە مانای وایە خۆی تەحمول دەکات ئەگەر ئەم وشەیە بگۆترێ و نەگۆترێ مانای وایە چ زەرەر لە وەزارەتی دارایی نادات چ عەمەلیەتێکی ئیجباری تێدا نییە ئەگەر ئیلحاق بکرێت، کەسایەتی مەعنەوی مانای وا نییە کە ئەگەر لایەنێک کەسایەتیەکی مەعنەوی هەبوو رەبت ناکرێت بە وەزارەتەک زۆر موئەسەسات هەنە کەسایەتی مەعنەوی و بێ لایەنیان هەیە، بەڵام مەربوتن بە وەزارەتێکی موعەیەن بە قانونێکی موعەیەن وەزارەتێک ئیشرافیان لەسەر دەکات ئەوە نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی ئیلحاق نەکرێت باشترین بەڵگە ئەوەیە بەراستی کە بەڕێز کاک شێروانیش فەرمووی بابەتی لێکۆڵینەوە، باشە ئەگەر مولحەق نەبێت چۆن ئیعتراز لە وەزارەتی دارایی بێت لەسەر عەمەلیەتی تەقاعود وەزارەتی دارایی ئەبێ بەتتی تێدا بکات، بڕیاری وەزارەتی دارایی تەمییز دەکرێتەوە نەک بڕیاری سندوق چونکە کابرا کە ئیعترازی گرت ئەگەر بە ئیعترازەکە رازی نەبوو ئینجا بڕیارەکە تەمییز دەکرێت ئەو بڕیارە نەک بڕیاری سندوق مانای وایە وەزارەتی دارایی تەرەفە لە مەوزوع، واریداتیشی چەسپاوە بە پێی ئەو مواریدانەی کە هاتوون دەڵێ مەواریدی سندوق دیاری کراون یەک لەو منحانە کەس نەیگوتووە لە قانونەکە ئەبێ ئەو بار گرانییە لەسەر وەزارەتی دارایی بێت و ئەبێ وەزارەتی دارایی تەقاعودی بدات، کۆمەڵێک بڕگەیە مەواریدە داراییەکە یەک لەو بڕگانە ئەوەیە کە (المنح التي تقدمها حكومة الاقليم) شتێکی زۆر ئاساییە ئەم منحانە بە نیسبەت هەموو نەقابەکان لەبەر ئەوەی پرۆژەکە پرۆژەیەکی حکومەتە ئێمە

وەک لێژنەی یاسا لەگەڵ پرۆژەکەی حکومەتین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری کاک سرکیس ئاغاجان فەرموو.

**بەڕێز سرکیس اغاجان مامندو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی پارێزەران لەبەر ئەوەی ئیمکانیەتی هونەریان نەبوو بۆیە داوایان کردبوو کە مولحەق بن بە وەزارەتی دارایی و ئابوری ئەوەی کە وەزارەتی دارایی و ئابوریش دەیکات زۆرتر لە لایەنی سەرپەرشتییە و لێکۆڵینەوەیە نەک لە رووی داراییەوە، تەبیعی حکومەتی مەرکەزی لەوێ نەقابەکە سندوقی موتەقاعدین ئیمکانیەتی زۆر هەیە ئەوە ئیستسماراتە، ئەبنییەیە، هەر وەکو بەڕێز کاک شێروان حەیدەری باسی کرد بە پێی قانونی عێراقیش پێویستە ئەو میزانییەی کە دایدەنێن ( ٩٠ ٪ ) ئیراداتیان دەرباز نەبێت بۆ ئەوەی هیچ کات عەجزیان نەبێت هەموو جارێ ( ١٠ ٪ ) بمێنێت بۆ ئەوەی وەزارەتی دارایی تەمویلیان نەکات، تەبیعی دیارە هەموو لایەکمان موتەفقین لەسەر ئەوەی کە وەزارەتی دارایی هەدەف لە مولحەق بوونی ئەوە نییە کە وەزارەتی دارایی و ئابوری تەمویلیان بکات ئەگەر وابێت بە رای من دەتوانین شتێک زیاد بکەین لە کۆتایی ماددەی یەکەم بڵێین بەبێ مەسئولیەتی دارایی، مانای هەدەفی فەنی و ئیشراف بێت بەتەنها چونکە بەرای من بەو وەزعەی کە ئێستا هەیەو بەو مەعاشەی کە برادەران دایان ناوە مەعاشی تەقاعودی ( ١٥٠٠ ـ ٢٠٠٠ ) دینار تەسەوڕ ناکەم بتوانن بەم ئیراداتانە سنودقەکە بەڕێوە ببەن، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەندیکای ماف پەروەران تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لەوانەیە راست نەبێت ئەم موقارەنەیە لەگەڵ هەر سەندیکایەکی تر بیکەین چونکە تەنها سەندیکایە کە فەرمانبەر نینە و تەنها سەندیکاشە لەوانەیە موتەقاعدیش زێدە زێدە نادیرن موحامی بەردەوامە لەسەر ئیش و کاری خۆی تاکو مردن مانای خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبەر هەندێ، هی دووش ئەڤ ماددەیە هی ئەنجومەنی وەزیرانە موافەقەی لەسەر کری (وتلحق بوزارة المالية و الاقتصاد) من پێشنیار دەکەم کە رونکردنەوە بێتەکرنێ تەنها وەکو بمێنێت ئەم ماددەیە بەلآم ئەم ئیلحاقە ئایە لایەنی ئیدارییە لایەنی هونەرییە یان لایەنی ئیشرافییە؟ گرینگ ئەوەیە وەکو بەڕێز جەنابی وەزیری دارایش ئیشارەتی بۆکرد من ئەوە باش دەبینم کە بێتە کرنێ یان ئیلحاق بی لە لایەنی ئیداری یان

هونەری ئەم ماددەی بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی موداخەلەی منیش هەر لەسەر بابەتی ئیلحاقە بە وەزارەتی دارایی، ئەگەر تەماشا بکەین قانونی ئەسڵی دیار دەبێتن ئەم تەعدیلە هەموو ئەرکی ئەخاتە سەر وەزارەتی دارایی لەبەر چی برگە یەک لە ماددە پێنج ئێستا نەهاتوبنە سەری دەبێژبتن ئەو برگەیەیان لەغو کردووە (النسبة المؤية المستقطعة من أتعاب المحامين في الدعاوي والمشورة القانونية) لێرە کردویانە بە (١٠٪ من أتعاب المحامي التي تدفع للمحامي عند توكيله الدعاوي التي تنسبها له لجنة توزيع الدعاوي) مانای تەنها بۆ ئەو ئیشانەی حکومەت دەیداتە پارێزەر لەوێ (١٠٪)یە نەک ئەو پارێزەرەی داوای تەقاعودی دەکات پارەکە لێی ئیستقتاع دەکرێت (١٠٪) لەو ئیشانەی کە حکومەت تەنسیبی دەکاتن مانای لێرە کەوا کەمیان کردوە ئەو پارەی کە پارێزەر بداتە سندوقی کەمیان کردوە بەو ئەمەلەی حکومەت پارەی بداتێ ئەوە یەک، دوو هەمومان دەزانین کاتێ یەکێک خەریجی کۆلێژێک دەبێت کە سەرەتا تەخەروج دەکات دوو رێگا لە پێشیەتی یان دەچێ تەعین دەبێت لە موئەسەساتی حکومی یان دەچێتە قیتاعی خاص، ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە بۆچی دەچێتە قتاعی خاص وبۆچی دەچێتە موئەسەساتی حکومی، موئەسەساتی حکومی سێ چوار ئیمتیازی هەیە گەنجەک حەز دەکات بچێت لەوێ تەعین ببێت یەکێ لەوان تەقاعودە مانای ئەوەیە کە دەچێ تەعین بیتن حسابی پاشەرۆژی خۆی دەکات کەداوای تەقاعودیش دەکاتن جگە لە پارچە زەوییێک یان خانوو بوو ئەویش ئێستا خانوو هەمووی تەملیک کران نەما ئەوەی دەچێتە قتاعی تایبەت ژیانی خۆی دەبێنێت کو مرۆڤێکی موتەمەکینە بچێتە قتاعی تایبەت لەوێ رەئس ماڵێکی بخاتە دەست خۆی لەماوەی ئەو فەترەی ئیشی خۆی پێویستی بە تەقاعودی نەبێت بۆیە دەچێت لەم قتاعانە ئیش دەکات مانای رەئس ماڵێکی لە دەست دەبێتن منەتی بە تەقاعودی حکومەت نییە، بەڵام ئەگەر پارێزەری کۆن بێن سندوقێکی بۆ خۆیان چاک بکەن مەسەلەکە قانونییەو رەوایە بەڵام دارایی هەمووی پشتیوان بیتن و پارەیەکی ئوسا دابیتن کو بچن ئیلتزامێ بەرامبەری وێ تەحقیق بکات مانای جیاوازی مەبلەغی نەبێتن لەگەڵ قانونی مەدەنی پارەی وێ تا سبەینێ بەوی بلێین پارەی بدە، ئەڤە موداخەلەی من بوو شتێکی ئاسانە تەعبیرێ دا (يؤسس في مقر النقابة سندوق لتقاعد المحامين) ناوی سندوق لێرە دروست بێت مادەم تەئسیسە (يؤسس في مقر النقابة سندوق بإسم سندوق تقاعد المحامين) مانای ناوی وێ دروست بێتن نەک (سندوق لتقاعد المحامين)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڕێز کاک جەمیل فەرموو.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەڕێز شێروان حەیدەری فەرمووی قانونی تەقاعودی پارێزەران هەر لە ساڵی (١٩٣٦)وە سندوقی تەقاعودی پارێزەران لکاوە بە وەزارەتی دارایی و ئابوری، وا دیارە لە مێژە سەیری قانونی تەقاعودی پارێزەران یان قانونی پارێزەرانی کۆنی نەکردوە تا ساڵی ١٩٦٩ هیچ قانونێک نەبووە بەناوی (صندوق تقاعد المحامين) (الباب العاشر)بوو لە قانونی پارێزەران ئی ژمارە ١٧٣ تا ساڵی ١٩٦٥ دەرکەوتووە تا ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ هیچ سندووقێک نەبووە بەناوی (صندوق تقاعد المحامين) (الباب العاشر) تایبەت بوو بە تەقاعودی پارێزەران لە نەقابەی پارێزەران، لە قانونی نەقابەی پارێزەرانی عێراق بابی دەیەم تایبەت بوو بە تەقاعودی پارێزەران پاش ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ کە حزبی حاکم حەزی کرد زۆر گۆڕانکاری لە نەقابات بکات زۆر نەقابات ئیستقلالی خۆی نەمێنێت بینێتە ژێر دەستی خۆی یان بە شێوەیەکی تر بێت، ئەوەی بەڕێز شێروان حەیدەری فەرمووی ئەوە لە بەغدایە بڕیاری (مجلس قيادة الثورة)یە.
بأسم الشعب
مجلس قيادة الثورة
قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة إصدار القانون الآتي:
قانون صندوق تقاعد المحامين رقم (٦٨) لسنة ١٩٦٩
مانای پاش ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨، لەساڵی ١٩٦٩ یەکەم سندوقی تەقاعودیی پارێزدران دەرچووە لەوانەشە هەموو برادەران حەز دەکەن ئێمە بەشێوەی ئازادی بژین نەقابات سەربەخۆیی خۆی هەبێت لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە زۆر زۆر ڕاست بین، نەک لە لایەک ئێمە ئازادی و حوریەتی نەقابات و یەکێتی و ڕێکخراوەکان ئەدەین لەلایەکی تریش ناوەڵڵا وەزارەتی دارایی و ئابوری دەبێ پارەکە هەمووی ئەتو بیدەیت. بەرای من زۆر ناشیرینە ئەوەندە ئێمە ئیسرار بکەین و مولتەزم بین بە بڕیارەکانی مەجلس قیادە ثورە لە خوا بەزیاد بێت حکومەتی هەرێم هەیە، دەسەڵاتی کوردی هەیە، نیزامی جیهانی گۆڕاوە، ئازادی ڕێکخراوەکان هاتووە، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەک نابێت ئیلحاق بکرێن بە وەزارەتی داراییەوە ئەگەر بێت و بە لایەنی هونەری وەکو بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری فەرمووی (دون المسئولية المالية) ئەو کاتە دەبێتە شتێکی هونەری گرفتی تێدا نییە، هەروەها بەڕێز شێروان حەیدەری فەرمووی تەوابعی تایبەت هی سندوق وەزارەتی دارایی قسەی تۆ ڕاستە بەڵام بۆ کێیە لە مەسڵەحەتی کێ دایە، ماددەی پێنجەم لە سندوقی تەقاعودی پارێزەران کە لەم پەرلەمانە پیرۆزە دەرچووە ماددەی پێنجەم بڕگە دوو لە

مەواردی سندوقە (التوابع الخاصة بالصندوق) مانای نە بۆ وەزارەتی دارایی ئەو شتە راستە وەزارەتی دارایی بە ئەرکی خۆی هەڵ دەستێت تەوابعی تایبەت بە سندوق چاپ کاتن بەڵام هی مەسلەحەتی سندوقە، وەزارەتی دارایی و ئابوری ئیشراف و رەقابە لەسەر هەموو نەقابە و هەموو رێکخراوەکان دەکات لە جیهانا هەتا لە تورکیاش وەزارەتی دارایی هەتا وارداتی هەموو ئەحزابێک و سەرفیاتی هەموو ئەحزابێکیش دەبێت لە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی دارایی و ئابوری دابێت لایەنی هونەری و لایەنی رەقابەی دارایی ئەوە شتێکی ترە ئەبێ هەموو نەقابات و هەمووی سەنادق و هەتا واریداتی ئەحزابیش دەبێت وەزارەت و حکومەت سەیریان بکاتن ئایە بە شێوەیەکی ئسولی دێن؟ ئایە لە هیچ جێگایەکی موعادی وەری ناگرێت؟ ئایە سەرفیاتەکەی تەواوە تەواو نییە؟ لەبەر ئەوە ئێمە پشتگیریی قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری دەکەین (دون المسئولية المالية) زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک حەمە عەلی فەرموو.

**بەڕێز حەمە علی توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانونی خدمەی مەدەنی من دەمەوێ پرسیاری لە برادەرانی یاسا بکەم ئایە ئەو پارێزەرانەی پاش ماوەیەکی پارێزەرایەتی هەندێکیان وەزیفە وەردەگرن ئایە ئەو ماوەیەی کە پێشان لە پارێزەرایەتی بووە زیاد دەبێت بۆ وەزیفەی تازەیان یان نا؟ ئەگەر ببێت بەراستی دەبێت ئیلحاق بکرێت بە وەزارەتی داراییەوە چونکە لەوێ پەیوەستییەک لە نێوان خدمەو تەقاعودا ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەرەش نقشبندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابی کاک عەلی فەرمووی هەر پارێزەرێک ئەگەر تەعین بێت خزمەتەکەی دەچێتە سەرێ و ئەو پارەیەی کە لە سندوقی پارێزەران ئیستیقتاع کراوە دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی بۆ دائیرەی تەقاعود کە لێ وەرگیراوە بە ئیعتباری تەوزیف بووە پێچەوانەش راستە ئەگەر هاتە پارێزەرایەتی دەتوانێ ئەو فەرقەی تەقاعودیەکەی هەیە بێتەوە ئەوە کە بە ئیعتباری ئەسڵەن ئیستفادە لە تەقاعودیەکەی دەکات ئەو عەمەلیەتە عەمەلیەی نەقلی پارەی تەقاعودی بە هەردوو لایەن دادەڕوات، بەنیسبەت ئەوەی کاک ئیبراهیم فەرمووی وا دیارە برەک تێکەڵی کرد لە نێوان ئەوەکەی پارێزەر دوو جۆرە پارە دەدات پارەک ساڵانە بۆ خۆی دەدات پەیوەندی بە هیچەوە نییە

پارەکیش ئەدات ئەگەر هاتوو حکومەت تەکلیفی کرد بە دەعوایەک بردییەوە دەبێ (١٠٪) ئەو پارەیەش بداتە سندوق هەر چەندە ئێمە ئێستا پێشنیارمان کردووە کە (١٠٪) زیاد بکرێت ببێتە (١٥٪) پێشنیاری ئێمە ئەوەیە، واتە دوو شێوە پارە هەیە مانای ئەوەی ساڵانە موقەنەنە ئەبێ هەر بیدات دەعوای هەبێ و نەبێ ئەوی تر دعاوی حکومییە بۆ ئەوەی نەچێتن بەڵام بەراستی ئەوەی کاک جەمیل فەرمووی کە گوایە قانونەکە باش نەخوێندرابیتەوە، وا دیارە جەنابیشی باشی نەخوێندیتەوە، چونکە پێشی سندوق تەشکیل بکرێت، ئەو پارەیە بەپێی قانونی نیقابە وەردەگیرێت ئیحالەی وەزارەتی دارایی دەکرێت، پارەکە لە نیقابە ئیستیقتاع نەکرا هی تەقاعوود و ئیحالەی وەزارەتی دارایی دەکرا لەبەر ئەوە سندوق نەبوو، دوو بەراستی حەزم نەکرد ناوی ئەو قەرارەی هێنا، نەوەک خەڵک بە ئیجابی لە قەڵەمی بدات بڵێت جیهەتێک بەم جۆرە خزمەتی شەریحەتێکی گەورەی کردیە حەق نەبوو، ئەو قەرارە بخوێنێتەوە کەوا سندوقێکی تەشکیل کردیە بۆ هەموو نیقابەی پارێزەرانی عیراق، حەق نەبوو ئیشارەت بەو قانونە بدرێت بە راستی، نەوەک برادەرەک بە ئیجابی تێی بگات، کە گوایا ئەو جیهەتە خزمەتی ئەو شەریحە گەورەیەی کرد سندوقەکی بۆ دانان بۆ ئەوەی خزمەتیان بکات، حەق نەبوو ئیشارەتیان پێبدات لە ناو ئەو هۆڵە نەوەک خەڵک بە شتێکی دی لێکی بداتەوە، مەسەلەی ئەو برادەرانەی کە دەڵێن بابەتەکە تەوزیع بکرێت، چونکە بابەتەکە لە قانونەکە وازیحە لە ناحیەی ئیداری بە خۆی تەسبیت کرایە، تدقیق لە وزارەتی دارایی، ئیعتیراز لە وزارەتی دارایی، باشە چ ئیمکان هەیە بگوترێت لە قەرارەکە بڵێین بەس قەزایەی ئیداری خۆی لە ناحیەی ئیداری بابەتەکە تەوزیع کرایە، هەموو ئیشەکان لە وزارەتی داراییە، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەگەر جەنابی سەرۆک لێمان قەبوڵ بکات، دوو پێشنیار هەیە، یەکەم تایبەتە بە جیهەتی دارایی، پێشنیارەکە بداتە دەنگدان و ئەو پرۆژەی حکومەتیش کە ئێمە وەک لیژنەی قانونی ئیسراری لەسەر دەکەین کە بەو سیغەیە هاتووە، ئەوەش بداتە دەنگدان و، رەئی ئاخیری بۆ ئەندامانی پەرلەمانە بزانن کامەیان قەرار دەدات، ئێمە مل کەچین بۆ قەرارەکە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا بزانم کاک ئیبراهیم بەنیسبەت ئەو نیسبە میئەویە بە هەڵەدا چووە بەراستی، موقتەرەحی حکومەت، نەک موقتەرەحێکی تازەیە، بەڵکو پێشتر لە قەوانین هەبووە، لەو دەعوایانەی کە پارێزەر وەردەگرێت ١٠٪ بۆ سندوق دەچێت، ئێستا ئێمە وەکو لیژنەی یاسا ئیقتیراحمان کردیە کە ئەو نیسبەتە زیاد بکرێت نەک کەم بکرێتەوە، ١٠٪ بکرێتە ١٥٪، حەزم کرد ئەو روونکردنەوە بدەم، چونکە بابەتەکە بەم شێوەیە نییە، کە کاک ئیبراهیم تێگەیشتووە، نیسبەی میئەوی دیاری کراوە ١٠٪ ئێمە داوامان کردیە بکرێتە ١٥٪ کە حکومەت دەیداتێ، ئەو ١٥٪ بۆ کوێ

دەگەڕێتەوە؟ بۆ سندوقی تەقاعودی پارێزەران دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو بابەتەی کە گفتوگۆی لەسەر کرا، من موداخەلەم تێدا کرد، ئەوە لەماددەی سێ هاتووە یەعنی بۆ ئێستا نییە، جا بێڵێن بۆ ئەو کات یان ئێستا وەڵامیان بەدەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەجێیبهێڵە بۆ ئەو کاتەی کە ماددەی سێیەم دەخوێنرێتەوە باشترە، فەرموو کاک برهان جاف.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافەتەن بۆ ئەو ڕوونکردنەویەی برایان، بەڕێز وەزیری دارایی خۆی ئاگادارە، ئەو هەیئەیەی لەلایەن وزارەتی دارایی و ئابووری تەعین دەکرێت، مومەسلی نیقابە، مومەسلی وزارەتی داد، مومەسلی وزارەتی دارایی خۆی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی، فەرموو.

**بەڕێز سرکیس اغا جان مامەندۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەسمان لەسەر ئەوە موعاریز نییە، کە هەیئەتەکە مولحەق بێت بە وزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێز کاکەرەش و بەڕێز کاک شێروان بەراستی ئەو بابەتانەی کە باسیان کرد بەڵگەمان زۆرە کە لەبەر چ سندوق مولحەقە بە وزارەتی دارایی، من تەئیدی هەموو ئەو هۆیانە دەکەم، کە بەڕێزیان ئیشارەتیان پێدا، بەڵام بابەتەکە لێرە بەس تەمویلەکەیە، بە خۆیان دەڵێن هەدەفی ئێمە تەمویل نییە، دەتوانن سیغەیەکی بچوک بدۆزنەوە و گیروگرفتەکە چارەسەر بکەن، شتێک زیاد بکرێت یان سیغەیەکی نوێ بدۆزنەوە مادام هەمووممان موتەفقین لەسەر یەک شت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە، فەرموو کاک سعید یعقوبی.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مینحە کەمە کە وزارەتی دارایی دەیدات بە سندوق، ئێستا ئەگەر سەیری وەزعی نیقابە بکەین، مینحەکەی ئێستا بۆتە نیوەی هەندی جاران، بەلام هەیئەی سندوق نالێت بۆچی بۆتە نیوە یان بۆچی کەم کراوەتەوە، ئەگەر ئیلتیزامەکی وەها هەبوایە لەسەر وەزارەتی دارایی ئەوە سندوق حەقی خۆی بوو داوا بکاتن بۆی تەواو بکرێت، لە بەندەکەدا نالێت(علی وزارة المالیة تمویل صندوق النقابة) نالێت( علی وزارة المالیة تأمین الموارد المالیة للصندوق) هیچ ئیلزامەکی تێدا نییە، بۆسەر وزارەت بۆیە پێشنیارەکەی وزارەتی دارایی کە دەلێت ئیلحاق بکرێتن بە وزارەتی دارایی، شتەکە پێویستە بکرێتن بۆ تەنسیق و بۆ رواندنی کارو بارەکان، لەگەل رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک رجەب شەعبان.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سندوقی تەقاعودیا پێتڤیا گرێدا بیتن جیهەتە کیڤە، ویا هاتیە دیارکرن بێتە گرێدان وزارەتا دارییدا، ئەڤ مەشروعەش مەشروعی حکومەتیا مەجلیس وزراء تەقدیم کرییە، وەزیری دارایش لێرەیە فەرمووی مە هیچ ئیعتیرازمان لسەر نییە، بەس کە لە ناحیا تەمویل نەبیت، نابێتە گرێ دان و، من پێشنیار دکەم کە فەقەرەیەک بێتە زیاد کرن بێژیتن( وتلحق بوزارة المالیة من حیث الادارة والرقابة والتفتیش) لەگەل رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەو ئیلحاقە بۆ چیە ئێمە پرسیاری ئەوە دەکەین، بەس ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە بۆچی ئیلحاق بکرێت بە وزارەتی دارایی، لیژنەی یاسای تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سندوقی تەقاعوودی پارێزەران هەر جیهەتێک لەو جیهەتانەی کە نوێنەرەکە خۆی تەرشیح دەکات، ناوەکان دەچێتە وزارەتی دارایی، بەڕێز وەزیری دارایی ئەمرێکی پێ دەردەکات و، شەخسی وەزیریش دەبێت بە خۆی ئیمزای بکات، بە ئیعتیباری سندوقی تەقاعوود، ئەمری تەعینی سندوق ئەعزائی سندوق بە سەرۆکەوە کە سەرۆکەکەی حاکمە، جەنابی وەزیری دارایی ئەمر دەردەکات بە تەعینیان، ئەوە لایەک، لای دووەم، ئیعتیرازەک کە لەسەر قەراری تەقاعوود هەبێت کە سندوقی تەقاعوود قەرارێک دەردەکات بۆ پارێزەران، ئەو ئعتیرازە دەچێتە وزارەتی دارایی ناچێتە هیچ لایەکی تر، ئەبێ لە وزارەتی دارایی روونی بکاتەوە، ئەو کابرایە راستە یان راست نییە، ئەگەر کابرا بە قەراری وەزیری دارایی رازی نەبوو، ئینجا دەچێتە مەحکەمەی تەمییز

و قەراری سندوقی نیقابە تەمییز ناکات، قەراری وەزیری دارایی تەمییز دەکات، دەڵێت بەڕێز وەزیری دارایی غەدری لەمن کرد، لەبەر ئەوە من موستەحەقی تەقاعوود نیمە، ئێمە هەموومان قەرارمان دا گوتمان وزارەتی داراییی سندوقمان تەحدید کردیە، پێک هاتووە لە فلان شت و مینحە، بۆ ئیلحاق مانای ئەوەیە کە شتەکی زیاد دەکەوێتە سەر وزارەتی دارایی، تەحدیدمان کردیە لە مینەح زیاتر نییە، نوسراوە بەشێک لە دارایی مینەحە، ئیلحاق ئەگەر نەبێتە دائیرەیەک یان موئەسەسەیەک سەر بە وزارەتی دارایی، چۆن وزارەتی دارایی وەکو موتەقاعیدەک کە ئیعتیرازی هەبێت لە وزارەتی دارایی تەدقیق دەکرێت لەسەر چ ئەساسەک، ئەگەر مەربووت نەبێت پێی ئیلحاقی پێ نەبێت، دوایی ئیلحاق مانای ئەوە نییە، وزارەتی دارایی تەحەمولی هیچ شتێک بکات، لە هیچ زەمانێک ئەوە نییە، بۆ دەوائیرمان هەیە کارگەمان هەیە وزارەتمان هەیە، هەمووی مولحەقن بە وزارەتی دارایی هەموو تەموویلی زاتییان هەیە، عیلاقەیان نییە بە وزارەتی دارایی خۆیان خۆیان تەمویل دەکەن، مومکینە وزارەتی دارایی ئیستیفادەیان لێ بکات، کاک شێروان شتێکی عەزر کرد، بەدەیان جار نیقابەی پارێزەران وەفری هەبووە مینەحی داوەتە وزارەتی داد، لەبەر ئەوەی واریدات زۆر بووە و شت زۆر بووە، دوای مینەح کە ئیلحاق بێت وزارەتی دارایی تا ئێستا کەس چووە بۆ وزارەتی دارایی کە ئەوەندە پارەمان بدەنێ، وزارەتی دارایی سەربەخۆیە پارەکە دەدات یان نادات، مینەحەکەی رەفز دەکات یان ناکات، ئەوە خۆی سەربەخۆیە، گوتمان مینحەکەش ئیجباری نییە، شتەکی مەعلومە هیچ ئیجباریەکی تێدا نییە، لەبەر ئەوە ئیلحاقەکە هیچ زەرەرێکی تێدا نییە، تەنیا ناحیەی فەنی رێک دەکەوێت وەکو دائیرەکی سەر بەو وزارەتەی بتوانی بە کاری خۆی هەڵبستێ موقابیلی ئەو سندوقەی هیچی تر نییە، ئەرکەکەش هیچ عیلاقەی بە وزارەتی داراییەوە نییە، چونکە موفرەداتی دارایی تەحدید کراوە لە سندوق، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو بەڕێزان فەرموویان، کو قەراراتی هەیئە مل کەچە بۆ وزارەتی دارایی و ئابووری، با بلێین فلان مادده مل کەچە ئەوە یەک، دووەم هەتا خزوعیش هەموو مەسائیلی مالی لە هەموو کاتەکیش خازیعە، بەڵام هیچ ماددەیەک تیا نییە، کو قەراراتی هەیئە خازیعە بۆ ئەوە، هەتا ئەگەر خازعیش بێتن ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە، لەماددەی ئەسڵیش ئەمری تەعینی ئەو هەیئەیەش لە وزارەتی داریی و ئابوری دەرناچێتن، ئێستا برادەران داوایان کردووە کە تەعدیل بکرێتن ئەمرەکە لە وزارەتی دارایی و ئابوری دەربچێتن، ئەساسەن لە وەزارەتی دارایی و ئابووری

ئەمری تەعینی ئەو هەیئەیە دەرناچیتن، بەڵام لە تەعدیلەکە خۆیان داوایان کردووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەکید دوای ئەو قانونەش کە دەردەچێت، نیقاباتی تریش تەقدیم دەکەن بۆ سندوقی تەقاعوود، ئەوانەی ئیشی موحامیەتی بکەن، لە کەرتی تایبەت ئیش دەکەن، عەجەبەن وزارەتی دارایی موافەقە دەکاتن بۆ ئەوانەش کە مولحەق بیتن یان تایبەتە بۆ موحامیەکان بەتەنیا، ئەگەر بۆ ئەوانی تریش رازی بێت ئێمەش لەگەڵین شتەکە ئاساییە، بەڵام ئێمەش حەز ناکەین مەسەلەکە تایبەت بێت بەس بۆ شەریحەیەک، شەریحەکی تر وا نەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. ئیدریس.

**بەڕێز د. إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆبوونەوەی پێشوو من رەئی خۆم دەربڕی، هەر لەسەر رەئیەکەی خۆم بەراستی ئەم بۆ چوونە گرنگە، کە ئێمە قانونێک دەردەهێنین بە چ نیزامێک دەچین؟ ئایا بەنیزامی مەرکەزی یان ئێمە دەمانەوێت ئەو قانونە بسەپێنین؟ من پێم وایە زۆر بەسەراحەت تر قسە بکەین، باشترە لەوەی کە بڵێین مەسائیلی مالیی گرنگە یان مەسائیلی تر گرنگە، کە ئێمە بۆ شتەک بۆ کۆمەڵگای مەدەنی شتەک دادەڕێژین بۆ دوارۆژ، ئەگەر مەسائیلی دارایی با فەقەرەکی تێدا هەبێت زۆر وازیح تر بێت بڵێت لە کاتی پێویست ئەگەر عیجز هەبوو با وزارەتی دارایی پارەیان بداتێ و دەعمیان بکات، بەڵام ئەو ئیلحاقە نەکرێت، چونکە ئیلحاقەکە لەوانەیە لەڕوویێکەوە کە ئێمە یاسایەک دەردەکەین، یەعنی ئێمە فەسڵی سوڵتات و ئەو ئیستقلالیەتەی مونەزەمات کە دروستی دەکەین،ئێمە خۆمان پابەندی شتێک بکەین، بەرەئی من مەسائیلی داراییەکە ئەوەندە گرنگ نییە بە قەدەر ئەوەی کە ئێمە بە چ بۆ چوونێک ئەو یاسایە دادەڕێژین، جا لەبەر ئەوە من ناتوانم قەناعەت بە خۆم بکەم ئەو ئەسبابانەی کە گوتران لێرە کە ئیلحاقەکە بۆ ئەوەیە کە ئەسبابەکی مووجیبە بەنیسبەتە خۆم بەراستی، جا لەبەر ئەوە کاک إبراهیمیش فەرمووی گوتی باشە ئەدی نیقاباتی تر هەیە، بە خۆی ئەو سندوقی تقاعوودە بەشێکە لە (الضمان الاجتماعي) بۆ دوارۆژ، خۆمان ئێمە شەرائیحی ترمان هەیە لە کۆمەڵگا، ئەگەر وزارەتی دارایی تەقدیری ئەو شتە دەکات، (الضمان الاجتماعي) بۆ هەموو شەرائیحی موجتەمەع دادەنێت بەرێک و پێکی ئەوە شتەکی ئەو بەخۆی مەسئولیەتەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی تەعویزی مالییان دەداتێ ئەوە شتەکی ترە، ئەگەر نا با ئێمە دایبەمەزرێنین

هەمـوو وەکو یەک بێت لە دوارۆژ، مـوحـامیـەکـانیش بەشێکن لە شەرائیـحی ئەم کۆمەڵگایە با تەمییز نەبێت لەبەینی نیقابەک و نیقابەکی تر، هەمووی بە یەک بۆ چوون بێت ئەوەش سیاسەتی حکومەتی ئێمەیە و پەرلەمان تەحدیدی دەکات، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سـوپاس، د.ئیـدریس، بەڕێز حـاکم سـەفـەر، ئەگـەر نەڵێین تەعـقـیب هەیە کـەس دەست بەرز نەکـاتەوە، دوو کـەس بۆیان هەیە دەسـتـیـان بەرز کـەنەوە، سـەرۆکی کـوتلەی زەرد و وەزیری موختەس، جا هەر کەسێ لە جێ خۆی دەست بەرز کاتەوە نیزامەکەمان تێک دەچێت.

**بەڕێـز سـفـر مـحـمـد حـسـین:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی ژی ئەوەی جەنابت گۆتی جێ سەرنج و ئیهتیمامە، بۆ مە ئیلحاق بکەین، چونکی هەمی نیقاباتی دی و ئیتحاداتی دی شتی وا تێدا نییە ئەوە یەک، دوو زۆر هاتە پێش برادەران تکراری کرد کە وزارەتی دارایی تەعینی ئەو هەیئە دەکات، وابزانم تەعین ناکات، وا بزانم ژی لە فەقەرەی چوار هاتووە، وا بزانم تەواو نییە، چونکی بە خۆی حاکم موعـەیەنە، مەسئولی وزارەتی دارایی موعیەنە ئەوە هی سندوق، حاکم رەئیسە ئەگەر ئیشارەتی پێدا و پێ نەدا، لازمە ئیشارەتی پێ بدات، تازە تەعین نابن بەخۆ موعیەنن تەنسیبە بۆ ئەو هەیئە، جا مەسەلەی ئیلحاق و ئەو شتانە بەراستی زۆر زەرووری نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێـز نـاصح غـفـور رمـضـان:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

وا بزانم لەسەر ئەو بابەتە زۆر گفتوگۆ کرا و، رەئی موختەلیف هەیە، لیژنەی یاسایی داوای کرد کەوا بەو شێوەیەی کە هاتووە بخرێتە روو، وەزیری دارایی و لیژنەی دارایی دیسـان رەئیان ئەوەیە نەخێـر بەم شێـوەیە نەبێت، من لەگەڵ برایان ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەو بابەتەم باس کـرد، بەراستی لەناو ئەوانیشدا رەئیەک هەبوو(دون تحمل المسؤلية المالية) یەعنی رەئیەک هەبوو پێش وەخت کە ئەوەی تێدا نەبێت، ئەگەر مەسەلەکە تەمویلی داراییە، ئێمە لەم بارودۆخەی ئێستادا ئەوەمـان پێ ناکـرێ، ئەسبـابی ئەوەیش وازیحـە، تەقـاعـوودی دانراوە(١٥٠٠) دینارە، یەعنی مەسەلەکە ئیحتیمالی هەیە بۆیان جێ بەجێ نەکرێت، سندوقەکە بۆی جێ بەجێ نەکرێت، ئینجا ئەو کاتە کێ تەحەمولی بکات، وزارەتی دارایی؟ لەبەر ئەوە وەزیری دارایی پێشنیاری کردووەکە سیغەیەک بدۆزێتەوە یان(دون تحمل المسئولية المالية)یەعنی سیغەیەکی وابێت مەسئولیەتی

داراییـەکەی تێدا نەبێت، پێم وایە رەئی وەزیری دارایی بخرێتە دەنگدانەوە، وا دیارە هەندێ لە برادەران تەئیدی رەئی وەزیری دارایی دەکەن، لەگەڵ ریزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە یەک تەعلیقمان هەیە لەسەر ئەو بابەتە، رەئی لیژنەی یاسایی وازیحە، ئەویش ئەوەیە دەڵێت یان ئیلحاق بکرێت یان ئیلحاق نەکرێت، لەناحیەی یاسایی ئەوە راستە، راستە ئەمڕۆ مومکینە وەزارەتی دارایی ئیمکاناتی نەبێت، بەڵام ئەگەر لە دوارۆژ سندوق عیجزی هەبێت، مەجبورە وەزارەتی دارایی بۆی پرکاتەوە، وەکو هەر کارگەیەک، کارگەیەک کە خۆی ئیمکاناتی خۆی هەیە، قازانجی کرد پارە ئەدات بە وزارەتی دارایی، بەڵام کە زەرەری کرد وزارەتی دارایی مەجبورە تەعویزی بکا و بۆی پر کاتەوە بۆ ئەوەی ئیشەکەی نەوەستێ، ئەمە لایەنێکی تری بابەتەکەیە، کە ئەڵێین ئیلحاق دەبێت حیسابی ئەوە بکەی شەرت نییە ئەمڕۆ، شەرت نییە ساڵێکی تر، بەڵام لە دوارۆژ لەوانەیە ئەوە بێتە کایەوە، ئەمە لایەکی ترە، لایەکی تر ئیلحاق نەکرێت، یەعنی وزارەتی دارایی هیچ ئیلتیزامێکی نەبێت بەرامبەری، جا ئێمە حەقە بزانین کامەیان قازانجی هەیە، قازانجەکەی لەم زروفە چیە و زەرەرەکەی چیە؟ قازانجەکەی بۆ کێ ئەبێت؟ ئەگەر قازانجەکەی عام بێت مەفروزە بۆ هەموو لایەک بێت، چونکە شەرائیحی تر موشابهی هەیە بۆ پارێزەران، ئەگەر پارێزەران حەقیان هەبێت، ئێمە ناڵێین حەقی نەبێت، تا ئێستا حوکمی ئەوەمان نەداوە، ناڵێین باش نییە ئیشی بۆ بکەی، باشە ئیش بۆ هەموو کەسێک بکەیت، بەڵام لە هەمان کاتدا شەرائیحی تر هەنە، دەبێت رەچاوی ئەو شەرائیح و نیقاباتانەش بکرێت لە حاڵەتێکی وا، ئایا دەمانەوت ئەو سیستەمە هەمووی وا لێبکەین؟ یان جارێ زووە یان ئەو کاتە هاتووە کە ئێستا بیکەین، ئەمە بە راستی لێکدانەوەیەکی قوڵی دەوێت، جا ئەوانەی تەعقیبیان هەیە، تکایە دەستیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی ناونوسیان بکەین، ئەگینا موقتەرەحات زۆرە کە ئیزافە بکرێتە سەر ئیلتیزاماتی مالیی، ئیلتیزاماتی مالیی ئیزافی نەبێت، بەڵام ئیلحاق هەر ئیلحاقە، یان دەبێت ئیلحاقی بکەی یان دەبێت ئیلحاقی نەکەیت، واتە حەددێکی بۆ دابنرێت، بەرەئی ئێوەش وا نییە، ئەوەی تەعقیبی هەیە تکایە دەستی زۆر بەرز کاتەوە، ئەمە ئاخیر قسەیە کە تیای ئەکرێت، ناوی ئەو بەڕێزانە نوسراوە،

بەڕێز د.ناصح غفور رمضان.

بەڕێز بەڕێز جمیل عبدی سندی.

بەڕێز حمید سلیم میران.

بەڕێز حلیمە حسین محمد بارزانی.

بەڕێز شفیقە فقێ عبداللە.

بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار).

بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی.

بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا.
بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم.
بەڕێز یونادم یوسف کنا.
بەڕێز یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان من تەعقیبێکم هەبوو، لەسەر برای بەڕێزم د. ئیدریس، کۆمەڵگای مەدەنی چ ئەورووپا چ ئەمریکا چ ئەوانی تر، مەسئولیەتی زەمانەتی ژیانی موتەقاعید تەقریبەن زۆربەیان وابۆی حیساب کراوە کە حکومەت مەسئولیەتی هەیە، تەنزیم کراوە پەیوەندی هەیە و، ئیلحاق هیچ پەیوەندییەکی نییە بەو مەسەلەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی یان مەدەنی نییە، کە پیاو تەقاعوود بوو ئاخیری ژیانی دەوڵەت مەسئولیەتی بەرامبەر بەو کەسانە هەیە، هەرچەند ئازاد بن ئەو وڵاتانە هەرچەند کۆمەڵگای مەدەنین، هەر مەسئولیەتی ناڵێم وزارەتی دارایی، بەڵام دەزگایەکی وا کراوە کە حەق و حقوقی ئەو کەسە ڕەچاو بکرێت بە ئاخیری ژیانی، جا لەوانەیە بۆ چوونی بەڕێز وەزیری دارایی ڕاستە(١٥٠٠یان ٢٠٠٠) زۆر بێت، بەڵام دیسان مەسئولیەتی حکومەتە بەرامبەر بە هاووڵاتیانی خۆی بەگشت شەرائیحەوە نەک تەنها پارێزەران بەڵکو بەگشت شەرائیحەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان دیارە هەر خودی یاساکە لەسەر داوای لیژنەی یاساییش ئەو برگەیە هاتۆتە پێشەوە کە ئیلحاق بکرێت بە وزارەتی دارایی ئەوان داوا ئەکەن، بەڵام ئەوان یەک دوو جار بۆمنیان روون کردەوە، کە ئەوان مەبەستیان مەسئولیەتە داراییەکە نییە، بەڵام ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە پەشیمان بوونەتەوە و، وەزیری داراییش ئەڵێت ئەگەر مەسئولیەتە مالیەکەی تێدا بێت، خۆم مەجبور ناکەم کە ئەو ئیلحاقە بە ئێمەوە بێت، بەڵام گیروگرفتەکە لێرە ئەوەیە کە وەکو جەنابت پێشنیارت کرد، ئەگەر ئێمە بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی ئەڕۆین بۆچ ئەبێت ئیلحاق بکرێت لەرووی فەنی و ئیداریەوە بە وزارەتی دارایی، ئەگەر مەسەلە کۆمەڵگەی مەدەنییە، ئەوان خۆیان هەموو شتێکیان تەمویلی زاتییە، دوایی خۆیان پێشنیاریان کردووە مەسەلەی تەقاعوودی(١٥٠٠) دیناری تێدایە، بەراستی ئەو مەشاکیلانە هەموو ئیلزامە داراییکەیە، وەزیری دارایی ئەڵێت لەم بارودۆخەی ئێستادا ئێمە ناتوانین ئەو ئیلتیزامە جێ بەجێ بکەین، ئەگەر ئەوە بێت ئێمە ئامادە

نین، یەعنی تەحەمولی ئەو مەسئولیەتی ئیلحاقە بکەین، لێرە ئەو خاڵەی تێدا هەیە بۆیە بەراستی من پێم وایە بەش بە حاڵی خۆم پشتگیری لە رەئیەکەی وەزیری دارایی بکەم، لەم بارودۆخەی ئێستادا، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حلیمە حسێن بارزانی.

**بەڕێز حلیمە حسین محمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من بەڕێز کاک یۆنادم باسی کرد، بەراستی دووبارە دەبێتەوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەم پرۆژەی کە هاتیە کە برادەرانی لیژنەی یاسایی قسەی لێ دەکەن، خەڵک موقتەنیعی رەئیەکەیە، وەزیری داراییش کە قسە دەکات لە ناحیەی داراییەکەی کە کاتی خۆی(٥٠-٩٠)دینار بووە تەقاعوود، ئێستا بۆتە(١٥٠٠) دینار بەراستی مەترسیەک هەیە لەوەی ئەگەر رۆژێک لە رۆژان ئەو فەراغە نەکرا مەجبوورە ئیلحاق بکرێ بۆ ئەوەی کە تەواوی بکات، بەرەئی من ئەگەر بەو شتە حەڵ دەبێت یان تەئجیلی بکەن لە دەرەوە ئتیفاقی لەسەر بکەن، یان بدرێتە دەنگدان پرۆژەی رەئی نوێ، کە رەئی بەڕێز وەزیری داراییە، بدرێتە دەنگدان وچارەسەر بکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی جەنابت فەرمووت سێ ئیقتیراحە، خۆت دەزانی سێ پێشنیارە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە رەئی وان موقنیعە، رای وەزیریش موقنیعە، بەرەئی من وایە تەسویت بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر کامەیان، جەنابت سێ پێشنیارت وت، جا ئێمە تەسویت لەسەر کامەیان بکەین، یەکیان ئەڵێت ئیلحاق بکرێت، یەکیان ئەڵێت ئیلحاق نەکرێت، یەکێکیشیان ئەڵێت ئیلحاق بکرێت و ئیلتیزاماتی مالیی تیا نەبێت، جا کامەیان بخەینە تەسویت.

**بەڕێز مـــــلا هادی خـــضــــر کــــوێخــــا:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

بەرەئی من ئەوەی ئیلتیزاماتی مالیی تێدا نییە ئەوە بخەینە تەسویت.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

باشە بۆ ئەوەی وازیح بێت، زۆر سوپاس، بەڕێز کاک حمید میران.

**بەڕێز حـــــمـــــیــــد سلیم مـــیـــــران:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئێمە وا دەزانین کەوا ئەوە مەسئولیاتی وەزارەتی دارایی لەسەری زیاد ئەبێت، ئەگەر بێتو ئەو بابەتە ئیلحاق بکرێت بە وزارەتی دارایی، یان ئەو ئیلحاق کردنە مەشروت بێت وەکو جەنابی وزیر فەرمووی یان ئیلحاق نەکرێت بە وزارەتی دارایی، چونکە شەرائیحی کۆمەڵگە زۆرن، نابێت ئێمە هەریەکە بە چاوێک سەیریان بکەین، دەبێت هەموو بە یەک چاو سەیریان بکەین و، یەکێک پاش ئەوەی شەهادە وەردەگرێت یان بۆ خۆی ئیش دەکات یان دەچێتە قیتاعی حکومەتەوە بۆ میری ئیش دەکات، ئەوەی بۆ میری ئیش دەکات بە مووچەیەکی کەم بۆ ماوەیەکی درێژ، مەعقول نییە هەردوولایان تەقاعوود وەرگرن، هەردوکیش عەینی وزارەتی دارایی بیدات، لەبەر ئەوە وا ئەزانم ئەو بابەتە مەشروت بێت وەکو وەزیری دارایی فەرمووی، چونکە ئەگەر ئیلحاق کرا پێوەی وەکو جەنابت فەرمووت وەکو کارگەکانی وزارەتی پیشەسازی لێ دێت، وەکی تر زەرەر دەکات، دەبێت وزارەتی پیشەسازی مووچەی خەڵکەکە هەر بدات و هەر بەدرەوام بێت ئیشەکەی ناتوانی خەڵکەکە دەربکات، ئەویش هەر وای لێدێت لە دوارۆژ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شەفیقە فقێ عبدالله:

**بەڕێز شـــەفـــیـــقـــە فـــقی عـــبـــدالله:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

بەشی زۆری قسەکانی من کاک حمید میران کردی، بەڵام من ئەڵێم ئێستا ئێمە بارودۆخی ئەوەمان نییە کە ئەم بارە قورسە بخەینە سەر وزارەتی دارایی هەموو کاتێکیش هەموو حکومەتێک حەز دەکات، میللەتەکەی خۆی هەموو هاوڵاتیەک باری ژیانی خۆش بێت، بە ئاسوودەیی بژیت، بەرەئی من ئیستا ئەو بارە دوا بخرێت، تاکو ئێمە زروفێکی باشمان دەبێت، ئەو کاتە خۆی حکومەت مولحەقێک دەدات بە هەموو شەرائیحەکان مولزەمی دەکات لەسەر وزارەتی دارایی، ئەگەر ئێستاش ئەکرێت ئەو ئیلحاقە ببێت بە وزارەتی دارایی با مەشروت بێت بە (دون الجانب المالي)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک یونادم ئیشارەتی بە خاڵێکی باش کرد، بەڵام من هەندێ بە روون تر ئەیڵێم بەراستی بە رەئی من هەموو تەقاعوودیەک دەبێت بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ئینجا ئیلحاق بکرێت بە حکومەت ئەوە شتێکی زۆر پێویستە، لەگەڵ ئەو برگەیە نەنوسرێت(دون المسؤولیة المالیة) لە ئیرادات ئەگەر ئیمکانیات باس بکرێت بووترێت جگە لەو مینحەیەی کە حکومەتی هەرێم ئەیدات بە نیقابە یان بە سندوقی تەقاعوود، هیچ مەسئولیەتێکی تری مالیی هەڵ ناگرێت هەردووکی بوترێت، چونکە بوترێت (دون المسؤولیة المالیة)، لەوانەیە مینحەکەش بفەوتێت، بەڵام ئەگەر ئیشارەت بە مینحەکە بکرێت لەگەڵ ئەوەیدا کە زیاتر حکومەتی هەرێم تەحمول ناکات شتێکی خراپ نییە، ئینجا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم بزانی حکومەتی هەرێم، ئەو مووچانەی کە دانراوە (١٥٠٠) یان زیاترە یان کەمترە، ئایا حکومەت وەکو وزارەتی دارایی لەسەر ئەو مەبلەغانە هەیە یان نا؟ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر قسە لەسەر وی بابەتێ هاتە کرنێ فعلەن فەقەرە ئەساسی بێ تەعدیلێ، ئەگەر بەرێ خو بدەنێ هەمی ئەوا، هەرچەندە سەندیکا ماف پارێزان وەکو مە گوتی تایبەتمەندیە وا هەین، بەڵام ئەگەر یەکێک بێ ڤێ قاعێ حازر نەبیتن لەدەرڤە ڤێ فەقەرە بخوینیتن، بە تەئکید دێ بۆ چوونەک پەیدا دەبیتن، فعلەن ئەو ئیلحاقانە دێ شێ تەفسیر ببێت، گەلێک تەحەمووڵاتێ تەبیعاتێ مانێ ژی هەی، هەر چەندە ئیحتیمالە یەکێک تر تەفسیر بکەت، نەخێر چونکە زیکر ناهێتە کرنی مومکینە نەبێت، بۆ جارێ ژ ڤێ ئیجتیهادو تەفسیرات لێ دەرکەوین، مە ژ دەبین باش ئەڤ فەقەرانە بێتە هەلگرتن نەمینێت دڤێ مەشروعێ دا، ئەگەر لە دوارۆژ هاتوو تەقەبوول هاتە کرنێ زێدە کرنا هاتە پێش تەعدیلێک پێشکەش دکەن، ئەم لڤێ حازرین و هاریکاری بۆ بکەین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جمیل عبدی سندی فەرموو.

**بەڕێز جـــەمـــــیـل عـــــبـــــدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

هەروەکی بەری مە گۆتی، مەسئولیەتی مالیی شتەکی زۆر گرنگە هەمی حکومەتێت عالەمێ، ئەگەر خزینەکا بە قووەت نەبت ئەو سولتەیە ئەو حکومەتە فەشەلی دینێت، دبێت بۆ چوونا مە هەمیا وەکی نوێنەری میللەتی دیێ ژی وەکی کورد دیێ ژی دڤێتن هەمی بۆ چوونا مە هەمیا بێتن زێدە ژ گرێ خزینەتا حکومەتا هەرێمێ بکەن، زۆر زۆر وەلێ بکەن ڕۆژ بەرۆژێ کو رەسید ژێ هەبیتن، نەک ئەوا موحاوەلە بکەتن هەر فیئەتەک بزانن کا دی چاوا ئمتیساسی ئەو خزینە دکاتن ئەو حکومەتە بێ هێز بکاتن و فەشەلێ بهێنتن و، حکومەتی کوردی یان سولتەی کوردی نەمێنێت، لەبەر ئەوە( دون المسؤولية المالية)زۆر چاکە، لە هەموو شتێک چاکتر ئەوەیە هەر ئەم تەعدیلە نەکرێتن واتە ئیلحاق نەکرێتن بە وزارەتی دارایی و ئابوری، لەبەر چی؟ چونکە نیقابات و ئیتیحادات هەموویان ئیستیقلالیەتی خۆیان هەیە، زۆر چاکە و گرنگە ئەو ئیستیقلالیەتە بپارێزن، هەروەها وزارەتی دارایی و ئابووری قانون و نیزامی خۆی هەیە، هەیکەلی خۆی هەیە، لە هەیکەلەکەی خۆیدا هیچ سندوقێک نییە بەم ناوە، نابێت ئێمە زۆر شتی تری پێ ئیلحاق بکەین، کە هەیکەلی وزارەتی دارایی و ئابووری ئەوەندە فراوان ببێت یان ئەوەند ماندووی بکەین، کو شتەکی ناحەق هیچ جارەک ئەم وزارەتە نە رەسیدی بمێنیتن، هەمی خەزینەی وزارەتی جیهان دائیمەن رەسیدێکی زۆری هەیە، ئێمە نە رەسیدمان ماوە، چونکە وزارەتی دارایی تەقسیری نەکردووە لەگەڵ هەموویان بۆ هەموو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

کاک جمیل ئەو تەفسیلاتە پێویست ناکات، جارێ وەرە سەر ئەو ئیعتیرازاتەی خۆت بلێ، چی لە خەزینە هەیە یان نییە، ئیشی ئێمە نییە.

**بەڕێز جـــەمـــــیـل عـــــبـــــدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بە رەئی ئێمە ئیلحاق نێتە کرن بۆ وزارەتی دارایی و ئابوری ژ بەر هەیکەلێ وزارەتێ دارایی ئابووری، قانون ونیزامی چونکە نیقابات و ئیتیحادات ئیستقیلالیەتی خۆی هەیە، دەبێت ئەو ئیستیقلالیەتە بپارێزن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبـندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەراستی چەند شتێک برادەران خستیانە روو، زۆربەی وا تەسەور دەکەن کە هەر شتێک

شەریحەکی ماوە، یان بە تەنیا بۆ ئەو یارمەتی ئەو شەریحەیە بدرێت و یارمەتی یەکی تر نەدرێت، تەبعەن سەرەتا گوتراوە هەندێ شەرائیح هەنە، کە ئەوانە فەرمانبەریان نیە لە حکومەت مەشمول نینە بە تەقاعود، ئەوانە هەموویان مەعلومن، ئەوە پارێزەرانە، هونەرمەندانە، هیچ لاری نیە، ئەوەی سندووقی خانەنشینی هەبێت، سندووقی بۆ بکرێت، سندووق بە یاسا دەکرێت لە خۆڕایی ناکرێت، لێرە دا بلێین هەموو نەقابەکان وەکو نەقابەی پارێزەران دەبێت، نەقابەی مامۆستایان بۆ وەکو نەقابەی پارێزەران بێت، چونکە مووچەی خۆیان هەیە و خانەنشین دەبن حەسب ئوسوول لە دائیرەکانیان، یانیش هەندێ برادەرانی تر تەئیدی ئەوە دەکەن کە تەقاعودیەکە زۆرە، پارەی خۆیانە بۆ خۆیان ئیستیقتاع دەکەن، ئێستا بڕیارەکە پێشنیار کراوە لە نیسبەتی (١٠٠٪)ی تێدا هەیە هەتا (٣٠٠٪)، ئیستیقتاعاتی سندووقی تەقاعود لە پارێزەران زیاتر بکرێت هەتا (٣٠٠٪)ی تێدایە، پارەی خۆیانەو وەریدەگرن دەیدەنە تەقاعود، لە زمنی واریداتەکەیان دایان ناوە تەنیا ئەو مینحەیەی کە حکومەت دەیداتێ و، ئەگەر مینحەکەش حکومەت نەیدا، ئەوان چ دەکەن، یەعنی دەتوانن زۆری لە حکومەت بکەن بلێین دەبێت بماندەیێ، کەس پێی ناکرێت زۆری لە حکومەت بکات، لەبەر ئەوەی ئەو ئیلحاقەی هیچ زەرەرێک بە وەزارەتی دارایی ناگەیێنێت، ئەگەر لوتف بفەرمووێ سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیارەکەی دارایی بە ئیعتیبار پێشنیارە بداتە پرۆژەی حکومەت و، راش بۆ پەرلەمانەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەوزوعەکە لە حەقیقەتدا ئەوە نیە بلێین بتوانین بە دانگدانێک بیبڕێنینەوە، بە قەناعەتی ئێمە وەکو سەرۆکایەتی، ناشمانەوەی پەرلەمان بڕیارێک وەربگرێ و، ئەو بڕیارە جێ بەجێ نەکرێت، یان بڕیارەکە کێشەیەک دروست بکات، لە جیاتی ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، بۆیە پێمان باشە، ئەگەر نوێنەرانی وەزارەتی دارایی لەگەڵ حکومەتدا دانیشن، تاکو بگەنە چارەیەک، کە گەیشتنە چارەیەک، ئەوە بەنیسبەت هەموومانەوە باشترە، بۆیە ئێمە ئەو مەوزوعە تەئجیل دەکەین تا دانیشتنێکی تر، هیوادارین هەردوو لا دانیشن و قسەی تێدا بکەن.

تێبینیەک هەیە، یەعنی حەز دەکەم ئەوەی بزانن، راستە لە زۆر وڵاتاندا حکومەت بەرپرسیارە بەرامبەر بە خانەنشین و تەنزیمی خانەنشین و ئیشراف لەسەر خانەنشینی هەموو چینەکان دەکات، بەس لە هەمان کاتدا یەک یاسای خانەنشین هەیە دوو یاسای جیاواز نیە، حەددی ئەعلا هەیە، حەددی ئەدناش هەیە، بەپێی وەزیفە، بەپێی خدمە و، فەرق و جیاوازی نیە لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر، ئێمە تا یاسایەکی وامان نەبێت، ناتوانین داوای ئیشرافی ئەوانە بکەین، یەعنی هەندێ نوسراوی وامان بۆ هاتووە، شتی وا هەیە لێرە، راستە ئەوانە هەمووی راستە، ئەم مەوزوعە تەئجیل دەکەین دەچینە سەر مەوزوعی تر، خاڵی دووەم تەئجیل دەکەین بۆ دانیشتنی داهاتوو.

خاڵی سێیەم: خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی دووەمی یاسای ژمارە (١٧)ی

نوسینگەی راپەڕاندن.

٣ـ نابێ موڵکیایەتی پارەوپوولی ڕێکخستنەکانی سەندیکا(بالتقادم) بێت.

ماددەی بیست وهەشتەم:

کار بە هیچ دەقێکی تر ناکرێت ئەگەر ناکۆک بێت لەگەڵ بڕیارەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی بیست ونۆیەم:

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

ماددەی سییەم:

کار بەم یاسایە دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وقائیعی کوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەردوو بەڕێزان کاک د. ناصح و کاک جلال خۆشناو بۆ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ولیژنەی یاسایی ولیژنەی کۆمەڵایەتی ولیژنەی مافی مرۆڤ ئەکەین . دووبارە زۆر سوپاس بۆ هەردوو بەڕێز، فەرموو بچنە جێگای خۆتان.

خاڵی دووهەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەرخستنە روو و گفتو گۆ کردنی هەموارردنی یەکەمی یاسایی ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای خانە نیشینی پارێزەرانی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش کراوە، تکا لە بەڕێزان نوێنەرانی لیژنەی یاسایی ولیژنەی دارایی دەکەم، فەرموون وەرنە ئێرە، هەروەها کاکە رەش نقشبندی.

لە باسی ماددەی یەک بووین، بڕیاریش وابوو لەگەڵ نوێنەرانی حوکمەت و هەردوو لیژنەکە دانیشین و، بگەینە نەتیجەیەک،ئەگەر گەیشتبن تکایە بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو .

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان مامندۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی دانیشتین وپێشنیارەکەی ئێمەیان پەسەند کرد کە ماددەی یەکەم (تلحق بوزارة المالية والاقتصاد) هەڵبگیرێت، یەعنی پێشنیارەکەی ئێمە پێی رازی بوون، بۆیە لێرەش پێشنیار دەکەین کە ئەو بڕگەیە لە ماددەی یەکەم هەڵبگیرێت، تەبیعی بڕگەییەک هەیە لەسەرچاوەکانی داهات وەک(منح)ە هەر کاتێ کە وەزعی داراییی حکومەت باش بێت ئێمە ئیعتیادی دەتوانیین بەهۆی ئەو (منح)ە کە لە یاسایەکەدا هەیە لە بابی سەرچاوەکانی دارایی یارمەتی ئەو سندوقە بدەین، بەڵام هەدەفەکە تەنیا ئەوەیە کە ئیلتیزامێکی یاسایی لە

سەر ئێمە نەبێ ئینشاالله وەزعەکە باش بێت، ئێمە نەک پارێزەرەکان بەڵکو یارمەتی هەموو یەکێتیەک وسەندیکا ونەقابەکانی تر دەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس،بەڕێز کاکە رەش نقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن لەکاتی خۆی وەک لیژنەی یاسا بەراستی پشتگیریمان لە پرۆژەی حوکمەت کرد ولە سەری سور بووین کەبەردەوام بێت، لەبەر ئەوە کە جەنابی وەزیری مالیەی بەو ناوەی کە تەمسیلی حوکمەت دەکا، ورای حوکمەتیشی بەو شێوەیە وەرگرتووە ئەو بڕگەیەی تێدا نەبێ، یەعنی تەعدیلی پرۆژەکە، ئێمەش وەک لیژنەی یاسا ئێستاش پشتگیری لە پرۆژەکەی حوکمەت دەکەین مادام پرۆژەکەیان گۆڕی و، بە پرۆژەی حوکمەتی ئەزانین و، پشتگیری لەپرۆژەکە دەکەین و، ئەو عبارەتە لە ئاخیری ماددەکە نەبی ئیلغا بکرێ و(تلحق بوزارة المالیةوالاقتصاد ) زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوەش تەئییدی ئەوە ئەکەن، زۆر سوپاس ، تکایە ماددەی یەکەم بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولی: تعدل الفقرة (اولا) من المادة الثانیة من القانون وتقرأ کالآتي:

اولاً: یؤسس في مقر النقابة صندوق لتقاعد المحامین تحدد موارده ونفقاته وتدار من قبل هیئة بموجب احکام هذا القانون وتلحق بوزارة المالیة والاقتصاد.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن. نەسی ئەسلیش بەم شێوەیە(تلحق بوزارة المالیة والاقتصاد ) تێ دانییە، بۆیە ئێمە لەگەڵ پێشنیارەکەی حوکمەتین کە ئەو نەسە هەڵبگیرێت وماددەکە لەوانەیە هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی پێویست بەو گۆڕانکارییەی ماددەی یەکەم ناکا، تکایە ماددەی دوو بخوێننەوە.

پێشنیارەکە ئێستا ئەوهایە ئی حوکمەت وهەردوو لیژنەی یاسایی ودارایی ماددەکە نەمێنێت، یەعنی ئەو گۆڕانکاریە نەکرێت، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەوە پەسەند دەکەن کە ئەو تەعدیلە نەکرێت دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس.

ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە پێشنیارەکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی

یەکەم پێویست ناکا ،ماددەی دووەم ئەبێتە ماددەی یەکەم فەرموو.

**بەڕێز شـــیـــروان ناصح حـــیـــدری :**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

المادةالاولى :

تلغى المادة (٣) من القانون وتحل محلها ما يأتي :

١ـ تتألف هيئة الصندوق من ثلاثة أعضاء أصليين وثلاثة اعضاء احتياط يمثلون كلا من وزارة العدل و وزارة المالية والاقتصاد ونقابة المحامين.

٢ـ يرأس الهيئة ممثل من وزارة العدل و يمثل الصندوق امام المحاكم والدوائر الاخرى.

٣ـ ترشح وزارة العدل العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين حكام الدرجة الاولى.

وتختار وزارة المالية والاقتصاد العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين موظفيها الذين لا تقل درجتهم عن درجة مدير وترشح نقابة المحامين العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين المحامين المستشارين.

٤ـ يعين وزارة المالية والاقتصاد اعضاء الهيئة المذكورة في الفقرة(٣) من هذه المادة لمدة سنتين قابلة للتجديد .

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

رای لیژنەی یاسا.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

تەنیا برگە (٤) بە رای ئێمە وەک لیژنەی یاسایی ئەو دوو ساڵە بکرێت بە یەک ساڵ (قـــابلة للتجـديد) ، لە بەر ئەوەی ئوموری داراییە ، بە حەقیقەت پێویستە زوو گۆرانکاری تێدا بکرێ وجائیزە هەر نەفسی جەماعەت دووبارە تەجدید بکرێ و، جائیزە مەجموعەیەکی تربێن لەبەر ئەوە بە رای ئێمە ساڵ بە ساڵ بگۆڕێ باشترە،بە تایبەتی ئەو وەزعەی کە ئێستا ئێمە تێداینە، بەرای ئێمە بکرێ بە ساڵێک، زۆرسوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جـــمـــیـــل عـــبـــدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

بە رایا ما لە ثانیەن هاتییە (من بين حكام الدرجة الأولى) راستە لە قانونی عێراقی حکامی (درجة اولى)بەڵام تەنیا محامیەکان لە بەغا هەن بیست جار بەقەد محامیەکانی هەموو هەرێمی

کوردستانن، وهەوڵ دا زیاتر مەجالی هەبێت بۆ وەزارەتی عەدل(من بین الحکام) ئەو کاتە وەزارەتی عەدل بەکیفی خۆی حاکم دەرەجەی بۆ دانێت، حاکمی دەرەجە دووەم، سێیەم، چوارەم.
حاکمی دەرەجە یەک زۆر کەممان هەیە لە هەرێمی کوردستان وئیستئناف پێویستی بەوان هەیە، جینایەت پێویستی بەوان هەیە لە بەر ئەوە (من بین الحکام)، ئەوە خاڵێک.
خاڵی دووەم : لە خاڵی سێیەم دا هاتووە (وترشح نقابة المحامین)بە رای ئێمە لیژنەی دارایی (نقابة المحامین) تا هەیە ئەوکۆیێتی نقابەتەکی زۆر زەحمەتە،(وترشح مجلس نقابة المحامین) مەجلیس بۆی هەبێت مومەسلی خۆی تەمسیلی بکا و(ترشح مجلس نقابة المحامین ).
٣ـ سەتری پێش ئاخیر مەجلیس نقابەی محامین ترشیح بکات زۆر ساوێن ترە نەک بێژن نقابەی محامین ترشیح بکاتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەو حیسابەی وەزارەتیش زۆر گەورەیە،وەزارەتی مالیەزۆر گەورەیە، وەزارەتی عەدل گەوریە ئەوەش جیهەتەکی لێرە تەعیین ناکەی بەو حسابە بێت .

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئیل تەعدیلێ دەبیە مدیر، پێشتر راستە مدیر عام بوو، بەڵام ئەمجارە زۆر زەحمەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کە دەڵێی نەقابە تەحصیل حاصل دەکرێت، کە دەڵێی وەزارەت مەعلومە وەزیرەکانە وا نیە، لە ناحیەی داراییەوە هیچ تێبینیتان هەیە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەناحیەی دارایی دەیانبێژن وەکو حوکام دەرجەی یەکەم ناحیەی راتبێ ناحیەی موخەسەساتی زۆر زۆرە، حوکام دەرەجەکەی فراوانترە لە وەزارەت کێ بە پەسند دەزانن، مومکینە هەر ئەوە بێت و، فەقەرەی چوارەم کەشکول هاتووە (سنتان) وەکو خۆی بمێنێت، چونکە هەر ساڵێک ئەمرێک دەرپچێ، مومکینە ئەو هەیئە تەشکیل نەبووە باش ئیشەکەی خۆی نەزانیوە، یەکسەر تەغییر بکەی، لە ماددەی (٣٤)یش کە قانونی نەقابەی پارێزەران هەر سێ ساڵ هەیئەی عامە کۆ دەبێتەوە، ئەمەش هەیئەی سندووقە، بەلای کەمەوە هەر دوو ساڵ بێت، یەعنی بیکەنە یەک ساڵ رای ئێمە لیژنەی دارایی هەر زۆر زۆر کەمە لە پرۆژەکەدا دوو ساڵ هاتووە، وەکی خۆی بمێنێت، ئێمە پشتگیری لە ئەصلی مەوزوعەکە چۆن هاتووە دەکەین، زۆر چاکە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک جەمیل، وەڵامی ئەوەتان هەیە لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێین نەقابە، یەعنی مەجلیسی نەقابە لە نەقابەی زیاتر هیچی تر نیە، چی تر هەیە لە غەیری مەجلیسی نەقابە، موئتەمەر هەیە خۆ قابیلە تەئجیلی ناکەین تا موئتەمەرێک دێت نوێنەرێک دادەنێ بۆ سندووق، کە دەڵێین نەقابە یەعنی مەجلیسی نەقابە، مەجلس کۆ دەبێتەوە شتێکی زۆر تەبیعیە، وەکو بەڕێزتان فەرمووتان وەزارەت یەعنی وەزارەتی دارایی، دووەم مەسەلە مەسەلەی ساڵێک و دوو ساڵ، بە حەقیقەت ئەوە مەسەلەیەکی ئیداری بەحتە، هیچ پەیوەندی بە ئوموری داراییەوە نیە، کە ئەوە لە ناحیەی دارایی خراپە یان چاکە، موجەڕەد لە ناحیەکی ئەمانە و، وەزیری دارایی بەڕێز صەلاحیەتی هەیە هەمان لیژنە تەجدید بکات، بەس ئەو لیژنەیە با بزانن ئەوانە کاتینە، لیژنەی سندووق بۆ ماوەی ساڵێک چ زەرەری هەیە، ئەگەر ساڵێک بێت. سێیەم مەسەلەی حاکم، کە دەڵێین حاکمی دەرەجەی یەکەم لەو حالەتەیە، مەوزوعی سندووق لە ناحیەی داراییە، حاکمی دەرەجە یەک خیبرەکی باشی هەیە، لەبەر ئەوەی پێویستە کابرایەک بێت وەزنی خۆی هەبێت، چونکە خەڵک موراجەعەت دەکات، سندووقە و تەقاعودە، نەک حاکمێکی دەرەجە چوار کە تازە تەعین بووە، مومکینە دە رۆژە هاتووەتە حەقلی قەزا، یەکسەر تەعین بووە لە موحامات را هاتووە، مومکینە قەزایەی دارایی و قەزایەی سندووق وەکو قەزیەکی زۆری نەدیوە، لەبەر ئەوە حاکمی دەرەجە یەک بێت لەبەر ئەمانە، یەعنی نازانم ئیعتیرازەکە بەرای من ئیعتیرازێکی دارایی نیە، یەعنی لەسەر ئەساسی ئەوەی ئەگەر لە ناحیەی دارایی بێت خراپە یان چاکە، ناحیەیەکی تەکنیکی ئیداری بەحتە، لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی مەفروزە تەرکیز بکات لەسەر قەزایای دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ ئەو ماددەیە برێک تەوزیح بکەم بە حەقیقەت خۆی هەیئەتی سندووقی ئێستا دوو ئەندامی تێدایە لە نەقابە، یەکێکیان ئەندامی مەجلسی نەقابەیە کە سەرۆکایەتی هەیئەی سندووق دەکات، ئەویتریان پارێزەرێکی موستەشارە، ئێمە وەکو نەقابەی پارێزەران نامانەوێ هەیئەی سندووق ئالەتێک بێت لە دەست نەقابە، بەکەیفی خۆی نەقابە تەوجیە بکات، چونکە بریارەکانی هەیئەی سندووق قابیلی ئیعتیراز و قابیلی تەمییزە، بۆیە پێمان باشە حاکمێک

سەرۆكايەتی ئەم هەیئەتە بكات، بۆ ئەوەی بڕیارەكەی عادیلانەو بە حییاد بێت، ئەوە لە لایەكەوە، كە مدیر داوا كراوە بە حەقیقەت، ڕەنگە مدیر عام، بەڕێز وەزیری دارایی لێرەیە لە وەزارەتی دارایی كەم بێت و مەشغول بن و زۆریش ئیشوكاریان هەبێت، ئێمە كە دەرەجەی مدیریان داناوە، بۆ ئەوەی مەجال بدەینە وەزارەتی دارایی، ئەگەر مدیر عام نەبوو، مدیرێكمان بۆ دابنێ و، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بكەنەوە، بەڕێز كاك د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای یاسایەكەی پێشتر بكەین كە ئەو تەعدیلەی بەسەر داهاتووە، ئەو نوێنەرەی یان ئەو ئەندامەی لە وەزارەتی دارایی مدیر عامە لێرە كراوەتە مدیر دیارە ژمارەی مدیریش لە وەزارەت زۆرە، وەكو مدیر عام لە یاسایە ئەسڵییەكە بۆ مدیر عامیش خاڵێكیان دانابوو، ئێستا كە ئێمە كردومانە بە مدیر ژمارەكەشیان زۆرترە، هەر ساڵەكە بمێنێتەوە باشترە، نەكرێتە دوو ساڵ، یەعنی دوو ساڵ جارێك بگۆڕی ژمارەیان زۆر دەبێت لێرە، یەعنی هەموو ساڵێ دەتوانی دوو كەس بگۆڕی، جا بەڕای من ساڵەكە بمێنێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە تێبینیەكان بنووسنەوە لیژنەی یاسایی، تاوەكو وەڵامیان بدەنەوە، بەڕێز كاك بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكو لە یاسایەكە ئەسڵی قالبەكە هاتووە لە بڕگە دوودا، دەڵێ سەرۆكی هەیئە تەمسیلی سندووقەكە دەكات (امام المحاكم والدوائر الأخرى) نازانم بۆ (الاشخاص الطبيعية والمعنوية)ی لێپچراوە لێرە، پێشنیارەكەش ئەوەیە ئیزافەی ئەو عیبارەیەش بكرێ (والاشخاص الطبيعية والمعنوية) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وازیحە پێشنیارەكەی، بەڕێز كاك حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حـــمـــيـــد سليم مـــيـــران:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

من پشتگیری لیژنەی دارایی دەکەم لەبارەی برگە سێ لە ماددەی دوو کە دەڵێ (ترشح وزارة العدل العضوالاصلي والعضو الاحتياط من بين حكام الدرجة الاولى)، مانای ئەوەیە دەبێت دوو حاکمی دەرەجە یەک بنێرێ بۆ ئەوێ، منیش وای بە چاک دەزانم بۆ ئەوەی دەستیان کراوە بێت کە (بين حكام) کافیە و، تا دەرەجە یەک دەنێرێ یان دوو، یەکێکیان دەرەجە یەک و ئەوان دەرەجەی تری دەدەنێ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــمـــد امين مـــولود امين:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

تێبینیەکەم لەسەر برگە چوارە (تعين وزارة المالية والاقتصاد اعضاء الهيئة المذكورة في الفقرة (٣) من هذه المادة لمدة سنتين قابلة للتجديد)، بەڕاستی ئەمە وا دەگەیەنێت کە وەزارەتی دارایی ئەوان تەعین دەکات، بەڵام ئێمە لە پێشەوە وتمان تەرشیح هەر لە لایەنێک بەس هی خۆی تەرشیح دەکات، باشتر وایە بڵێین ( يتم تعين أعضاء الهيئة بموجب امر صادر من وزارة المالية والاقتصاد)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیب محمد حسين (سيروان كاكەيی):**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

هەمان تێبینی کاک محەمەد ئەمینە، بەس من لەسەر وشەی تەعینەکە دەڵێم لە جیاتی ئەوە (يتشكل أعضاء الهيئة بأمر من وزارة المالية)، ئەگەر لە ڕووی ئیداری و یاسایی بگونجێت ئەو شێوەیە (يتشكل أعضاء الهيئة)، خۆ ئەوانە لە جێگای خۆیان تەعینن، بەتایبەتی ئەوەی دارایی و حاکمەکانیش، موعەیەنن لە جێگای خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز ســـفـــر مـــحـــمـــد حـــسين:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

هەر لەسەر فەقەرەی چوار، وابزانم هەندێک ئیشارەتمان پێدا، بەس ئەگەر سەیری بکەین لە

فەقەرەی یەک و دوو و سێ ئەندامی هەیئەی سندووق بەخۆی موعەیەنە، یەعنی یەک حاکمە و یەک دەرەجەی مدیرە بە حوکمی قانون موعەیەنن، وابزانم ئەو مەهامی زێدە، ئەو ئیشی زێدە بە سیفەتی مونتەدیب بێت یان مونتەسیبی بێت شتێکی وا، تەنسیب ئان ئینتیداب، جا کە هەر شتێکی زۆر پێویست بێت، مومکینە بڵێین وەزیری دارایی ئەمرێکی وای دەرکرد بۆ تەکلیفی ئەو ئیشوکارە، بەڵام (یعن وزیر المالیة) شتێکی جائز نیە و نابێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیل فەقرە سێ بێژت (حكام الدرجة الاولى)، ئەگەر تەسەلسولێ حوکام بە قەناعەتی من صنفی یەکەمە، نەک دەرجەی یەکەم، هەروەکو ئەسباب موجیبە لێی هاتووە، ئێت بێژت (حكام من الصنف الاول) دەرەجە نابێت بۆ حوکام، صنف تێدە گوتن، ئەڤە ئێک، ئی دوێ: من تەئیدەی لیژنەی قانونی دەکەم کە ساڵێک بێت، چونکە مەسەلەی مالی بۆ پاکی و پاقشتن و پاراستن ساڵێک باشترە، ئەگەر بێت پاکوخاوێن بن، جارێکی تر گەلێک دیپاقشتر بن.

سێ: ماددەی فەقەرە یەکێ نزانم نەوعێک غەموز داتبینم، چونکە سێ جیهەت سندووقی نوێنەریت خۆی هەین، ئەندامێکی ئیحتیات و ئەندامێکی ئەسڵی، ئایا ڤێ فەقەراتێ یەعنی شەرتە هەر یەکو یەکی ئیحتیات و ئەسڵی هەبن وەکو تەوزیع ڤێرەدا، چونکە ماددەی ئەسڵی ئەگەر بێتە تەعدیل کرن، ئیحتیمالە مەفهوم ترە، ئەل ڤێرێ ئەو نەصصە نەشەرتە ئێکی ئەندامی ئیحتیات و ئێکی ئەسڵی لگەل تەمسیلی هەر جیهەتێک کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. رزگار، لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامەکە بدەرەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاک ئەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو برادەرانەی کە ئیعتیرازیان لەسەر (تعين وزارة المالية) بوو، لێرە تەعین یەعنی تەسمیە مەفروزە ئەمرێک دەربچێت، ئەوانە دەبنە ئەندامی سندووق، راستە خۆ لە دەوائیری خۆیان نینە، ئەگەر تەعین بکرێن، بەس (يعينون للإشراف على الصندوق لتنفيذ مهام صندوق التقاعد)، یەعنی جیهەتێک بڵێ ئەوانە وانە، یەعنی ئەو جیهەتەش وەزارەتی دارایی بەپێی ئەو یاسایە تەخویل کراوە، تەعین مانای ئەوە نیە (تعينهم للاشراف على الصندوق) یان (تسميهم للإشراف على الصندوق)، (تعين كأعضاء الهيئة في الصندوق) مانای ئەوە نیە تەعین لە دائیرەی خۆیان تەعین بوونە جارێکی تر تەعین دەبێتەوە، ئەوە پەیوەندی بە یاسای نەقابە و شتی وا نیە،

برادەران لەوانەیە وا تەسەور بکەن کە تەعین و شتی وایە.
ئەوەی کاک بورهان فەرمووی، یەعنی ئەگەر ئیزافەی بکەینەوە یان ئیزافەی نەکەینەوە، یەعنی زمنی دەوائیری تر ئەوانەی شەخسیەتی مەعنەویان هەبێت، تەقریبەن کیانێکیان هەبێت، دەتوانێت حارز بێت لە پێش هەر جیهەتێک، بەڵام ئەگەر ئیزافەی بکرێ هیچ زەرەری نیە بۆ ئەوانەی شەخسیەتی مەعنەویان هەیە، بەڕای من کە دەڵێی دەوائیری تر هەموو شتێکی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ماددەکە زۆر دوور و درێژ دەبێت.
ئەوەی کاک د. ئیدریس فەرمووی، ئێمە فەرزمان نەکردووە لەسەر وەزارەتی دارایی ئیلا دەبێت مدیر بێت گومان (لاتقل درجتهم عن درجة مدير) ئینشاءالله مدير عامێکی دادەنێن، چونکە سەربەخۆیە بۆ خۆی، بەس کە دایدەنێین (لايقل عن مدير)، سوپاسیشی دەکەین ئەوەی تەئیدی ئەوە دەکات کە دەڵێ بۆ ماوەی ساڵێک بێت، فعلەن ماوەی ساڵێک زۆر باشترە ئەمین ترە لەوەی کە زۆر درێژەی نەدەینێ، چونکە سیاسەتێکی ئیداریە لە هەموو جیهەتێک هەیە، هەتا کاتی خۆی فەرمانبەری ئیداری فلان حەزیان نەدەکرد زۆر لە جێگایەکدا بمینێن، رای وەزیری دارایی ئەوەیە کە ئینسانێکی باش و بە رێکوپێکی دەمێنینەوە دووبارە داوایان لێ دەکرێ، بەس ئەندامی ئەسڵی و ئیحتیات پێویستە هەبێت، دوایێ ئەو برادەرانە تەسەوریان کرد کە حاکم مەشغول دەبێت، حاکم دەچێت لە نەقابە دادەنیشێت ئیشوکاریان سندووقە، مومکینە قەزیەکی تەقاعودیە یان قەزیەکی ئەوەیە لەنێوان خۆیان کۆ دەبنەوە و (١٥) رۆژ جارێک یان (٢٠) رۆژ یان مانگێ جارێک کۆ دەبنەوە و سیاسەتی سندووق تا بزانن چی لێ هاتووە، بزانن کێ تەقاعود بووە یان نا، یەعنی ئەو حاکمە ناچێت لە نەقابە دەوام بکات واز لە دائیرەکەی خۆی بێنێت، برادەران تەسەوریان ئەوها بێت، وەڵڵا چووەتە سندووق دوو حاکم بەوە مەشغول بوون، ئەسڵەن پێ مەشغول نابن، ناوەکانیان دێت، ئەگەر ئەو حاکمە پێی نەکرا بێت ئەویتریان ئیحتیاتە دەچێتە جێگای دادەنیشێت بۆ ئەوەی ئیشەکەی رانەوەستێت (١٥) یان (٢٠) رۆژ جارێکە، مومکینە بچێت سەعاتێک لەوێ کۆ ببێتەوە، یەعنی ئەرکێکی وا زۆر نیە تەسەور وا بێت ئیشغالی بکات لە وەزیفەکەی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی پێشنیارەکە بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

تلغى المادة (٣) من القانون وتحل محلها مایاتي:

١ ـ تتألف هيئة الصندوق من ثلاثة أعضاء أصليين وثلاثة أعضاء احتياط يمثلون كلا من وزارة

العدل و وزراة المالية والاقتصاد ونقابة المحامين.
٢ ـ يرأس الهيئة ممثل من وزارة العدل ويمثل الصندوق امام المحاكم والدوائر الاخرى.
٣ ـ ترشح وزارة العدل العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين حكام الدرجة الاولى.
وتختار وزارة المالية والاقتصاد العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين موظفيها الذين لاتقل درجتهم عن درجة مدير وترشح نقابة المحامين العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين المحامين المستشارين.
٤ ـ تعين وزارة المالية والاقتصاد أعضاء الهيئة المذكورة في الفقرة (٣) من هذه المادة لمدة سنة واحدة قابلة للتجديد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەک بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، چوار ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکەن، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دوو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:
أ ـ تعدل الفقرة (٣) من المادة (٥) من القانون وتقرأ كالاتي:
٣ ـ ١٠٪ من الاتعاب التي تدفع للمحامي عند توكيله في الدعاوي التي تنسبها له لجنة توزيع الدعاوي بموجب قانون المحاماة.
ب ـ تضاف فقرة (٤) الى المادة الخامسة من القانون وتقرأ كالاتي:
٤ ـ الهبات الوصايا للصندوق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە ئەو لە(١٠٪) بکرێتە لە (١٥٪) باشترە و زیاتر وەفری دارایی پەیدا دەبێت بەنیسبەت سندووقی نەقابەی، بەڵێ پێمان باشە لە (١٥٪) ئیراداتی سندووق زیاتر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئیستقتاعەکە لە (١٠٪)یە تا ئێستا، بەڵام پێشنیاری هەیئەی سندووق لە (١٥٪) بووە، وابزانم هەڵەیەکی چاپ بووە، لەوانەیە لە (١٥٪)ش لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتبێت، ئێمە ئەو (١٥٪)یەمان کە داناوە تەعزیزە بۆ مەرکەزی دارایی نەقابە، لەبەر ئەوەی ئێمە داوای تەقاعود دەکەین، داوای حقووقی خۆمان دەکەین، رسووماتمان زیاد کردووە لەو پرۆژەیە، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەسڵی ماددەی فەقەرە سێ دبێژت (النسب المئوية المستقطعة من الاتعاب المحامين في الدعاوي والمشورة القانونية)، یەعنی ئەساسەن زۆر زۆر شامیلە ئیت ڤێت مە نیسەبی میئەوی هەمی ئەتعابی میحامی وەرگرت تەهەمی دەعاویادا گەل مەشورە قانونی، ئیل ڤێرێ چ لە (١٠٪) بێت چ لە (١٥٪) بێت، یەعنی مەجموعی پارە ئەوەی دەفعی دەکات زۆر هینا خوارێ، حەسریان کردووە بە ئەو (الدعاوي التي تنسبها له لجنة توزيع الدعاوي بموجب قانون المحاماة)، یەعنی ساڵێ یەک دەعاویش نیە تەوزیع دەعاوی بکاتە موحامی، یەعنی یومکن دوو ساڵ یەک جار بەشی ئەو ناکات، هەر چ نەبێ ئەگەر لە (١٥٪) با مەشورەی قانونیشی تیا بێت، ئەگەر لە هەمووی دەعاوی وەکی ئەسڵی ماددە نەبێت، با هەر چ نەبێت مەشورەی قانونی لێ وەربگرێتن لە (١٥٪) و، لە فەقرەی (ب)نووسراوە (تضاف فقرة (٤) الى المادة الخامسة) ئەساسی ماددەی پێنجەم مەفروزە بەڕێز کاکەڕەش کە جێگای ڕێزو تەقدیری ئێمەیە گوتی دەبێت لیژنەی ئابووری ئەوەندە لە مەسەلەی دارایی با سەیر بکات، خۆی سەیری ماددە ئەسڵیەکەی کردووە، خۆی ماددەکە پێک هاتووە لە پێنج فەقەرە، چۆن ئیزافەی فەقەرەی چوارەمە، فەقرەی چوارەمی ئێستا موشابهی چوارەمی کۆنە، فەقەرەی چوارەمی کۆن دەڵێ (الهبات المختلفة)( بموافقة السلطات المختصة)، لێرە وەکی شوبھ تەعدیلتان کردووە دەڵێ (الهبات والوصايا للصندوق) ئەساسی ماددەکە بەخۆی هاتووە لە پێنج فەقەرە ماددەی پێنجەم، لەبەر ئەوە رای ئێمە ئەو فەقەرەی (ب) نەمێنێت، چونکە بە خۆی ئەسڵەن لەگەڵ فەقەرەی چوارەم لە ماددەی پێنجەم لە (الهبات المختلفة بموافقة السلطات المختصة) تیایە و، لە (أ)یش مەشورەی قانونی تیا بخرێت، چونکە بۆچوونی هەردوو بەڕێزان مامۆستا شێروان حەیدەری و مامۆستا کاکەڕەش کە لە (١٠٪) بکرێتە (١٥٪)

زۆر باشه، بەڵام مەشورەی قانونیش مەشمول بێت زۆر باشه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیه لەسەری، فەرموو.

**بەڕێز كاك ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو فەقەرەی چوارەمەكە ئیزافه كراوە، مومكینه هەڵه كراوە و، هەڵەكە هی ئێمه نیه، ئەوە لە پرۆژەكە كە پرۆژەی حكومەته، با تاوانەكە تەوجیهی ئێمه نەكرێت، چونكه ئێمه نەمان كردووە، لەوانەشه لەناحیەكی تر له هەڵەیەكی چاپ هاتووە، شتێكی زۆر تەبیعیه تەسەلسولەكە شتێكی ئەوەندە كارەسات نیه، تەسەلسولی فەقەرەیەك زیاد بووە یان كەم بووە، ئەوە یەك.

دوو: سەرۆكی لیژنەی دارایی دەڵێ مومكینه دەعوایەك بێت، بەپێی یاسای نەقابه پارێزەر تا ئێستا هەر دەعوایەك قیمەتی لە (١٠٠٠٠)دینار زیاتر بێت ، دەبێت دائیره پارێزەر بگرێت، (١٠٠٠٠) دینار كە ئەمڕۆ چ قیمەتێكی هەیه، ئێستا وا تەسەور بكەم پرۆژەیەك بەدەست حكومەتییه، ئەو پارەیەی زیاد بكەن، ئەگەر هاتوو زیاد كرا بگەینه سنووری (٥٠٠٠٠) دینار یان (١٠٠٠٠٠) دینار، بەس هەتا ئێستا بە دەیان ناتوانم بڵێم بە سەدان، بە دەیان دەعاوی هەیه كە ئێستا لە زیمەی پارێزەرەكانه، چونكه له (١٠٠٠٠) دینار زیاتر فەرمانبەری حقووقی دائیره ناتوانێت ئیشتیراك بكات، نازانم ئەو وشەی ساڵی یەك دوو دەعاوی لە كوێ هاتووە، ساڵێ هەزاران دەعاوی هەیه لە دەوائیری حكومەتی، ئەو خەڵكەی شكایەت دەكات كێ هەیه لە (١٠٠٠٠) كەمتر شكایەت لە حكومەتی بكات نازانم، لە چ جێگایەك هەیه، مومكینه خاوەنەكەی ئەگەر (١٠٠٠٠) دینار بێت هەر لێی خۆش بێت، نەچی موراجەعەی دەوائیر بكات، مەسەلەی مەشورەی یاسایی، مەسەلەكە مەتروكه لەنێوان وەزیر و شەخسی پارێزەر، نامانەوێ ئێمه ئەوەی فەرز بكەین لەسەر پارێزەرێك، لەبەر چ فەرز ناكەین؟ تاكو ئەو دائیرەیه سەربەخۆیی هەبێت، چونكه لەگەڵ لیژنەی دابەش كردنی دەعاوی نیه، دەعاوی حكومی دەبێت دائیره كتابێك تەوجیه بكات بۆ لیژنەی دابەش كردنی دەعاوی بڵێ پارێزەرێك تەرشیح بكەن دەعوایەكمان هەیه لەگەڵ فلان جێگای، بەڵام بۆ مەشورە وەزارەتەكە خۆی پەیوەندی بە پارێزەر دەكات و، نەقابه نازانی پەیوەندی نێوان پارێزەران و ئەوان چییه؟ بە ئاگاداری نەقابەی نیه، نەقابه تەرشیحی ناكات بۆ مەشورە خۆی وەزارەتێكی سەربەخۆیه، هەر وەزارەتێك كێ بانگ دەكات، پێی وایه كابرایەكی كەفوئه مەشورەی پێ دەكات و، چەندی دەداتێ، لەوانەیه لە زمنی موكافەئات بێت، هەر بە موكافەئه بیداتێ، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەته تەحدید كردنی.

دووەم: لێره هاتووە دەڵێ (النسب المئوية المستقطعة) مانای ئەوەیه نیسبەكە دیار بكرێت، پێشتر لە (١٠٪) بوو ئێستا بكرێته لە (١٥٪)، لە (١٥٪) كە پێمان باشترە، وەكو كاك

شێروان فەرمووی وەزعی سندووق باشتر دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی بۆچوونەکانی برای بەڕێزم کاکەڕەش دەکەم، بەس دەمەوێ یەک خاڵ تەوزیح بکەم، ئەو کرێیەی کە لە مەشوەرەی یاسایی وەردەگیرێ موڵکی هەیئەی سندووق نیە، موڵکی نەقابەی پارێزەرانە و، نەقابەی پارێزەرانیش کە ئەو مەشوەرەی وەردەگری تەعینی پارێزەر دەکات وەکو موستەشارین بۆ کۆمپانیای ئەهلی و ئەجنەبیش و، ئەمری تەعینیان لە لای ئێمە دەردەچێ، بەڵام ئەوەی تر کە برای بەڕێزم کاکەڕەش ئیشارەتی پێدا، ئەوە هی ئەو دائیرانەیە کە بۆ خۆیان موستەشاری یاسایی دادەنێن، ئەوەش هەر مەفروزە ئەو مەشوەرە بێتە نەقابەی پارێزەران، بەڵام ناچێتن، بۆمان نانێرن لەسەر هەموو شتێک، ئەوە ئیتیفاقێکە لەنێوان دوو تەرف، بۆیە بە حەقیقەت هەیئەی سندووق کە مەسەلەی کرێی مەشوەرەتی لێرە دەرهێناوە، کرێی مەشورەت ئێمە وەریدەگرین حاڵی حازر، ئەوە نۆ ساڵە، پەیوەندی بە هەیئەی سندووق نیە، بەڵکو نەقابەی پارێزەران وەردەگرێت، بۆیە لێرە لامان بردووە، نیسبەتەکەشی زیادیان کردووە، ئێمەش تەئیدی نیسبەتەکەی دەکەین و، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک جەمیل عەبدی سندی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو قانونی مەعمول لە ساڵی ١٩٩٩ لە پەرلەمان دەرچوو، لە ماددەی پێنجەم فەقەرەی سێیەم نووسراوە (النسب المئوية المستقطعة من اتعاب المحامي في الدعاوي والمشورة القانونية)، یەعنی مەشوەرەی قانونی دەبێت لە ماوەیەک بێتە سندووق، ئەگەر نەقابەی پارێزەران بۆ خۆی دەبێت و نایێتە سندووق، مانای موخالەفەیەکی قانونی زۆر زۆر سەریحە، قەت تەسەورم نەکرد کە ریئاسەتی نەقابەی پارێزەران ئەو موخالەفەی قانونی بکاتن، چونکە لە ماددەی پێنجەم لە فەقەرەی سێ هاتووە ( النسب المئوية المستقطعة من أتعاب المحامين في الدعاوي والمشورة القانونية) راش رای جەنابێتەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شێروان حەیدەری.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حـــــیـــــدری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە تەئیدی کاک جەمیل دەکەین، فعلەن نسەبی موستقتەعە لە (١٠٪) بۆ هەیئە دەچێت، ئێستا بە نیسبەت دەعاوی حکومی زۆر ئیعتیادیە، ئەوە دەچی، ئەویتریش بۆ ئێمە دێت، بەڵام لە یاسایەکە هەڵەیەک بوو بە حەقیقەت، ئێمە دەمانەوێ چارەسەری ئەو هەڵەیە بکەین، چونکە لە کاتی تەتبیقاتی عەمەلی تووشی ئەو هەڵەیە بووینە، مەوزوعەکە راستکردنەوەی ئەو هەڵەیەیە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شـــــعـــــبـــــان طیب:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەنیسبەت نیسبە ئەویش گەل وێ جەمع بکا دەبێتە لە (١٥٪) بەدل لە (١٠٪)، چونکە بۆچی مەواریدی سندووقا وان پتر بێت، یا دوێ ئێمە گوتن کە مولحەق نەبێتن بە وەزارەتا مالیە، با ئیعتیمادی سەرف بکەن پتر، لەگەڵ رێز و سڵاوم.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری فەرموو.

**بەڕێز ســـرکـــیس ئاغـــا جـــان مـــامـــەندۆ:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە پشتگیری لە رای لیژنەی یاسایی دەکەین، لە (١٠٪)یەکە بکرێتە لە (١٥٪) بۆ ئەوەی داهاتەکانیان زیاد بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بەڕێز کاک بورهان جاف فەرموو.

**بـەڕێـز بـرهـان عـلـی جـــــــاف:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

زۆر سوپاس بۆ کاک شێروان دەربارەی مەشوەرە بوو کە تەوزیحی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــد طاهر زين العـــابدين:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر برگەی (ب) ئیزافە بكرێت، حەقە بڵێی (تعدل فقرة (٤) من المادة (٥) وتقرأ كالاتي)، بەڵام ئەگەر وەكو خۆی ئەسڵەكە بمێنێتەوە، پێمان موەفەق ترە، چونكە ئەسڵەكەش هەر دەڵێت (الهبات المختلفة بموافقة السلطات المختصة)، (الهبات المختلفة) وەصایاش دەگرێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك حمە عەلی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حـــمـه علی توفـــیق مـــیـــرزا فـــتـــاح:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڕاستی ئەوەی پارێزەر بێت مەشمولە بە سندووقی نەقابەی پارێزەران، لەبەر ئەوە مادام هەر دەعاویەكی ببینێت ئەتعابی پارێزەران وەرگرێت لە هەر شتێك بێت، حەقە موساهەمەی هەبێت ئەویش بۆ سندووقەكە، چونكە ئێستا ئەو فیكرەی وەزارەتی دارایی نەما بۆ خۆیان دەبێت، داهات بۆ خۆیان پەیدا بكەن، داهاتەكەشیان ئەتعابەكەیانە، ئەوە لەبەر ئەوەی من برگەی یەكەم لە ئەسڵی یاسایەكە بەڕاستتر دەزانم كەوا مشوەرەی یاساییشی تێدا بێت، چونكە ئەویش بەشداری سندووقی دەبێت هەبێت، بۆ ئەوەی داهاتیان هەبێت.

دووەم: ئەو برگەی (ب) پێویست ناكات بەو تەعدیلە، چونكە ئەسڵییەكە هەموو شتێكی تێدایە بەرێكوپێكی، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وەڵامی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەوەی مامۆستا مەلا تاهیر عەرزی كرد، برگە چوارەكە هەر پێی ناوێ، چونكە ئەوە زیاد هاتووە لێرە، تەقریبەن هەر بە خۆی مەوجودە فعلەن (الهبات المختلفة بموافقة السلطات المختصة)، بە حەقیقەت لە پرۆژەكەدا هاتووە، خوا دەزانی چۆن هاتووە، مومكینە ئیلتیباسێك بووە، بەنیسبەت ئەوەی كاك حمە عەلی فەرمووی، ئێستا جەنابی كاك شێروان تەوزیحی كرد، خۆی ئێمە دوو جیهەتمان هەیە، جیهەتێك نەقابە جیهەتێك سندووقی نەقابە، تەبعەن نەقابەش پێویستی بە واریداتێك هەیە بۆ ئیشوكاری خۆی، سندووقیش مەسەلەكەی تەقاعودە، دەعاوی حكومی دەعاویەكانی سابیتە، نیهائیەن هیچ غەل و غەشی تێدا ناكرێت، چونكە دائیرەكە

موكەلەفە، ئەو نیسبە میئەویەی کە بڕیار دەدرێت لە کرێیەکەی دەبڕێت، یەکسەر تەحویلی سندووق دەکات بە کتابێکی رەسمی، ئیعتیادی دەچێتە وەزارەتی دارایی ، ئەوەی نەقابەی هی مشوەرەی یاسایی ئەو عەرزی کردین دوو جۆر مشوەرە هەیە، هەندێکیان هەیە پرسیان پێ دەکرێت بە نەقابەی، هەندێک هەیە مشوەرەکە لەنێوان وەزارەتەکە و ئەوەی مومکینە لە موکافەئە سەرف دەکرێت بۆ پارێزەرەکەی، پارێزەرەکە هەر موراجەعەتی نەقابە ناکات ئیشەکیان هەیە، بەس ئەوانەی سابیت لە کۆمپانیاکانن، تەنیا کاک شێروان ئیشارەتی بەوە دا کە ئەوانەی سابیتن، کۆمپانیاکە داوا لە نەقابە دەکات کە مشاوریکمان بدەنێ، شەخسێک ئەگەر پرسیان پێ دەکات، ئەوان تەعینیان دەکەن، کە تەعینیان بکەن بەشێک لەو ( ١٠ ٪ )یەی کە دێتن لە مشوەرەکە بێتە نەقابەی بۆ ئیدامەی ئیشوکاری خۆی، یەعنی هەر لێی وەردەگیرێ لە کابرای، بەس لەباتی بچێتە سندووق دێتە نەقابەی، دوو جیهەت هەیە نەقابە و سندووق، دوو جیهەتی جیاوازن هەردووکیان پێویستیان بە مادده هەیە ( ١٥ ٪ ) دەچێتە سندووق بەنیسبەت دەعاوی حکومی هیچ نایێ بۆ نەقابە، هی مەشوەرەکە دێتە نەقابە بۆ ئەوەی ئیشوکاری خۆی پێوە بەڕێوە ببات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەی دوو بیخوێننەوە بە تەعدیلاتەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

تعدل الفقرة (٣) من المادة (٥) من القانون وتقرأ كالاتي:

٣ ـ (١٥٪) من الاتعاب التي تدفع للمحامي عند توكيله في الدعاوى التي تنسبها له لجنة توزيع الدعاوى بموجب قانون المحاماة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دوو بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی دوو بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێ.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێ کەموکوڕی تێدایە، ئینجا بەڕاستیەکەی بخوێنمەوە یان بە کەموکوڕیەوە بخوێنمەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کەموکوڕیەکە بخوێنەوە و پێشنیاری خۆشتان بدەن.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ باشە.

المادة الثالثة:

تعدل الفقرة (١) من ثانيا من المادة السادسة من القانون وتقرأ كالاتي:

ثانيا:

١ ـ تستوفى بدلات الاشتراك عن كل سنة على الوجه الاتي:

أ ـ (١٥٠) ديناراً اذا لم تمض على تسجيل المحامي ثلاث سنوات.

ب ـ (٢٠٠) ديناراً اذا مضى على تسجيل المحامي ثلاث سنوات الى خمس سنوات.

ج ـ (٢٥٠) ديناراً اذا مضى على تسجيله اكثر من خمس سنوات الى عشر سنوات.

د ـ (٣٠٠) ديناراً اذا مضى على تسجيله اكثر من عشر سنوات الى خمس عشرة سنة.

ه ـ (٣٥٠) دينارا اذا مضى على تسجيله اكثر من خمس عشرة سنة الى عشرين سنة.

و ـ (٤٠٠) دينارا اذا مضى على تسجيله اكثر من عشرين سنة فما فوق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو لیژنەی یاسا تەئیدی ماددەکەمان کردووە تەبیعی ئەو رسوماتانەی کە دامان ناوە زیادەی رسوماتە بە نیسبەتی (١٠٠٪) هەتا (٣٠٠٪) و ئەوە ئیرتجالی نەهاتووە لە کۆنگرەی یەکەمی پارێزەران گفتوگۆ کراوە پاشەوی هاتۆتە دەستەی سندوق لەوێندەرێ لیژانی تایبەت پێکهێنراوە و لە هەمان کاتدا پرسمان بە پسپۆڕان کردووە پێمان باش بوو ئەم نیسبەتانە کە دیاری کراون دابنێین، بەنیسبەت برگە یەکەوە ئێمە وای بە باش دەزانین کە پارێزەرەکە لە برگە یەک بڵێت (تعدل فقرة أولاً من البند ثانياً) ئەوجا بێتە ئیشتراکاتەکە: (أـ تستوفى بدلات الاشتراك من المحامي) هەندە پارێزەر دووبارە نەبێتەوە لە برگەکانی تر، هەروەها حەز دەکەم ئەوەش روون بکەمەوە هەندێک بە ئەسڵ ئیشتراکات بە یاسا هاتبوو پێشتر، پاشان تەخویلی دەستەی سندوق کرا کە خۆی ئیشتراکات دابنێ دوایی کە ئێمە قانونی تەقاعودمان دەرهێنا لە پەرلەمانی کوردستان تەخویلی دەستەی سندوقمان کرد کە بە نیزامیک ئەو ئیشتراکاتە دیاری بکرێت بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە وا بە باش دەزانین کە ئەوە لە سولبی یاسایەکە دابێت وەکو مەبدەئێکی دەستوری چونکە ئیمکان نییە رسوم فەرز بکرێن تەنها بە قانون نەبێت بۆیە ئێمە ویستمان ئەو رسوماتە بەقانون دایبەزێنین بەم تەعدیلە، لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی لیژنەی دارایی؟ فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی شەشەم بڕگە ئەلف هاتووە (علی الهیئة إصدار نظام تحدد بموجبه بدلات الإشتراك وفق الأنظمة المالية وقيامها) وادیارە دائیمەن بەدەلاتی ئیشتراک و رسوم بە قانون بێتن وادیارە دەستەی سندوقیش نە هاتووە نیزامێک دروست دەربێختن، لەبەر ئەوە ئەو پارەی ئێستا هاتووە و داناوە نەکو پارە هاتۆتە مەزاعەف چوکە ئەساسەن دەسەڵاتی دەستەی سندوق دیارە نەشیا پاشی وی راڤیتن، ئەم پارەیەی هەیە زۆر زۆر کەمن چونکە حسابمان کردووە (١٥٠) دینار یان (٢٠٠) دینار ئەو پارانە زۆر زۆر کەمن بۆ ساڵانە پارێزەر دەفع بکاتن لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی و ئابوری هەڵسا بە حسابێکی بەسیت، پارێزەر ساڵی خزمەتی هەبێت چەندی هەبێتن تەنها ناخۆش ببیتن بۆ پازدە ساڵ چەند دەفع دەکاتن بۆ پازدە ساڵ سەیرمان کرد ئەم مەبلەغانە زۆر کەمە لە ماوەی پازدە ساڵ پارێزەر (٣٦٠٠) دینار دەداتە سندوق مانگانە خۆی (٩٠٠) دینار وەربگرێتن تەقاعود ساڵانە (١٠٨٠٠) دیناری وەربگرێتن، لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی سەیری کرد هەرنەبێت ئەوەی پارێزەر دەیدات لە پازدە ساڵ بە سندوقی تەقاعودی خۆی هەرنەبێت بکاتە راتبی شەش مانگی وەختی تەقاعود دەبێت لەبەر ئەوە هەر یەکێکمان (١٠٠) دینارمان زیاد کرد ئەو مەبالیغانە کە لە پازدە ساڵ پارێزەر بتوانێ تەنها (٥١٠٠) دینار بداتە سندوق مانگانە (٩٠٠) دیناری وەربگرێتن و ساڵانەش (١٠٨٠٠) دینار وەربگرێت بۆ ئەوەی بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ (٩٨٥٠) تەنها پارێزەر دەفع بکاتن بۆ سندوق مانگانە چەندی وەردەگرێتن (١٥٠٠) مانای ئەو پارەی پاش تەعدیلاتی لیژنەی دارایی بداتن پارێزەر (٢٥) ساڵ تاکو تەقاعود دەبێتن تەنها موچەی تەقاعودی هی شەش مانگە، مانگانە (١٥٠٠) دینار وەردەگرێت ساڵانە (١٨٠٠٠)دیناری وەردەگرێت تەقاعود بۆ دە ساڵ (١٨٠٠٠٠) دیناری وەردەگرێت بۆ بیست ساڵ تەقاعود (٣٦٠٠٠٠) دینار وەردەگرێت مەبالغی زۆر زۆرە بۆ زانیاریش تەنها (٩٨٥٠) دینار دەداتە سندوقی تەقاعود، پاش ئەو تەعدیلاتەی کە لیژنەی دارایی کردویەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکم هەیە تەنها هەر ئەوەندە ئەدات پارێزەر یان ئیستقتاعی تریش هەیە؟

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سندوقی تەقاعودی تەنها ئەونده ئەدات جگه له دەعاوی (١٠٪ یان ١٥٪) تەنها بۆ دەعاوییه ئەویش سالێ یەکی بەبەر ناکەوێت چونکه وەزارەت به کەیفی خۆی موحامی دەگرێت ئەوهای لێ ناگەرێت، تەوزیعی دەعاوی تەنها زۆربەیان ئەوانەن که موجرێکه یان قاتلێکه خزمەکانی موحامی بۆ ناگرن ناچار مەحکەمه بۆی دەگرێت به (٥٠٠)دینار (١٥٪) دەکاته (٧٥) دینار، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەرێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆیه عەرزمان کردن ئینسان هەندێ له پسپۆری خۆی تەخەصوص بکات چونکه وا تێدەگەم کاک جەمیل تێکەڵی کرد، نازانی جیاوازی نێوان ئینتداب و لێژنەی تەوزیع دەعاوی ئەوانەی که خەڵک دەکوژن و شت دەکرێت ئەوه له مەحکەمەی جینائی پارێزەر ئینتداب دەکرێت، ئینتداب دەکرێت ئەسڵەن ئینتدابەکه کرێیەکی زۆر کەمه لەوانەیه (٥٠)دیناری دەدەنێ مانای (٣٠)دیناره ماندوبونی پارێزەر زۆر پارێزەر ئەوەی ناکەن ئەو موحامیه لاتولوتەکان ئەوەی دەکەن ئەوانەی که ئینتداب دەکرێن، لێژنەی دابەش کردنی دەعاوی قەزایەی مەدەنییه قەزایەی حقوقییه خەڵک ئیقامەی دەعوا لەسەر دائیرەیەک دەکات دەڵێ ئەو دائیرەیه ئەوەنده پارەم قەرزاره یان ئەوەنده حەقەی خواردوومه یان مقاوەلەم تەنفیز کردووه پارەکەی نەداومێ، ئەگەر قیمەتی ئەو پارەیەی داواکراو له (١٠٠٠٠) دینار زیاتر بێت ئەوه دەبێ دائیره بۆ لێژنەی تەوزیعی دەعاوی بنوسێ پارێزەرێکی بۆ تەوکیل بکەن دەنێرن و هەڵدەبژێرن پارێزەرەکه لەوێ جەنابی وەزیر وەکالەتی بۆ دەکات لەباتی وەزیر دەچێت لەوێ ئامادە دەبێت له دەعوایەکه، ئەتعابەکەشی ئەو وەختی بەنیسبه (٥٠٠٠)ی یەکەم ئەوەندەیه (١٠٠٠٠)ی یەکەم ئەوەندەیه (٣٠٠٠)ی یەکەم ئەوەندەیه به تەسەلسول دەروات هەتا دەگاته ئەو حەدەی تەقریبەن نزیکەی (٧٥٪) دەکات لەوێ دیاری نییه ئی دەعاوی خوطەطه بەتایبەتی هی میزانییه مەفروزه له (١٥٠٠)دینار زیاتر نەبێت کرێیەکه، بەڵام هی خوطەطەکه دیاری کراو نییه، ئەگەر بگاته (٦٠٠٠٠)دیناریش گرینگ نییه لەبەر ئەوه با تێکەڵ نەبێت، دوای ئەوەی بەرێزتان فەرمووتان پارێزەر که شتێک دەدات تەنها بۆ سندوقه بەدەلاتی ئیشتراکی ساڵانەشی هەیه بۆ نەقابه پەیوەندی به سندوقەوه نییه ئیشتراکی ساڵانه پاره دەدات، چونکه ئەگەر ئەو ئیشتراکه نەدات ئینتما نەکات و هەویەکەی نوێ نەکاتەوه ناتوانێ له دەعاوی حازر بێت لەبەر ئەوه ئەوەی دانراوه ئەو مەسائیله دوایه ئێمه بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن له دوو سێ لایان گفتوگۆ کراوه، لایەک دەڵێن ئەو گفتوگۆیه دەکرێ دەڵێ ئەو پارانه با رەبت نەبێت به وەزارەتی دارایی با وەزارەتی دارایی تەکلیف نەکات لایەکیش دەڵێن ئەو پارەیه

کەمە زۆرە، سندوقەکە خۆیان پارە دەدەن و خۆیان ئەو نیسبەتەیان دیاری کردووە و خۆیان ئەرکەکە تەحەمول دەکەن بۆیە بەرای من بەم شێوەیە لێی گەڕێن کە بزانن چۆن خۆیان ئیفزال کردووە بۆ خۆیان بڕوا باشترە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز کاکەرەش فەرمووی ئیشتراکی نەقابە ئەوە مومارەسەی میهەنییە پەیوەندی بە تەقاعودەوە نییە پەیوەندی بە سندوقی تەقاعودیش نییە، بۆ سندوقی تەقاعود تەنها ئەمە ئەداتن ئەوەش بۆی حساب دەکرێتن ئەگەر ئەمە نەداتن موحاسەبە دەکرێتن یان تەقاعودیەکەی رادەوەستێتن یان رەسمی نەقابەشی لێی وەرناگرن تا ئەمە دەفع بکاتن، هەر وەزارەتێکیش بۆ خۆی چ پارێزەرێک باشە ئەوی دەگرێتن نایەتە تەوزیعی دەعاوی چونکە ئەتوانن لە مەبلەغەکەی کەمتر بنێرن راستە مەبلەغ بە چەندی بێتن ئەتۆ با (٩٠٠٠)ی بنێرێتن پاش ئەوە گەر زیاتری وەرگرت ئەوەش ئیستقتاعی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک جەمیل، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تەعقیبێکی بچوکم هەیە، یەک پارێزەر دوو جۆرە رسومات دەدات رسوماتی ئیشتراک لە نەقابە ئەوە لە بۆ نەقابەیە ١٠٠ جار ئەوەمان تیکرار کردۆتەوە رسوماتی دووەمیش ئەوەی سندوقی تەقاعودە، هی سندوقی تەقاعود ئەوە تەعدیل کرا ئەوە لەبەر دەمتانە هی نەقابەی پارێزەرانیش وا بەرێوەیە دیسان زیادمان کردووە تەعزیزەن لەبۆ مەرکەزی دارایی نەقابە، بەنیسبەت تەوزیعی دەعاوی حکومی هەر دائیرەیەک موخەوەل نییە سەربەخۆ پارێزەر هەڵبژێری بۆ ئەوەی بچێت لە دەعوایەکەی ئامادە بێت لیژنەیەکی تایبەتی هەیە نوێنەری وەزارەتی دارایی تێدایە هەروەها نوێنەری ئەو دائیرەی تێدایە کە دەعوایەکەی هەیە و نوێنەری نەقابەی پارێزەرانیشی تێدایە هەرسێ کۆدەبنەوە پارێزەرێک هەڵدەبژێرن بە گوێرەی دەعوایەکەی، مانای شتێکی کەیفی نییە هەر کەسە لەراستە خۆی دەچێت پارێزەر دەگرێت واو واو وا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کامیان زیاتر تەقدیر دەکرێت وەکو وارد بۆ سنوقەکە؟ ئەگەر بتوانین بپرسین.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەوازونێک دانراوە بەراستی ئێمە دراسەتمان کردوەو، تەوازونێکیشمان داناوە بۆ ئەم بابەتە تەقریبەن هەردووکیان لەیەک مستەوانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس هەر ویستم ئەوەندە بزانم، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موساهەمەیەکی تر هەیە پارێزەر پێی هەڵدەستێتن بەنیسبەت ئەو واریداتەی کە بۆ حکومەت دەڕواتن ئەویش کە خازیعە بۆ زەریبەی دەخل هەر دەعوایەک کە دەبینی لە زەریبەی دەخل ئاسانکاری دەکەن و حسابی بۆ دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی وا چاکە بەڕێزان هەموو لایەنی شتەکە بزانن، بەڕێز حاکم نەمر فەرموو.

**بەڕێز نمر کچو هسام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گرفتێکم لەلای کاک جەمیل پەیدا بووە، بەنیسبەت دەعاوی حکومی پارێزگاکان لێژنەیەکی مەرکەزی هەیە. نەقابەی پارێزەرانی وەزارەتی دارایی و لایەنی حکومی پەیوەندی دار، مانای ئەو لێژنەیە دەست نیشانی پارێزەر دەکات و دەعوای حکومی بەتایبەتی نەک دەعوای تر، بەراستی ئەو نیسبانەی کە هاتوون و حکومەتیش پێشکەشی کردووە ئێستا ئەساسەن تەرک کرابا بۆ (هیئة الصندوق تستقطع للضروف المالية والاقتصادية) بۆ لەوانەیە پتریش ڕۆژێک بێت تەرخان بکەن (٢٠٠) ببێتە (٣٠٠) (٤٠٠) کەمتر زیاتر بەلام وا داناوە وا دیارە لە خزمەتی وانەو لە سوودی وانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز حاکم نەمر، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە کەس نییە بەڕێز کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خورد کردنەوەی ئەو ئیشتیراکە بۆ ئەم هەموو بڕگانە من دەبینم زۆرە بکرێتە سێ بەش با بڵێین بەشی یەکەم بۆ سێ ساڵی تا پارێزەرەکە خیبرە پەیدا دەکات ئەوە مەعقولە چونکە لەوانەیە دەعاوی و شتی زۆر نادرێتێ ئەگەر (١٥٠)دیناریش ئیشتیراک بێت، پاشان لە سێ ساڵی تا پازدە ساڵی هەتا ماوەی تەقاعودیەکەی دێت پازدە ساڵ بۆ سەرەوە مانای بکرێتە سێ بڕگە خوردکردنەوە بۆ ئەو هەموو بڕگانە هەتا واو من دەبینم زۆرە ئەم ئیشتیراکانە بەو نەوعەی مانای ئەو کاتە شتەکەش زەبت دەبێت هەتا سێ ساڵی ماوەی یەکەم مەعقولە تا خیبرە و شتی پەیدا دەکات لە نێوان سێ ساڵی تا پێنج ساڵی چ شتێکی وا زیاد ناکات بەم دوو ساڵەی چونکە فێرە ئیش بووە فێرە شت بووە جا من ئیقتراح دەکەم هەتا سێ ساڵ (١٥٠) بێت دوایی لەبۆ پازدە ساڵی با (٢٥٠) بێت پاش پازدە ساڵ بەرەو ژور با (٤٠٠) دینار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محمد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها لەسەر ئەوەی کە (تعدل) هەیە (تلغى) باشتر نییە چونکە بڕگەیە خۆی دارو بەردی هەر نەماوە ئەوەی کە بڕگەیەکی بچوکە ئەو هەموو بڕگەیەی لەسەر دارێژراوە (تلغى) لەوانەیە باشتر بێت لە (تعدل)، بەنیسبەت بڕگەی ئەلف و باوە ئەوەی دەڵێ (إذا لم تمض) لە هەر دووکیانا (إذا مضى) بێ رەواتر نییە؟ چونکە کاتەکان دیاری کراون جا لە باو لە جیم (٢٠٠) (مائتا دینار) بۆ نمونە لە با لە جیم (٢٥٠) مائتان وخمسون ديناراً، لە (ج - د - هـ - و) وشەی (اكثر من) لە هەموویان زیاد نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامی بدەنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی کە کاک د.ئیدریس فەرمووی تەبعەن مەسەلەی سێ ساڵ ئیعتباتەن دانەنراوە. دەسەڵاتی پارێزەر دابەش کراوە بۆ سێ بڕگە (ا - ب - ج) هەتا سێ ساڵەکەی کە نەبێتە بڕگەی جیم دەسەڵاتی نابێت لە هەموو دەعوایەک ئامادە بێت، بە ئەلف و با یەعنی دەعاوی بدائی باوەڕیکەن پێشان لە (٥٠٠) دینار زیاتر بوایە نەی دەتوانێ ئامادە بێت دەبوایە پارێزەرێکی تری لەگەڵ بوایە پاشی بڕگەی جیم دەسەڵاتی موتڵەق دەبێت دەتوانێ لە هەموو دەعاویەکان ئامادە بێت بۆیە لێرە کەم دانراوە بۆ ماوەی ئەم سێ ساڵە چونکە ناتوانی لە هەموو دەعوایەک ئامادە بێت، پاشی ئەم سالانەی تر عەناوینی تر وەردەگرێت دەبتە مومارس دەبتە موستەشار سەبر سەبر

بە گوێرەی ئەو تەسەلسول و ئەو عەناوینانەی وەری دەگرێت پارەکەی بۆ زیاد کراوە پەیوەندی بە ساڵەکان هەیە وا تەسەور بکەم حەفت ساڵە پێویستە کەمتر نەبێت ئەوجا دەبێتە موستەشار، شەش ساڵ کەمتر نەبێت ئەوجا دەبێتە موستەشار، مومارس لەوانەیە پاش چوار ساڵ، پێنج ساڵ ئەوجا دەبێتە مومارس، بزانە پاش سێ ساڵ چونکە موتلەق بوو دەبێتە مومارس هەتا شەشی ئەوجا دەبێتە موستەشار، بۆیە لەسەر ئەم ئەساسە پارەکە دانراوە و پارەکانیش زۆر بە نیسبەتێکی باش هاتووە. ئەوەی کە مامۆستا فەرمووی نازانم وەڵڵا لایەنی زمانەوانییە ئەوە موبتدایە (مائتان)ە یان (میئتین)ە ئەو باشتر دەزانێ زمانەوانییەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا مەلا محمد تاهیر.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا تەبعەن ئەوە (مئتا دینار)ە ئەوە (مئتان و خمسون دینار)ە بەڵام لێرە مەبەستم لەسەر ئەوەی دەڵێ (مئتان و خمسون ديناراً اذا مضى على تسجيله أكثر من خمس سنوات ) (إذا مضى على تسجيله خمس سنوات الى عشر سنوات) (أكثر من) پێم وایە لە هەموویان زیادە، لە دال دەڵێ (إذا مضى على تسجيله أكثر من عشر سنوات)(إذا مضى على تسجيله عشر سنوات الى خمس عشرة سنة) مانای (أكثر من) لە هەموو بڕگەکان زیادە پێم وایە چونکە دیاری کردنی ماوەکان بە (اكثر من) دەرناکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زیادەیە، (مئتانِ و خمسین) وە (مائتان وخمسون) ئەوە هێن ناکرێت هەر هەمان شت دەنوسرێ؟

بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز سرکیس اغا جان مامندۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها ڕونکردنەوەیەکم هەبوو تەبیعی ئێمە ساڵ بە ساڵ دەرچوی کۆلێژ و بەکەلۆریوسەکان تەبیعی کە دەردەچن عادەتەن ئێستا ساڵ بەساڵ تەبەقەی گەنج دێت ئەم تەبەقە گەنجە ئیشتراکات دەدات ئێ شروتی تەقاعودیش هەیە کە پارێزەرێک بە چ مەرجێک تەقاعود دەکرێت ئەگەر ئێمە حساب بکەین ئەو (١٥٠) و (٢٠٠) و (٢٥٠) دینارەی مانای ماوەی زۆر درێژ بەردەوام دەبێت ئەوە بۆ خۆی ئەو گرفتە حەل دەکات بۆ ئەو پارێزەرانەی کە ئێستا تەمەنیان نزیکی تەقاعود بووە ئەوە تەنها لە لایەنی دارایی ویستم شەرح بکەم مانای پارێزەرێکی گەنج پازدە ساڵ ماوە هەتا بگاتە تەمەنی تەقاعود ئەو هەموو ئیشتیراکاتە کۆدەبێتەوە ئێستاش گەنجەکانی ئێمە خەریکن زۆر دەبن سوپاس بۆ خوا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز حاکم نەمر فەرموو.

**بەڕێز نمر کچو هسام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە سیغەی لیژنە تەدوینی قانونی بۆ ئەم ماددەیە بەم جۆرە بێت ئەگەر جەنابت ئەمر بکەی بیخوێنمەوە.

المادة الثالثة:

تلغى الفقرة (١) من ثانياً من المادة السادسة من القانون ويحل محلها مايأتي:

ا ـ (١٥٠) مائة وخمسون ديناراً إذا لم تمضِ على تسجيله ثلاث سنوات.

ب ـ (٢٠٠) مائتا دينار إذا مضى على تسجيله ثلاث سنوات.

ج ـ (٢٥٠) مائتان وخمسون ديناراً إذا مضى على تسجيله خمس سنوات.

د ـ (٣٠٠) ثلاث مائة دينار إذا مضى على تسجيله عشر سنوات.

هـ ـ (٣٥٠) ثلاث مائة وخمسون ديناراً إذا مضى على تسجيله خمسَ عشرة سنة.

و ـ (٤٠٠) اربعمائة ديناراً إذا مضى على تسجيله عشرون سنة.

مانای سیغەکە بەم شێوەیە بێت لایەنی زمانەوانی و قانونی وابزانم تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هی تەدوینی قانونییە؟

**بەڕێز نمر کچو هسام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی بۆچی بۆمان نەهاتووە، چونکە ئەوە ڕێک ترە لە سیغەی یەکەم خۆی هەردووکی سیغەی حکومەتە بەڵام ئەوەیان ڕێک ترە لە لایەنی زمانەوانیەوە ڕێک ترە ئەگەر زەحمەت نەبێت بیدە کاکەرەش ئەم سیغەیە، بەڕێز کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاکەرەش فەرمووی گوتی پارێزەر سێ قۆناغی هەیە لێرانە ئیشتیراکات کراوەتە شەش

قۆناغ من ویستم عەمەلیەکە ئاسان بکەمەوە ئەگەر ئیشتیراکات بە دەرەجات بوایە کە تەرفیعی دەکرد کە چوە دەرەجەکی موعیەن تا دەگاتە موستەشار با لە ویوە ئیشتیراکاتیان دیاری کردبایە لەو دەرەجەیەی ئەوەندەیە ئیشتیراکی لەو دەرەجەیەش ئەوەندەیە بە دەرەجات بوایە نەک بە ژمارەی سالان، چونکە لێرە تەختیە دەبێت لەوانەیە پارێزەر هەیە گەیشتوتە ئەو دەرەجەی چونکە ئەوەندە سەڵە کەمتر دەدات پارێزەرێکی تر لە هەمان دەرەجەی ئەوە ژمارەی ساڵەکانی زیاترە زیاتر دەدات دەرەجەکانیشیان یەکە جا لەبەر ئەوە من ئەو پێشنیارەم کرد کەوا ببێتە سێ، ئەوها عەدالەتی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە ئیشتیراکاتەکانمان داناوە لەسەر ئەساسی دەرەجەمان دانەناوە پارێزەر موتەمەرینە دوایی دەبێتە مومارس دوایی دەبتە موستەشار لەسەر ئەو ئەساسە دانەنراوە بەتەواوی ئەو مەبدەئەی برای بەڕێزم کاک سەرکیس وەزیری دارایی لەسەر ئەو مەبدەئە دامان ناوە هەتا پارێزەر گەنجە رسوماتی کەم دەدات چەند بەرەو پیری بڕوات رسوماتەکەی زیاد دەبێت لەسەر ئەم ئەساسە دانراوە، لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چونکە تا خزمەتی زیاتر بێت نزیک تر دەبێتەوە لە تەقاعود، هەمان شتە بەڵام سیاغەکەی ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەیە کە لێرە کرا بەراستی، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز کاک ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەقی ماددەی سێیەمە:

المادة الثالثة:

تلغى الفقرة (١) من ثانياً من المادة السادسة من القانون ويحل محلها مايأتي:

ثانياً: يستوفى بدل الاشتراك السنوي من المحامي حسب مدة التسجيل على الوجه الاتي:

ا - (١٥٠) مائة وخمسون ديناراً إذا لم تمض على تسجيله ثلاث سنوات.

ب - (٢٠٠) مائتا دينار إذا مضى على تسجيله ثلاث سنوات.

ج - (٢٥٠) مائتا وخمسون ديناراً إذا مضى على تسجيله خمس سنوات.

د - (٣٠٠) ثلاث مائة ديناراً إذا مضى على تسجيله عشر سنوات.

هـ - (٣٥٠) ثلاث مائة وخمسون ديناراً إذا مضى على تسجيله خمس عشرة سنة.

و ـ (٤٠٠) اربعمائة دينار إذا مضى على تسجيله عشرون سنة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا (اربع مائه)یە یان (اربع میئه)یە بۆ نوسین وەكو یەک دەخوێندرێتەوە بەڵام خوێندنەوە ئەوها دەخوێندرێتەوە، فەرموو هیچ تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر لەو ماددەی شەش جگە لەو تەعدیلاتانەی كە ئێستا عەرزم كردن ئەو تەعدیلانە پێویستە ئەو تەعدیلە بكرێت:(تعدیل البند ثالثا) بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن هەدەفیش لەو تەعدیلە ئەوەیە پارێزەر دێت بەدەلی ئیشتیراک دەداو بەدەلی سندوقیش دەدات مەبەستمان ئەوەیە یەک جار موراجەعەی نەقابە بكات بۆ سندوق و شتی وا بەراستی مەسەلەكە مەسەلەیەكی هونەریە هیچ پەیوەندی بە هیچ شتێكی ترەوە نییە : (تعدیل البند ثالثاً من نفس المادة السادسة من القانون وإعادة صیاغتها علی وجه الاتي:

يدفع المحامي بدلات إشتراك الصندوق للسنة الماضية دفعةً واحدة خلال شهر كانون الثاني من كل سنة وفي حالة التخلف عن مدة الاستحقاق تضاف نسبة (٥٠٪) من بدل الإشتراك السنوي).

بەنیسبەت بەندی حەفتەم (على الدوائر الرسمية وشبه الرسمية أن تستقطع النسب المقررة قانونياً من بدل أتعاب المحامي أو المشورة القانونية) ئەو مەشوەرە قانونیە لابچێت (وتحويلها الى الصندوق مباشرةً).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە چۆن بوو چیتان لێ كرد؟

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر وەكو خۆبەتی بەندی سێیەكە ئەوهایە ئەسڵی قانونەكە ئەوهایە :(يدفع المحامي بدلات الإشتراك دفعةً واحدة قبل نهاية الشهر الأخير من كل سنة وفي حالة التخلف عن مدة الاستحقاق تضاف اليها نسبة (٥٠٪) من بدل الإشتراك السنوي)

لەو حالەتەی پارێزەر دەبێت لە (٣١ / ١٢)ی ئەم ساڵ بچێت ئەگەر نەچێت بە تەخەلوف حساب دەكرێت لە كانونی دووەم بەپێی قانونی نەقابەی پارێزەران دەبێ بچێتن هەویەكەی نوێ كاتەوە جا توشی ئەو تەخەلوفە دەبێت سندوقی تەقاعودیش بەردەوام هی ساڵی پارە ساڵ دەڕوات ئەوجا دەڵێ لە كانونی دووەم هی ساڵی رابردوو بدات كە دێتن بۆ بەدەل ئیشتیراک هی سندوقیش لە هەمان كاتدا دەدات لە كانونی دووەمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مانای مانگیکتان فەرق پێ کردووە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لەوەیە بەراستی رسوماتی سندوق و رسوماتی تەقاعود بەیەک مانگ بدرێت بۆ ئەوەی پارێزەر دوو جار سەردان نەکات و غەرامەشی نەیەتە سەری، رسوماتی سندوق عادەتەن هەر وەکو برای بەڕێزم کاکەرەش ئیشارەتی پێدا مانگی ١٢ وەردەگیرێت بەلاّم هی چ سالێکە هی ئەو سالّەیە کەتێیدانە لە مانگی یەکەوە تاکو ١٢/٣١ پاش ١٢/٣١ موراجەعەت بکات (٥٠٪)ی دێتە سەر رسوماتی نەقابە لە ١/١ دەست پێ دەکات بۆ ئەوەی هەر دووکیان لە هەمان کاتدا بێت تاکو پارێزەر دووجار سەردان نەکات برایانی دهۆکمان دوو جار دێنەوە بۆ نمونە بۆ ئەوەی تەلافی ئەم مەوزوع بکرێت کردمانە کانونی دووەم هەردووکیان،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەرک نییە لەسەر پارێزەر لە مانگێکا مەبلەغێکی گەورەتر بدات بە جارێک؟

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مانگێ جارێکە بە نیسبەت هەر یەکێکیان ئەوجا چ مانگێک بدات گرفت نییە سالێ یەک جارە، خۆی دوو ئیستفادە دەکات یەک غەرامەکەی نادات دوو یەک سەفەری دەکات دوو سەفەری ناکات ئەوەیە مەوزوعەکە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم دوو خالّە؟ جا ئەگەر نییە هەمووی بخوێنەوە جارێکی تر بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

تلغى الفقرة (١) من ثانياً من المادة السادسة من القانون ويحل محلها مايأتي:

ثانياً: يستوفى بدل الإشتراك السنوى من المحامي حسب مدة التسجيل على الوجه الاتي:

ا ـ (١٥٠) مائة وخمسون ديناراً إذا لم تمض على تسجيله ثلاث سنوات.

ب ـ (٢٠٠) مائتا ديناراً إذا مضى على تسجيله ثلاث سنوات.

ج ـ (٢٥٠) مائتان وخمسون ديناراً إذا مضى على تسجيله خمس سنوات.

د - (٣٠٠) ثلاث مائة دينار إذا مضى على تسجيله عشر سنوات.
هـ - (٣٥٠) ثلاث مائة وخمسون ديناراً إذا مضى على تسجيله خمس عشرة سنة.
و - (٤٠٠) اربعمائة دينار إذا مضى على تسجيله عشرون سنة.
تەعدیلی بەندی سێیەمیش بەم شێوەیەیە:
يدفع المحامي بدلات إشتراك الصندوق للسنة الماضية دفعةً واحدة خلال شهر كانون الثاني

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان سەری سەرەوە تعدل فقرە یەک دەبێ بڵێین یەکەم ئینجا ئێستا بڵێین دووەم تعدل فقرە ئەوها.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

يعدل البند ثالثاً من المادة السادسة ويقرأ كالاتي:
يدفع المحامي بدلات إشتراك صندوق للسنة الماضية دفعةً واحدة خلال شهر كانون الثاني في كل سنة وفي حالة التخلف عن مدة الاستحقاق تضاف نسبة (٥٠٪) من بدل الإشتراك السنوي.
ثالثاً: يعدل البند ثالثاً من نفس المادة وتعاد صياغتها كالاتي:
على الدوائر الرسمية والاشخاص المعنوية أن تستقطع النسب المقررة قانوناً من بدل أتعاب المحامي وتحويلها الى الصندوق مباشرةً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مانای ئێستا ماددەی سێ سێ برگەیە (١ - ٢ - ٣) بۆ ئەوەی رون بێت. تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێ کە بەم شێوەی خوارەوە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەوە ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، چوار ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکەن، بەڵام پێویستە ئەو ئەندامانەی نایکەن پێش ئەوەی کە پەسەندی ناکەن رەئی خۆیان بڵێن، نا جەنابت رەئی خۆت گوتووە هەروەها د.ئیدریسیش رەئی خۆی گوتووە رونە بەڵام هەندێ کەس رەئی خۆی نەگوتووە و پەسەندیشی ناکات، بەگشتی دەنگ ماددەی سێیەم وەرگیرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:
تعدل المادة (١٢) من القانون و يضاف مايلي الى أخرها ((والمنتمين الى النقابة عام ١٩٩٣)).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای ئێمە ئەم ماددەیە هەر لە ئەسڵی تەعدیلەکە نەبێت، چونکە ئەسڵی ماددەکە بۆ خۆی زۆر باش هاتووە ئەگەر لوطف بفەرموون ماددەکەی هەر وەکو خۆی بخوێنینەوە

(إذا كان بين المدة التي يستحق المحامي التقاعد عنها بموجب المادة (١)مدة مضمومة الى مدة ممارسة المحاماة بمقتضى أحكام هذا القانون فلا يحق للمحامي طلب الإحالة على التقاعد إلا بعد مضي مدة لا تقل عن خمس سنوات مستمرة من تأريخ صدور قرار الضم وذلك بإستثناء حالات العجز).

وادیارە مومکینە ڕۆیشتبێ داوایان کردبێ کۆمەڵێ کەس کە ئەو کەسانەی کەساڵی(١٩٩٣)ش ئینتیمایان کردوە ئەوانیش عەفوو بکرێن لەماوەی (٥) ساڵ مادەم موددەی زەمیان هەیە جا بەڕای ئێمە تەنها عەجز کافی بێت ئەگەر یەکێک عاجزە ئەگینا بۆ با موحامی وەکو یەک یەکسان بن عەجز بەتەنها کافیە لەبەر ئەوە بە ڕای ئێمە ئەو ماددەیە ئەسڵەن هەر لە پڕۆژەکەدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس لیژنەی دارای بابفەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا هاتووە کو ئەڤ ماددا مادده (٥)نەیەتە تەعدیل کرن(تحذف هذه المادة من المشروع ولاحاجة لتعديلها)چونکە وادیارە هەندێک مەسائلی شەخسی بۆ چی نە(١٩٩١ نە١٩٩٢نە١٩٩٣)ئەسڵی ماددەکە حاڵەتی عەجز تەنها ئیستثنای کردووەو زۆر زۆر ڕێک و پێکەو مادەی ئەسڵی و ئەڤ تەعدیلە نەکرێتن سوپاس بۆ یەزدان کو ئەم جارە ڕای لیژنەی دارایی و ئابووریی ولیژنەی یاسا بە یەک بۆچوونن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەست بەرز بکەنەوە. ئەگەر کەس تێبینی نییە ماددەکە دەخەینە دەنگ دانەوە یان پێشنیارەکە دەخەینە دەنگ دانەوە.ماددەی(٥) کەئێستا بووە بە(٤) پێویست ناکات تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەو پێشنیارە پەسەند دەکەن دەست بەرز بکەنەوە ،زۆر سوپاس . ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەست بەرز بکەنەوە،بەگشتی دەنگ ماددەی

(٥)پەسەندکراو، ئێستا(٦)ی کۆن دەبێتە چوارەم.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصح حـــیـــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

المادة الرابعة ـ تعديل المبلغ الوارد في المادة (١٥)من القانون و جعل المبلغ(٧)سبعة دنانير بدلاًمن(٥) خمسة دنانير.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ڕەئی لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جـــــمـــــیل عــــبــــدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئەگـەر بێـینە سـەر ئەسڵی پرۆژەکـە کـاتێ هاتۆتە پێـشکەش کـردن بۆ پەرلەمـان ساڵی١٩٩٩ئەساسیەکەی (١)دینار بوو مانگانە لیژنەی یاسا ئەو کاتە یەکسەر لە(١)دینارەوە کردی بە(٥)دینار، ئەگەر ئێمە بێین سەیری قانونی تەقاعدی محامی بکەین لە عێراق خۆ وەختی بەندی (١٠)بوو لە قـانونی مـحامـات پاش تەشکیل کـردنی دائیـمـەن مـوازی بـووە بۆ قـانونی تەقاعدی خدمەی مەدەنی کە حەدی ئەعلای خدمەی مەدەنی چۆنە خەریجی جامیعەی؟ نەقابەی مـەحـامـینیش تەقـاعـودەکـەی نەفـسی حـاڵەتە و، ئەگـەر سـەیری قـانونیش بکـەین لەئەسـاسـدا (٤٣٠)ی فلسە کە ئێستاش ئەگەر (٤٣٠)ی فلسەکە حیساب بکەین عەینەن تەقاعودەکە دەکاتە(٢٤٠)دینار وەکو خدمەی مەدەنی کە ئێستا لەهەرێمی کوردستان پەیڕەو کراوە لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی نابینێت کە(٥)دینارەکە ببێتە(٧)دینار چونکە ئەگەر وامان لێ کرد حەددی ئەدنا کە لەوەختی ئێستا خدمەی شەهری بە(٥)دینار حساب بکرێ حەدی ئەدنا هی تەقاعودی محامی ئێـسـتـا (٩٠٠)دینارە حەددی ئەعـلاش (١٥٠٠)دینارە کـە حـیـسـابمان کـرد قـبـوڵـمـان کـرد ببێتە(٧)دینار مەعنای حەدی ئەدنا هی تەقاعودی محامی حەددی ئەدنا کە مەسەلەن یەک ڕۆژی کـردوەو مـردووە بەس ئیـشـتـراکی داوەو مـانگی یەکـەم مـردووە دەعـمی سـەیارە بووە یانیش (١٥)ساڵ خزمەتی کردووە دەکاتن(١٢٨٠)دینار ئەمەش مەبلەغێکی زۆرە و، مەعقولیش نییە کە حەددی ئەدنا لە ڕاتبی تەقاعدی مـحامی کـە(١٢٨٠)دینار بێت چ مـانگێکی کـردبێت و مردبێت یان (١٥)ساڵی تەواوی کردبێ و مردبێت یان توشی مشکیلەیەک بووبێ لە بەر ئەوە ئێمە وەکو لیژنەی دارایی دەڵێین دەبێت تەوازنێک هەبێت سەیری قەوانینی مالی بکەن ئەم تەعدیلە نەکرێتن وەکو خۆی بمێنێتن حەدی ئەدنا هی محامی(٩٠٠)دینار بێتن حەددی ئەعلایش (١٥٠٠)دینار بێتن. سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەلحمد ولله ئەم جارەش مانعمان نییە با (٥)دینار بێت لەباتی (٧)دینارەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک بورهان با بفەرمووێت.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری دەکەم لە پرۆژەکە کە هاتووە (٧)دینار چونکە لە ساڵێکدا لەوانەیە ئەگەر یەک محامی یان دووان داوای ئیحالە بکەن بۆ تەقاعود چونکە (الحمد لله) دەعاویان هەیەو لەتەقاعودیەکە زیاتر دەسکەوتیان دەبێت و، ئەگەر داوا بکەن من خۆم لە سندوقی تەقاعودیم یان یەکێک یان دووان ئەگەر داوای تەقاعودی بکات لە ساڵێکدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک یونادم، فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(إذا حضر الماء بطل التيمم )بەڕێز وەزیری دارایی ڕەئی خۆی دا من نابێت قسە بکەم بەڵام بەس ڕەقەم ئەمەوێت بیدەمە بەڕێزان، لە دونیای دەرەوە ئەو ئیستقتاعاتانە وا حیسب دەکرێت کە فیعلەن حکومەت زۆر خەسارەت نەکات یەعنی ئەو تەراکومی ئەو ئیشتراکاتە کە لێیان ببڕێتەوە ببێتە شتێک کە ڕۆژێک پێیان بداتەوە لێرەدا دەبێت (٤٠٠)مانگ ئیشتراکات بدات (٥)دیناری هەتا یەک ڕاتب بۆی دەربچێت (٤٠٠)مانگ (٥)دیناری ئینجا ئەکاتە(٢٠٠٠)دینار کە داوایان کردوە ئینجا ئەوە بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی قسەی کرد و تەواو بوو منیش لەگەڵ ئەوانم بەڵام ئەبێت ئەمەش لەبەر چاو بێت کە حکومەت لەو ئیستقتاعانە ڕەواتبی تەقاعودی دەرئەکاتەوە (٤٠٠)مانگ یەعنی (٣٣)ساڵ خزمەت ئیستقتاعات ئەو کات یەک ڕاتب بۆی دەرئەچێت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەئیدەن بۆ قسەکەی جەنابت عادەتەن زیاتریش لەوە ئەدەن حیسابی ئەو ڕیسی کۆیە بکەن کە کاک جەمیل باسی کرد سەیارەیەک لێی دا پێش وەخت وەفاتی کرد لەبەر ئەوە زیاتر ئەبێت ئیستقتاعات و ئیشتراکات بۆ ئەوەی حیسابی ئەوشتە هەمووی بکەن وەسندوقەکە زەرەر نەکات. یەعنی سندوقەکە عەجز بهێنێت. زائیدەن خاڵێکی تریش هەیە حیساب ئەکەین ئێمە حیسابێکی

بەسیت ئەکەین ئەڵێین (٤٠٠)مانگ ئیشتراکات ئەکاتە مەعاشی یەک ڕاتب بەس وانییە (٤٠٠)مانگ ئیستقتاعات زائیدەن فەوائیدی ئیستقتاعات ئەبێت ئەوەش حیساب بکرێت . بۆئەوەی صورەتەکە موتەکامیل بێت تێبینی تر هەیە تکایە فەرموو بەڕێز کاک ئیدریس .

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە حیسابی تەقاعودی دەکرێت بۆ فەرمانبەر دەوڵەت موعادەلەیەک بەکار دەهێنێ (عدد سنوات الخدمة) کە بە أشهر زەربی مەعاشەکەی دەکەیت تەقسیمی شتێکی دەکەیت ڕەقەمێک دەردێت)لێرە دەبینیت هەرشتێکی بەسیتیان داناوە مانگانە ئەوەندە دوایی تەقاعودیەکە عدد سنوات یەعنی ئیتیباعی ئەو موعادەلەیان نەکردووە یەعنی لێرە بە دوو میزان تەقاعودی حیساب دەکرێت بۆ نموونە ئەگەر بێت و حیسابی تەقاعودی مامۆستایەک بکەیت کە (٢٠)ساڵ خزمەتی هەبێت لەوەزارەتی پەروەردە کە مامۆستای سەرەتایی بیت بۆ بیست ساڵەکە(١٣٠)دینار تا(١٤٠)دینار زیاترت بۆ دەرناچێت لێرەدا ئەگەر (٢٠)ساڵ بۆ پارێزەرێکی حیساب بکەیت بەو موعادەلەیە کە دوو موعادەلەی جیاوازە (١٦٤٠)دیناری بۆ دەردەچێت یەعنی (١٥٠٠)دینار جیاوازی هەیە من ناڵێم (١٥٠٠)دینار بۆ ژیانی ئەمڕۆ زۆرە من مەبەستم ئەوە نییە بەڵام ئایا چینەکەی تر کە(٢٠)ساڵ مامۆستاییەکەی بە(١٣٠)دینار تەقاعودی دەتوانێت بژی لێرەدا من تێناگەم بۆ بەدوو موعادەلە حیسابی تەقاعودی بکرێت من پرسیارەکەم ئەوەندەیە دەمەوێت (توضیح)ێک بدەن لیژنەی یاسایی بۆ چی بەم شێوەیە پچڕپچڕیان داناوە بۆم تەوزیح بکەن لەبەر چی ئینتیباهی ئەو موعادەلەیان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو خاڵەی کە موناقەشەی ئەکەین مەبلەغی(٧)دینارە ئایا بکرێت بە(٧)دینار یان (٥)کە بمێنێتەوە ئێمە موناقەشەی خاڵێک بکەین ئەمانەوێت تەسویتی لەسەر بکەین (٧)دینار زیاد بکرێت یان وەکو خۆی بمێنێتەوە (٥)دینار، پرۆژەی حکومەت ئەڵێت(٧)دینار ئەبینێ پرۆژەکە لەنەقابەخۆیەوە هاتووە لەسندوقەکە بەتەئکیدی خۆیەوە هاتووەو چوەتەلای حکومەت و، ئەو (٧)دینارەش بۆیە وتوویەتی (٧)دینار چونکە تەقاعودیەکە زیادە بۆیە رسومەکەی زیاد کردووە ئاوا بەبەلاش زیادی نەکردووە ئینجا تکام وایە موناقەشە ئەگەر ئەکرێت(٧)ەکە زەرورییە یان (٧)ەکە زەروری نییە لەسەر ئەوە بدوێن بۆ ئەوەی بتوانین تەسویتێکی لەسەر بدەین کاک شێروان حیدری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەزەکەم تەوزیحێک بدەم بەنیسبەت ئەو (٥)دینارەو ئەو(٧)دینارە ئەو (٥)دینارە بۆ

مانگانەیە یەعنی عددی خدمەی چەند بێت مەسەلەن ساڵێک حیساب بکە مانگی (٥)دینار دەکات (٦٠)دینار زەربی (١٥)ساڵ پارێزەرێک (١٥)ساڵ خزمەتی هەبێت ئینجا (٩٠٠)دینار وەردەگرێت یەعنی مانگانە(٥)دینار حیساب کرایە (١٢)مانگ دەکاتە(٦٠)دینار زەربی (١٥)ساڵ دەکاتە (٩٠٠)دینار ئەوە لەئەسڵی یاساکەیە بەس ئەوە لێرە مومکینە هەمووی توضیح نەکراوە تەنها عیلاقەمان بە مەبلەغەکەوە هەیە بکرێت یان نەکرێت هەر وەکو جەنابت ئیشارەتت پێ دا دووەمینیش ئێمە داوا دەکەین ئیلحاق بکرێت دەڵێن نابێت ئیلحاق بکرێت دەڵێن بۆ خۆمان رسوماتی خۆمان بدەین تەقاعودی بۆ خۆمان زیاد دەکەین دەڵێن نابێت زیاد بکرێت یەعنی نازانین بەڕاستی چی بکەین ئێمە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێت بزانن چی دەکەن حەز دەکەم شەرحی بکەن لێرە دەتوانن باسی بکەن.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەرحەکە ئەوەیە ئێمە دەزانین وەزعەکە چۆنە و زروفەکە چۆنە لەگەڵ بۆچوونی بەڕێز وەزیری دارایی (٥)دینارەکە با وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە (٥)وەکو خۆی بمێنێتەوە، تکا لەوئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن وئەو ماددەیەش ئیلغابکرێت با دەست بەرزبکەنەوە، سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت با دەست بەرزبکەنەوە ئەو ماددەیەش هەر ئیلغا کرایەوە ئەم ماددەیەی (٤)هەر هەمووی تا کۆتایی هەر ئیلغا کرایەوە، ماددەی (٤)جارێکی تر بیخوێننەوە کەجاران مادده (٧)بوو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

يعدل المبلغ الوارد في المادة (١٦)من القانون و يصبح (٢٠٠٠)الفي دينار بدلاً من (١٥٠٠)ألف و خمسمائة دينار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکە ڕەش نەقشبەندی بابفەرمووێ.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــمــد نقــشــبندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لەبەر ئەوەی نەسی ماددەکە وەکو خۆی (٥)دینارەکە ماوە ئەوەش بەحەدی ئەعلاکەی هەر وەکو پێشان (١٥٠٠)دینار بێت زیاتر نەبێت لە(١٥٠٠)دینار، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەو ماددەیەش لەغو بکرێت پەسەندی دەکەن ئەو ماددەیەش لەغو بکرێت دەست بەرز کەنەوە، سوپاس . ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەست بەرز کەنەوە بەگشتی دەنگ ئەو ماددەیەش لەغو کرا ئێستا ماددەی (٨)ەم بوو بە(٤)ەم جارێکی تر ماددەی (٤).

**بەڕێـز شــــیـــــروان نـاصـح حــــیـــــدری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة الرابعة:

تعدل المادة (٢١)من القانون و يحل محلها مايلي:

إستثناء من أحكام المواد السابقة تمنح الهيئة:

١ـ عوائل المحامين الذين إستشهدوا من جراء الحركة التحررية الكوردية راتباً تقاعدياً لايقل عن (٥٠٠)خمسمائة ديناراً شهرياً.

٢ـ عوائل المحامين المتوفين بعد تاريخ ٢٣/١٠/١٩٩١(سحب السلطة للدوائر المركزية)و لغاية صدور قانون صندوق تقاعد المحامين رقم (١٨)لسنة(١٩٩٩)راتباً تقاعدياً لايقل عن (٢٥٠))مائتين و خمسون ديناراً شهرياً.

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــمــد نقــشــبندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تەعزیزەن بۆ مەرکەزی ئەو برادەرانەی کە لە ڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شەهید بوون پێشان (٢٥٠)دینار بوو ڕەئی ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی وەکو لە پرۆژەکە هاتووە تەئیدی پرۆژەکە دەکەین کە(٥٠٠)دینار بێت ئەو پارێزەرانەی تر ئەوانەی کە وەفاتیان کردووە پێش دەرچونی یاسای تەقاعود، لە شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی نین و، بە وەختی تەبیعی بووە ئەوانیش خێزانەکانیان لە(٢٥٠)دینار حقوقی تەقاعودیان بۆ سەرف بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی بفەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی دارایی ئەڤەیە .

الفقرة (١) تعديل المبلغ الى (٩٠٠)دينار شهرياً ويقرأ كالاتي:(عوائل المحامين الذين إستشهدوا من جراء الحركة التحررية الكوردية راتباً تقاعدياً لايقل عن (٩٠٠)ديناراً شهرياً.

مەعقول نییە برایەکی پارێزەر شەهید بێت لە بەر بزوتنەوەی کوردی خوێنی ڕێژابێت، بەخوێنی ئەو شەهیدانە ئەم پەرلەمانە و ئەم حکومەتە هاتۆتە کایەوە. حەقی شەهید ئێمە کەم تر بدەین، بەپێی ئەم یاسایە یاسایی سندوقی تەقاعودی پارێزەران کە لە پەرلەمان دەرچووە ئێستاش تەعدیلاتی لەسەر هاتووە هیچ ڕاتبێکی تەقاعودی کەم تر لە(٩٠٠)دینار نییە یەکێک بەس بەدەلی ئیشتراکەکەی دابێت لە سەیارە دەعمی کردبێ یان توشی جەڵتە بوو بێت بەس یەک جار بەشداری کردووە لە(٩٠٠)دینار تەقاعودی کەم تر نییە لەبەر ئەوە مەعقول نییە ڕاتبی شەهید کەم تر بێت لەڕاتبی برادەرێکی تر خۆی مردووە یان بۆ (١٥)ساڵ خزمەتی کردووە و توشی ناخۆشی بوو (عجز) لەماڵ دانیشتووە لەوانەیە دووکانێکیش بۆ خۆی بکاتەوە ڕاتبی ئەو زیاتر بێت لەڕاتبی شەهید. لەکاتی خۆیدا کاتێ کە یاساکە دانرا دیسان لەم پەرلەمانە موعارز هەبوو بۆ ئەوەی هی شەهید کەم تر دابنێین بەڵام ئەو کاتەش برادەرانی لیژنەی یاسا مەسەلەن (٧)پارێزەر یان(٩)پارێزەر تەئسیر لەسەر دانیشتنەکە ئەکەن لەبەر ئەوە ئێمە لیژنەی دارایی و ئابوری ئەڵێین لە(٩٠٠)دینار کەم تر نەبێت زیاتر ئەبێت چونکە خزمەتی زیاترە بەڵام لە(٩٠٠)دینار کەم تر نەبێت مانگانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی شتەکە بەئاراستەی مەوزوعیەت بێت لەمەوزوعیەت دەرنەچێت شەهیدی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی یان کوردستانی بەپێی یاسای، شەهیدان یارمەتی وتەقاعودی خۆی هەیە ئەمە یەک،(٢)ئەمەی کە لێرە بەپێی سندوقی پارێزەران دەبڕێتەوە بۆ خێزانی شەهیدان تەقدیرە بۆ ئەوان شتێکی ئیزافیە ئەمە دوو،(٣)ئەو پارێزەرانەی کە شەهید بوون ڕاستە کە حەقی ئەوەیان هەیە کە تەقدیر بکرێن بەس بۆ سندوقی پارێزەران هیچیان دەفع نەکردووە ئێمە لەو خەتا بێینینەوە بۆ مەوزوعیەت دەمێنینەوە لەوە لابچین تەبیعی شەهید هەموو کەس حەزەکات شەهید ئەوەی مومکینە بۆی بکرێت،هێشتاکە بیخەینە دەنگ دانەوە بزانین پارە لەبەر دەستی پەرلەمانایە مومکینە هەر یەکێک بڵێت (١٠٠٠)دینار یەکێک بڵێت(٢٠٠٠)دینار یەکێک بڵێت(١٠٠٠٠)دینار بەس ئەوە لەگەڵ واقیعدا لەحەقیقەتدا لەگەڵ یاساشدا تاحەددێک

مومکینه نەگونجێت مەوزوعیش ئەوە نییە چەند پارێزەرێک لێرەن ئێمە تکامان وایە کە لەمەو دوا لەپەرلەمانا کەموناقەشەیەک دەکرێت قسە تەوجیهی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێت (٢)هەم محاوەلە بکرێت موراعاتی یەکتری بکرێت یان ئەبێت هەموو شتێک لەیەکتری قبوڵ بکرێت یان ئەبێت وەکو ئەورپییەک بیربکەنەوەو تەسەروف بکەن هەرچییەکیان پێ وتن قبوڵی بکەن ئێوەش قسەی خۆتان بکەن لە زمنی یاسادا تەحەمولی بکەن یان ئەبێت موراعاتی ئەوە بکەن کە هەریەکە موراعاتی تەرەفەکەی تر بکات و هەر لیژنەیە موراعاتی لیژنەکەی تر بکات وهەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان موراعاتی ئەندامەبەرێزەکەی تری پەرلەمان بکات تکام وایە مولاحەزەی ئەوە بکەن لە داهاتوودا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز کاک شیروان حیدری فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم ئەو تەوزیحە بدەم کە تا ئێستا یەک موعامەلەمان نییە لەو بابەتە و، کەسیش موراجەعەی ئێمەی نەکردووە بۆ ئەوەی حقوقی تەقاعودی لەسەر ئەو فەقەرەیە بدەینێ، ئێمە پێمان باش بوو کە(٢٥٠)دینار بوو پێشتر و، ئێستا بیکەینە (٥٠٠) کە مەبلەغێکی مەعقولە دوایی ئێمە ئەلێین(لایقل)کە دەلێین (لایقل)هەیئەی سندوق بە بریارێک ئەتوانێک هەتا(٢٠٠٠)دیناریش بدات (١٥٠٠)دینار بەپێی وەزع بەلام ئێمە خۆمان نەبەستۆتەوە، ئێستا بلێین (٩٠٠)دینار دەبێت بە مولزەمی(٩٠٠)دینارەکە بدەن و وەزعی مالی ئێمەش هەر ئەوەندە تەحەمول دەکات کە لەو حدودەی ئیشارەتمان پێ کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەرێزانەی تێبینیان هەیە کاک إبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سەعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی یەک بە(ماضی) هاتووە ئەلێت(إستشهدوا)هیچ مێژوویەکی بۆ دانانرێت هەتا مێژوویەکی (إستشهدوا)بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی ئەلێت(الذین إستشهدوا)هەتا چ مێژوویەک ئیعتبار دەکرێت چونکە هەمووی رابردووە بەتەسەوری من عەلاقەی بە(٢٣)ی مانگی دەوە دەبێت یان رۆژێکی ترە بەردەوامەیان مێژوویەکی لەسەرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە تایبەتە بەوانەی کە پارەیان نەداوە بە سندوقی پارێزەران تەقدیرە بۆ شەهید بوونیان لە

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ئیزافەتەن بۆ هەندێ شتی تر کە مومکینە بۆیان ببڕێتەوە ئەگەر هەبێت، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەس من ئەڵێم بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی بێت شمولی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان فەقەرەی (٢) خێزانی پارێزەران ئەوانەی مردوون دوای (٢٣/١٠)تا(١٩٩٩)بەڕەئی من ئەوانەش هەر ماون لەگەڵ ئێمە وەکو هەڵوێست و مەوقیف ناکرێت ئەو فەرقە گەورەیە هەبێت هەرچەند ئەگەر ئیشتراکاتی سندوقیشی نەدابێت زۆر کەمە (٢٥٠)بەڕەئی من (٦)بەرامبەر فەرقی ڕاتبی ئەو لەگەڵ یەکێکی تر ئلتیحاقی لە سندوق یەعنی ئیشتراکاتی ڕۆژێک ئەگەر بەرزبکرێت کەمێک ، باوەڕ ناکەم شەریحەی پارێزەران ئەوەندە زۆر بن کەببنە بارێک یان قورساییەکی زۆر لەسەر سندوق و لەسەر نەقابە ئەگەر بکرێت بە(٥٠٠)دینار پێم وایە باشترە حەددی ئەدنایەکەی ئەوانەی کە شەهیدی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستانین ئەگەر لە شۆڕشی ئەیلول بن لەوانەیە ئەمڕۆ کەس نەمابێت یان یەک نەفەر یان دوو مابێن هەموولە (١٨)ساڵ بەرەو سەریان نەماوە لە خێزانی خۆی ئەمە ئەگەر زیاد بکرێت چونکە ئەمە لەوانەیە تازە مردبێت لەوانەیە زیاتر تەبەعاتی خێزانی هەبێت کەمێک زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عادەتەن سندوق پارەی بۆ ئەو کەسانەیە کە پارەیان داوە بەسندوق، سندوق پارەکەیان بۆ کۆ دەکاتەوە دوایی بۆ یان دەکات بە تەقاعودی ئەگەر پارە نەدەیت بەسندوق عەمەلییەن حەقی هیچت نییە خۆ ئەمە هەیئەیەکی خەیری نییە تۆ ئیشەکەیت پارەی گیرفانی خۆت پارەی ئەو پارێزەرانەیە کۆی ئەکاتەوە بۆ ئەو پارێزەرانەی کە پارەیان داوە نەک بۆ ئەو پارێزەرانەی کە پارەیان نەداوە بەڵام ئەگەر هی دەوڵەت بێت جیاوازە چونکە ئەبێت دەوڵەت موراعاتی ئەوخەڵکانە بکات ئەگەر حکومەت ئیمکانیاتی هەبێت زەبتی هەموو ئەوشتانەی کردبێ حەقە حکومەت ئەوە بدات بەڵام ئەگەر هی سندوقێک بێت یان نەقابەیەک ناتوانێت لەخۆی وەربگرێت و بیدات بەکەسێکی تر واتە لەتۆی وەرەگرێت بیدات بەکەسێکی تر بەڕێز کاک د. ڕزگار.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی شەهید ئەو كەسە شەریفەیە كە خۆی قوربان كری كەزاڕۆكەكەی ئەمانەتە لەسەر ئێمە تەنها تێبینی من ئەوەیە كە سوپاسی برادەران بكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من تەسەور ناكەم هیچ ئەندامێكی پەرلەمان زیاتر دیفاع لەشەهید بكات لە ئەندامێكی تر تەسەورەكەم هەموو ئەندامەكان بە قەدەر یەك دیفاع لە شەهید دەكەن.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من حەز دەكەم ئیشارەت بەوە بدەم كە ژمارەی ئەو پارێزەرانە(١٧)كەسن هەتاوەكو ئێستا لە(١٧)زیادتر نین، لەسەر یاسایی كەون تەقاعود بووینە ڕەواتبەكانیان بەینی(٨٠)دینارە هەتا(١٢٠)دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاكە ڕەش هەمووی بخوێنەرەوە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة ـ تعدل المادة (٢١)من القانون و يحل محلها مايلي:

إستثناءً من أحكام المواد السابقة تمنح الهيئة:

١ـ عوائل المحامين الذين إستشهدوا من جراء الحركة التحررية الكوردية راتباًتقاعدياً لايقل عن(٥٠٠)خمسمائة دينار شهرياً.

٢ـ عوائل المحامين المتوفين بعد تاريخ ٢٣/١٠/١٩٩١(سحب السلطة للدوائر المركزية)و لغاية صدور قانون صندوق تقاعد المحامين رقم(١٨)لسنة١٩٩٩ راتباً تقاعدياً لايقل عن (٢٥٠)مائتين و خمسين ديناراً شهرياً.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

بەڕێز كاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی عبد العزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چونكە شۆڕشەكانی كورد پێش ئێستا بوون هەر بەو ناوەوە ناوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی بوو.ڕاست بووە، ڕاستە خەڵكی ئێرە كوردیشی تیا بووە بەڵام بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستانی نەبووە خەڵكی كوردستانیشی تیا بووە غەیرە كورد وئەمە

لەماوەی پێشوودایە بۆ ئێمە نییە ئەو ناوە بگۆڕین، لەبەر ئەوە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ئەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێموایە وەکو چۆن لەمادده کەدا هاتووە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی چونکە شامل بوو کاتی خۆی هەرکەسێ بەشداری کردبێ جا غەیرە کوردیش بەشداری کردبێت مانای وایە بەشداری کردووە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بۆیە ئەوەیان بەو شێوەیە هاتووە ئەگەر وابمێنێتەوە هیچ ئیشکالێکی تێدا نابێت وە هیچ ئیشکالێک دروست ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک عبدالخالق.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی لەگشت ئەدەبیاتماندا هەیە ئینجاش ئەگەر بگرین یەعنی ئەوساتێک لە قەومیاتی تریش بەعەرەبیشەوە بەشداری کردووە و، شۆڕشی بەس کورد نییە شۆڕشی کوردستانە شتەکە با کەمێک شمولی بێت، هەردەم ئینسان لەمەسائیلی نەقابی لەمەسائیلی تەقاعودی با شمولی تر بێت لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام کە موستەڵەحی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانییە ئێمە لەگشت موستەڵەحاتماندا بەکاری دێنین ئەوە مانای ئەوە نییە یەعنی شتەکە بگۆڕین ئەمە نەقابەی مامۆستایان نییە تا ناوەکەی بگۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەقابەی مامۆستایان ناوی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستانە)فەرموو کاک جەلال خۆشناو.

**بەڕێز جەلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شۆڕشی کورد، کورد قیادەی کردووە، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، کورد قیادەی کردووە، غەیری کورد قیادەی نەکردووە و، هەر بەناوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش بووە، هەر بەناوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ناسراوەو، ئەو یاسایەش کە دەردەچێت و تەعدیلە هەر بۆ شەهیدانی ڕزگاریخوازی کوردیە هی پێش ڕاپەڕین ئێستا موحتەمەلە کەوەزع گۆڕابێت و ناو بگۆڕێت ئەوە جائیزە بەس پێشتر هەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بووەو هەر بە بزوتنەوەی

ڕزگاریخوازی کوردی ناسراوەو هەر کوردیش قیادەی ئەو شۆڕشەی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافەتەن بۆ قسەکانی برای بەڕێزم کاک جەلال خۆشناو، دائیمەن میللەت، گەل شۆرش هەڵدەگیرسێنێ، لەبەر ئەوەش ناوی حەرەکەی تەحرورییە، چونکە گەل دروستی دەکات، راستە بۆ رزگار کردنی ئەو خاکەیە، بەڵام کێ پێی هەڵدەستێت؟ گەل، دائیمەن دەڵێن شۆرشی فلان گەلی، حەرەکەی تەحروری کوردیش، کورد خۆی دروستی کردووە، میللەتی کورد پێی راڤیە و سەرۆکایەتی کردووە، راستە برا دژداریەتی کرن، بەڵام برای عەرەب وەختێ بەشداری کری یێ بەخۆ رەڤی مەسەلەن ژ نیزامێ مەسەلەن ژ نیزامە یێ رەڤی نەش بەربا بۆ رزگار کرنا کوردستانێ هاتە، زروفەکی وەلێ کرن مەجبور بی بەغدایی بێتن، ئان عیمارەو ناسریە بێتن بەشداری بکەت، ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بداتن هەردوو قانونێ مە نیقابەت موحامین و سندوق تەقاعوود موحامین، هەردوو ناوی هاتیە، حەرەکەت تەحروریەی کوردیە، ژ بەر هەندێ چاک دبینم وەکی خۆی کە چاوە هاتە، چاش ئەنجومەنی وەزیران ژی هاتیە، هەر بەناڤێ بەشداری کرنا(الحركة التحررية الكوردية)و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک رجب شعبان، بەڵام ئەگەر رەئیەکی تر هەبێت نەک هەر هەمان رەئی برادەرانی پێش خۆت بیڵێیتەوە، فەرموو کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەتەسەوری من ئەم گەلێ خۆ نەکەینە ئەسیرێت شیعاراتا ئەو شتانە، فەرقا کوردو کوردستانێ چیە؟ مادام کوردستان هەر شملی کوردا ژی دەکەتن، کوردستانیش هەر خاکی مەیە و خەلکێ ناڤ کوردستانێ تێدا دژیتن هەر خەلکێ مەیە، بێژم چ فەرقەکا یەعنی نەیەخینە ناڤ بەینا کوردستانیا کوردا، هیچ فەرقەکی تێدا نییە، ئەم گەلەک وەکی هێندە ئەقوامی دی ترا دیشوڤینی، یەعنی ئەم کو هەندەک دیشوڤینیەتا ئەویا کوردا حیساب کەین زێدەدە تریش ژ خەلکێکی دی دەڵێم هەمی برای یەکین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرکیس اغا جان مامەندۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من برادەران پێویستە هەموو جارێ ئەوەیان لەبەر چاو بێت، لەو کاتەی کە پارتی دیموکراتی کورد بویتە پارتی دیموکراتی کوردستان، یەعنی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد بووەتە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێی تر دەیەوێ لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات، فەرموو مامۆستا شێخ موحسن.

**بەڕێز محسن خالد مصطفی مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها ئەوەندە ئیزافە دەکەم، هەر کاتێکی کە ناوی کوردستان ئەبرێت، ئێمە هیچ کاتێک بە خەیاڵماندا نە هاتووە لەم پەرلەمانە باسی ئەوە نەکراوە بگۆڕێ بە کورد، هەر کاتێ باس کراوە، بەلاّم ئەگەر باسی کوردیش کرا کەرەتێک بووە و موستەلەحێکی تایبەتی کە بەم شێوەی دەقی گرتبێت، حەق نییە وابزانرێت، کە باسی کورد کرا، کوردستانی تیا نییە، با وای لێنەیەت وا بیر نەکەینەوە کە باسی کورد کرا لە ناو پەرلەماندا وەک شتێکی ترسناکە نابێ باسی بکرێت، هەموو جارێ باسی کوردستان کراوە دەکرێت، بەلاّم با وای لێنەیەت کە وشەی کوردیش نابێت باس بکرێت، یەعنی شتێکی زۆر ئاساییە، لەگەڵ حەرەکەی وەتەنیەتی کوردیدا کە بووە خزمەتی هەمووکوردستانی کردووە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەکو ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان قسە بکەم، پارتی دیموکراتی کوردستان رۆژێک لە رۆژان فەرقی نەکردووە لەبەینی کورد و کوردستاندا، کوردستان وڵاتی کوردە و، ناوی کوردستانی بە پیرۆز تر زانیوە، بۆیە لە کوردەوە کردیویەتی بە کوردستان، دیموکراتی تریشی زانیوە و شامیل تریشی زانیوە، با وامان لێنەیەت لە پەرلەمانی کوردستان، کە کوردستان بووترێت بە مانایەکی لێک بدەینەوە و، وتیان کوردیش بە واتایەکی تری لێک بدەینەوە، بەرەئی من ئەمە خۆ چەواشە کردنە، کە کورد دێت لە شوێنی خۆیدا تەبیعی کورد دێت، کە کوردستانیش دێت لە شوێنی خۆیدا تەبیعی کوردستان دێت، من پێشنیار دەکەم، چونکە کاک جەلال قسەیەکی راستی کرد، رابەری بزوتنەوەی ئازدیخوازی کورد قانونی ژمارە دوو بەم شێوەیە هاتووە، ئەو حەرەکەتە ناوی رەسمی بەو شێوەیەیە، بەلاّم کوردستان شامل ترە، کوردستان تەمسیلی هەموو گەلانی کوردستان دەکات و، بزوتنەوەش ئەگەر بزوتنەوەی کوردستان بێت هیچ کەمایەتیەکی تێدا نییە، بە پێچەوانەوە گەورە تر و فراوانترە، من وەکو ئەندامێکی پارتی لێرە قسە دەکەم، دەمەوێت ئەم قسانە تۆمار نەکرێت وەکو سەرۆکی ئەنجومەن ، پارتی کە ناوی خۆی گۆڕی لە بەلاش ناوی خۆی

نەگۆڕی و، ئەوی ناویشی گۆڕی جەنابی بارزانی نەمر بوو، کە پارتی ئەم پارتە دەبێت جێگا بکاتەوە بۆ هەموو ئەو گەلانەی لە کوردستاندا دەژین و، جەوهەری دیموکراتیەتی پارتی ئەوەیە و، جەوهەری دیموکراتیەتی بزوتنەوەی ئازدیخوازی کوردیش ئەوەیە، ئەو گیانە دیموکراتیەیی خۆی ئەوفراوانیەی خۆی لەدەست دا، یەعنی ئەبێت بە شتەکی موغەلەق ئەبێت بەشتێکی قەومی موتەتەریف، ئیمڕۆ هەر شتێکی قەومی موتەتەریف لە دنیا ئەگاتە چی؟ ببورن، شتەکەش بۆ پەرلەمان ئەمێنێتەوە کە چۆن دەنگی لەسەر دەدات؟ بەڵام وەکو گوتم ئەو راو بۆچوونەی کاک جەلال خۆشناو لەناحیەی یاساییەوە ناوی رەسمی بە پێی ئەو یاسایانەی کە هەمانە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردییە، مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی، فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــمـــود فندی دیرشـــەوی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

خۆی ناڤێ ولات چییە؟ کوردستان، ولاتێ کوردانە، مانای ئەوە نییە حەقی کەسێکی دیکە نییە تێیدا بژی، چ بێت مێڤانی تێدا بژیت، چ بێت ولاتییێ دی تێدا بژی، ئەوێ تێدا بژی ژیت دیفاعێ وی ولاتێ سەر واجبە، مانای ئەوەیە چی نابێت دیفاعێ ژێ نەکرد، بەلکو فەرزە دیفاعی ژێ بکەیت، بەلام ولات، ولاتێ کوردستان، ژجهێ کوردانە، بۆچی کەلیمە کورد حەساسیەت دروست دەکات، وەللاهی نەحەقە، پاش وەکی برادەران ئیشارەتی کری، هەر شۆرشێن کوردی کەڤن بگرە ژ مهاباد و دەرسیم و دیار بەکرو پێڤە هەرە، هەمی بزاڤا ئازادی خوازا کوردا، بزاڤا ئازادی خوازا کورد دیفاعی ژ ولاتێ خۆ دکەن و، فەرە هەر کەسی تێدا رین خارجێن نە مەعنا وێت بێ بەشە ل خێر و خێراتا وی ولاتێ، چ جارەکی کوردا ئەو داخاز نەکریە، ئەو لە مێشکێ خۆ نەگیڕایە، ئەوێن نە کورد ژ کوردستانێ دەردێن، بەلام وختێ دێت سەرچاڤان ئەهلەن وەسەهلەن، بەلێ ولات ولاتێ کوردایە، لەگەل رێزمدا.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، پێشنیارەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

المادة الرابعة:

تعدل المادة(٢١) من القانون ويحل محلها ما يلي:

إستثناءاً من أحكام المواد السابقة تمنح الهيئة:

١ـ عوائل المحامين الذين استشهدوا من جراء الحركة التحررية الكردية راتباً لا يقل عن(٥٠٠) خمسمائة دينار شهرياً.

٢ـ عوائل المحامين المتوفين بعد خروج السلطة المركزية عن إدارة كوردستان

في٢٣/١٠/١٩٩١ لغاية صدور قانون صندوق تقاعد المحامين رقم(١٨) لسنة١٩٩٩ راتباً تقاعدياً لا يقل عن(٢٥٠) مائتين وخمسين دينارا شهرياً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوار پەسەند دەکەن، بەو شێوەیەی خوێنرایەوە دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز محمد سعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

تلغى المادة(٢٤) من القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە، شەرحێکی بکەن.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (٢٤) لەزیمنی ئەحکامی خیتامی بەم شێوەیە هاتووە، کەوا (يستمر العمل برسوم تسجيل وبدلات الإشتراك والغرامات كبدل التأمين الصحي ومنها من رسوم معول بها لحين إجراء مجلس النقابة)، تەبعەن ئێستا لە قانون رسوماتەکان تەحدید کراون لە نەقابەی پارێزەرانیش تەحدید کراوە لە قانون سندوقیش تەحدید کراوە، لەبەر ئەوە پێویست نەماوە هەتا بڵێین (تستمر) وەکو ئەوانەی پێشتر بەگوێرەی یاساکانی نیقابەی موحامینی بەغدا بوو، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئەو ماددەیە هەبێت لە یاساکە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە،تێبینی نییە، ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدان، بیخوێنەوە جارێکی تر تکایە.

**بەڕێز محمد سعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

تلغى المادة(٢٤) من القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پێنج پەسەند دەکەن دەستیان بەرز

کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کەپەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس،ماددەی پێنج بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەش تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

لوزرة المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە ئەگەر یەکێک بۆ نمونە شەهیدانە وەربگرێت لە دەزگای شەهیدی، یەعنی نەبێتە مانیعی ئەوەی کە لێ وەربگیرێت، هیچ تەتەروق لەوە نەکرایە، یەعنی ئەگەر ئەمە لە جێگای خۆی بمێنێتەوە تەعاروزێک دروست دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو ماددەیە (لا یلغی)ی تێدا نییە.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، ماددەی (٢٥) لێرە ئیلغا نەکرایە، جا ئەگەر تێیدا نەبێت باشترە، چونکە من مەبەستم ئەوەیە یەکێک لەوێ شەهیدانەی هەبێت و سبەی پێ بڵێین تۆ لێرە و لەوێش شەهیدانەت هەیە، ئەگەر وا بێت باشترە هیچ جۆرە گیروگرفتێکمان بۆ دروست ناکات، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لایەنە ئیجابیەکەی ئەوەیە کە ڕەبتی وزارەت نەبێت، وزارەت ناتوانێت دوو مووچەی تەقاعوودی بدات بە یەک کەس، بەڵام خۆی سندوقێکی سەربەخۆیە خۆی پارە کۆ ئەکاتەوە، دەیدات بە خانەنشین، ئەگەر لە شوێنێکی تر تەقاعوودی هەبێت، چونکە خزمەتی کردووە تەقاعوودی خۆی وەردەگرێت، هیچ تێبینی تر نییە لەسەر ماددەی شەش، تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حــــیـــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة السادسة:

لوزرة المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی شەش پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس،ماددەی شەش بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەوت تکایە.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حــــیـــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة السابعة:

على الوزارات المختصة تنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەوت پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس،ماددەی حەوت بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی هەشت تکایە.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حــــیـــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة الثامنة:

ينفذ هذا القانون إعتبارا من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی هەشت پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس،ماددەی هەشت بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا. تکایە ئەسباب موجیبە بخوێننەوە.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حــــیـــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

الاسباب الموجبة للتعديل الاول لقانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان العراق رقم(١٨) لسنة ١٩٩٩

حيث ان نصوص قانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان العراق رقم(١٨) لسنة١٩٩٩

والذي اعتبر نافذا إعتبارا من تأريخ نشره في جريدة(پرلمان) بالعدد(٥٧) في ١٩٩٩/١٢/٢١ قد جاء خالياً من بعض النصوص التي ظهرت خلال فترة تطبيقه وتنفيذه مما استوجب اعادة النظر فيها لاسيما عدم بقاء مبرر لبقاء بعض النصوص التي كانت تخص فتره انتقالية لصندوق تقاعد المحامين وبغية رفع المستوى المعاشي والاجتماعي والصحي وتحقيق الضمانات التقاعدية للمحامين حال حياتهم ولعوائلهم بعد وفاتهم وتكريما للمحامين الذين ضحوا بدمائهم و استشهادهم في سبيل الحركة التحررية الكوردية و لزيادة تعزيز صندوق تقاعد المحامين وتفعيل دوره والحاقه بوزارة المالية والاقتصاد للأقليم لتتولى هي مهمة تمويلها ولأجل ان تكون لوزارة العدل دور في تنظيم هيئة الصندوق باناطة مهمة رئاسة الهيئة الى حكام من الصنف الأول و ترشحهم وزارة العدل فقد اقتضى تشريع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەسباب موجەبە، کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک تێبینم لەسەر(لاسیما) هەیە، چونکە ئەو دەڵێت( خالياً من نصوص وكذلك عدم بقاء مبرر) چونکە هەندێ ماددەش ئیلغا کرانەوە، لەباتی وشەی (لاسيما) بیکەینە (كذلك)، چونکە یەکتر ناگریتەوە ئەو دوو وشەیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش دوو تێبینیمان هەیە، ئەگەر زەحمەت نەبێت، (نصوص) بکرێت بە (احكام)، دێری سێیەم و چوارەم (بعض أحكام)، دێری حەوتەمیش (الذين ضحوا بدمائهم واستشهدوا في سبيل الحركة التحررية الكوردية)، ئیلحاقەکەتان لابردووە، زۆر سوپاس، بەڕێزان هەموو یاساکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە هەموو یاساکە پەسەند ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، هەموو یاساکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم، لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنی ئەمڕۆمان، بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**